# یادی کاک عەلی کاشف پوور

سەری دانا بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ
تێر ئازادی ، ئاشتی و دیمۆکراسی..



***پێشەکیی وەرگێڕ***

خوێنەرانی هێژا ،

ڕێبوارانی ڕێگای شەهید عەلی کاشف پوور و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان ،

هاوڕێیان و هاوخەباتانی دێموکراتم

ئەوەی لە بەردەستتان دایە دڵۆپێک لە دەریایەک خەبات و بیرەوەریی هەمووی ئێمە هاونەسڵەکانی تێکۆشەرێکە، کە خەباتی کرد، ڕەنجی کێشا، نرخی دا و سەرەنجام گیانی بە ڕێی ڕزگاریی نەتەوەکەی بەخشی.

ئەگەر قەرار بێ لە سەر ژیان و خەبات و دوا چارەنووسی کاک عەلی کاشف پوور بنووسرێ، ئەوە کاری کەسانی پسپۆر ، خاوەن قەڵەم و لە هەمان کات دا پێویستیی بە هیندێك بەڵگە و دیکۆمێنت هەیە کە مەگەر لە ئارشیوی حیزب دا دەستکەوێ . ئەوەی هەیە بیرەوەری و ڕاوبۆچوونی ژمارەیەکی کەم لە هاوڕێیانی کاک عەلی و بنەماڵەکەیەتی کە لە توێی ئەم کتێبە بچووکە دا کۆکراوەتەوە وەک وەفایەک بۆ گەورەیی کەسایەتی و خەباتی کاک عەلی و بە زاراوەی کرمانجیی سەروو و بە پیتی لاتینی ئامادەکراوە.

مومکینە زمانی کوردی لەو دەگمەن زمانانەی جیهان بێ کە پێویستیی بە وەرگێران لە زاروایەک بۆ زاراوەیەکی تر هەیە. هەڵبەت ئەوەش قەدەرێکە و دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بۆ ئەم میللەتە غەدرلێکراوە دروستیان کردووە.

من نە وەرگێرم، نە لێی دەزانم، نە خوێندەواریی ئاستی ئەو مەیدانەم هەیە و نە ئەو ئیزنە بە خۆم دەدەم نووسراوی هیچ کەسێک وەرگێرمە سەر زمان، یان زاراوەیەک کە تا ئاستێک بە سەریدا زاڵم. ئەوەی کە هانی دام بەو خوێندوارییە هەژارەمەوە بکەومە بیری وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئەوەبوو کە: بیستبووم کتێبێک لە لایەن بنەماڵەی شەهید عەلی و چەند کەس لە هاوڕێ نیزیکەکانییەوە لە سەر ژیان و خەباتی ئەو نووسراوە ، بەڵام ئەو کتێبەم نەدیتبوو تا ئەوەی کە هاوینی ساڵی ۲۰۱۸ سەردانێکی وڵاتی هۆلەندمان کرد و چەند ڕۆژێک میوانی کاک کەریم کاشف پوور برای شەهید عەلی و فاتمە خانمی خێزانی شەهید عەلی و مناڵەکانیان بووین و کاک کەریم کتێبێکی بە دیاری پێدام. هەر لەوێ بڕیارم دا ئەگەر بتوانم وەریگێڕمە سەر زاراوەی کرمانجیی خواروو کە زۆرینەی حەشیمەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک دێنێ و تەنانەت

ئەدەبیاتی ئەحزابی سیاسیی ، زۆرینەی نووسەران ، ڕۆشنبیران و شاعیرانی ئەو بەشە لە کوردستانە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەرکات دەرفەتم بووبێ تەنانەت ئەگەر کاتم بۆ یەک ڕستەش هەبووایە کاتم بە فێرۆ نەداوە و ئەو یەک ڕستەیەم وەردەگێراوە تا بۆ ساڵڕۆژی شەهید کرانی کاک عەلی بیدەمە خزمەت بنەماڵەکەی.

ئەوە تەواو بووم و جارێ ٢ ڕۆژ ماوە بۆ ساڵرۆژی تێرۆری کاک عەلی.

دەمەوێ پێداگری لە سەر ئەوە بکەم کە:

دەستکاریی ناوەڕۆکی هیچ بەشێکم نەکردووە و بە ئەمانەتەوە وەک خۆی گۆڕیومە بە زاراوەی کرمانجیی خواروو. تەنانەت ئەگەر لە هیندێک شوێن نووسراوە و بیرەوەرییەکان بە پێی دۆخی ئەوکاتی حیزب نووسرابن و گێرابێتنەوە و بە دڵیشم نەبووبن(کە نەبوون) ئیزنم بە خۆم نەداوە بچووکترین دەستکاری بکەم.

من نەهاتووم وشە بە وشە (کە بەنەزەرم زۆر هەڵەیە لە وەرگێران دا) نووسراوەکە وەریگێڕمەوە، بەڵکوو ناوەڕۆکی پاراگراف ، یان ڕستەکانم بە بێ کەم و زیاد وەرگێراوەتەوە.

لە چەند جێگایەک کە هەڵەی ڕێکەوت و ناو و تەنانەت گێرانەوەکان و.... داهەبووە لە سەرئاگاداری و پێشنیاری هاوڕێی خاوەن نەزەر کاک عەبدولا حیجاب کە یەکێک لە ئامادەکار و نووسەرەکانی ئەو کتێبەیە و لە هەمانکاتیش دا دۆست و هاوڕێیەکی نیزیکی کاک عەلی و شارەزایە لە نووسین دا ،ڕاستییەکەیم لە جێگا داناوە . بۆ نموونە کە نوسراوە: کۆنگرەی ٤ ی حیزب لە شوباتی ١٩٧٩ گیراوە، من کردوومە شوباتی ١٩٨٠ کە دروستیەکەیەتی، یان باسی هیندێك لە مێرخاسییەکانی هێزی ئاگری لە شیمالی کوردستان کراوە و ساڵەکەی و جێگاکەی هەڵە بووە و ڕاستم کردوونەتەوە.

لە کۆتایی دا سەری ڕیز و تەعزیم بۆ هاوڕێی شەهید کاک عەلی دادەنوێنم کە منیش ئەومافەم هەیە بڵێم یەکێک لە قوتابیانی ئەو قوتابخانەیەم کە کاک عەلی مامۆستا و

بەرپرس و فەرماندەری بوو. کە حیزبم ناسی و دواتر بووم بە حیزبی کاک عەلی لە ناوە هەرە ئاشناکان  و جێی متمانە بوو تا منیش بتوانم ڕیزی ئەو حیزبە هەڵبژێرم بۆ خەبات. هەڵبەت ناسیاری من لەگەل ناو و کەسایەتیی کاک عەلی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی خەباتی ئاشکرای حیزب لە ساڵی ١٩٧٩ و تێکەڵاویی بنەماڵەیی ئیمە لەگەل کار  وخەباتی حیزب لەوکاتیەوە تا بە ئەمڕۆ.

هیوادارم ئەمانەتتدارێکی باش بووبم و بێ گومان هەڵە و کەم و کۆریش لە وەرگێرانەکە دا هەیە ، چوونکی یەکەم کاری وەرگێرانمە و سیفر ئەزموونم هەیە.

**ماڵئاوا**

**کاووس عەزیزی. وەرگێری کرمانجیی سەروو بۆ کرمانجیی خواروو**

**٢٠١٩/٨/١٣. دانمارک**

*******************

**پێشەکی**

خوێنەرانی هێژا!

ئەم کتێبە یادکردنەوەیە، تەنیا بۆ ڕێزگرتن لە زەحمەت و تێکۆشانی شەهید عەلی کاشف پوور(کاشفی) ئامادەکراوە.لەم کتێبەدا، تەنیا لە سەر بەشێک لە کارو تێکۆشانی گشتی ڕادەوەستین. لەبەر ئەوەی هەل و مەرجی ئەمڕۆی تێکۆشان و دۆخی  کوردستان ، ئیزن مان پێ نادەن تا باس لە هەموو شتێک  و هەموو کێشەکان بکەین و بێنینەوە سەر کاغەز. لە کاتی گونجاو دا ،  دەبێ ئەو کێشانە وەک مێژوو

بنووسرێن. شەهید عەلی ڕۆژانە هەموو ئەو کێشە گرینگانەی جۆڵانەوەی وەک بیرەوەری دەستنووس کردووە و بە خۆشی یەوە زۆربەی ئەو دەستنووس و بیرەوەریانە ماون و هیواداریين کە بە هاتنەکایەی هەل ومەرجێکی گونجاوی داهاتوو دا ، نە تەنیا ئەو بیرەوەریانە ، بەڵکوو هەموو ڕووداوە گرینگەکانی جوڵانەوە لە تویی کتێبێک دا بڵاو بکەینەوە.

لە کۆتاییدا، سوپاس بۆ کاک ڕۆژان کە ئەرکی تایپ ، پیداچوونەوە و داڕشتن ولە نیهایەت دا ئامادەکردنی چاپ و بڵاوکردنەوەی گرتە ئەستۆی خۆی. هەروەها سوپاس بۆ چاپخانەی خانی و باتەیی دەکەین کە کتێبەکەیان بە چاپ گەیاندن. سوپاس بۆ کاک خوسرەو عەبدولاهی و کاک موزەفەر بێگزادە دەکەین لە وەرگێرانی فارسی بۆ سەر زمانی کوردی و هەروەها گۆرینی ڕێنووسی سۆرانی بە پیتی ئارامی بۆ سەر پیتی لاتینی کە زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە.

هیواداریین کە خوێنی ئەو هەموو شەهیدانە بە فێرۆ نەچێ و لەگەل هەموو گەلی زوڵملێکراومان ، بنەماڵەی شەهیدان بگەین بە ئاواتە دێرینەکانی: سەربەخۆیی ، ئازادی، ئاشتی و دێمۆکراسی بۆ کوردستان.

بنەماڵەی شەهید عەلی کاشف پوور

ئاداری ١٩٩٧ی زائینی

*****

بەشی یەکەم بیروڕای هاوڕێیانی عەلی کاشف پوور

*نامەی عەلی*

عەلی کاشف پوور(کاشفی)ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا.ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر ، لە نیوەشەوی ١٥ی ئاگۆستی١٩٩٠ لە ماڵی تەبعیدیی خۆی لە شاری قونیای تورکیە بەهۆی چەند کەسێک کە جل و بەرگ و نیشانی پۆلیسی ئەو وڵاتەیان لەبەر بووە و بە

بیانووی ئەوەی کە پۆلیس چەند پرسیارێکی لە عەلی هەیە ، دەڕفێنن و ڕۆژی دوایی پۆلیس تەرمی لە خوێنداشەڵالی عەلی کە شوێنی چەند گولەی بەجەستەوە دیارە و بەدەست بەستراوی لە قەراغ ڕێگای قونیا- ئانکارا دەدۆزنەوە .

عەلی کاشف پوور لە ساڵی ١٩٥٧ لە ئاوایی پیرانجوغ سەربە شاری ئۆرمیە چاوی بە دونیا هەڵێناوە و دواتر بنەماڵەکەیان لە گوندی هۆوەسین گیرساونەتەوە. عەلی خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی هۆوەسین و ناوەندی و دواناوەندیش وێرای چەند هاوڕێی دیکەی جوونەتە شاری ئۆرمیە و لەوێ تەواو کردووە . پاش تەواو کردنی ئەو قۆناغانە لە زانکۆی تەورێز وەرگیراوە و بۆ درێژەی خوێندنەکەی ساڵێک لە زانکۆی ناوبراو لە بەشی کۆمەڵناسی دەرسی خوێندووە و دواتر لە کۆنکووری سەرانسەری بەشداری کردووە و ئەوجار لە زانکۆی تاران لە بەشی "حقوق سیاسی" وەرگیراوە .

ساڵی ١٩٧٨ کە عەلی خوێندکاری ساڵی چوارەمی زانکۆ بوو ، شەپۆلەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستیان پێکردووە وئەوکات عەلیش تێکەڵ بەو شەپۆلانەی شۆڕشی سەرانسەری بەدژی ئەو ڕێژیمە دەبێ کەلە ئاکام دا چەندین جار لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە بە تۆمەتی "مارکسیستی و ئیسلامی" دەکەوێتە ژێر تەعقیب و ئازار و ئەزیەتەوە.

بە ڕووخانی ڕێژیمی شا هێرشی کۆنەپەرەستان و هەلپەرەستان بەتایبەتی ئەوانەی کۆنەدەرەبەگ بوون بووە هۆی ئەوەی کە عەلیش بۆ پاراستنی مافی زەحمەتکێشان و جووتیاران هۆشیارکردنەوەی ئەو خەڵکە و ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکیان ڕووی کردە زێدی خۆی کە باکووری کوردستانی ئێران بوو. ئەو بە دامەزراندنی کتێبخانەیەک لە گوندی هۆوەسین دەستی کردووە بە خەبات ودواتر ژمارەیەک لە هاوڕێیانی دەورانی مناڵی و خوێندکاریی خۆی و لاوانی گوندەکەی (هۆوەسین) کۆدەکاتەوە و یەکەمین گورووپی خەباتکاری دروست دەکا کە ەئو گرووپە دەورێکی کاریگەری لەهەمبەر هێرشی دەرەبەگەکان بۆ سەر خەڵکی جووتیار دەبینێ و دواتریش کە ڕێژیمی مەلاکان هێرش دەکاتە سەر دەڤەری باکووری کوردستانی ئێران و هەلپەرەستان دەرەبەگەکان بۆ پشتیوانیی ڕێژیم و سەرکوتی جووتیاران چەکیان هەڵگرتووە ، ئەو گورووپە کەلە بە

هەوڵ و تێکۆشانی عەلی دامەزرا بوو دەبێتەوە خاوەنی ڕێز و ئیعتیبارێکی زۆر لە لای زەحمەتکێشان و جووتیارانی دەڤەرەکە ، گرووپ تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەبێ و خەباتێکی شێلگیرانە دەست پێدەکەن.

لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب دا زۆر شێلگیرانە لە هەمبەر تاقمێک کە هەوڵی دەست تێکەڵ کردن و سازان لەگەل ڕێژیم بوو ، هەڵوێستی گرت و خۆڕاگریی کرد و لە هەمانکاتیش دا دژی بەکار هێنانی چەک لە دژی یەکتری بوو لە نێو بزووتنەوەی کورد دا. عەلی لە پێشان وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و پاشان لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب دا کە ساڵی ١٩٨١ دا گیراوە دەبێتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی . داهێنانی سیاسی – نیزامی و هەوڵ و تێکۆشانێکی جیدی و هەمە لایەنەی عەلی کاشفپوور لە ماوەیەکی کورت دا توانی ئەو بکاتە کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچە و جێی متمانەی خەڵک و تێکۆشەرانی حیزب. (هەروەها لە کۆنگرەکانی ٦ و ٧ی حیزبیش دا بە زۆرینەی دەنگ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵدەبژێردرایەوە. وەرگێر)

دوای خەباتێکی ١٠ سالەی بێ پسانەوە و دژواری عەلی کاشفپوور ، حیزب بۆ پشوودانێکی یەک مانگە ئەویان نارده پاریس پێتخەتی فەڕانسە . لەو سەفەرە کورتە دا توانی لەگەل هیندێك چەمک و بەهایی عەداڵەتخوازانەی نوێ و هیندێک ڕاستی ئاشنابێ و دوای مانگێک دیسان گەڕایەوە کوردستان. لەو کاتی دا خەباتی چەکداریی لە ناوخۆ بەردەوام بوو،لە پەنا ئەویش خەباتی ناوخۆیی حیزبیش گەرم و گوڕ بوو.

عەلی بۆ پاراستنی دێمۆکراسیی نێو خۆیی حیزب دەستی کرد بو خەباتێکی شێلگیرانەتر. ئەو تێکۆشانەی داخیلی لە نیهایەت دا و لە کۆنگرەی ٨ی حیزب دا بوو بە هۆی جیابوونەوەی گرووپی ١٥ کەسی و دروست بوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر ، کاشفپوور لەگەل چەند سەرکردەی ناسراوی جیابووەی حیزب بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تازە.

ڕەخنە و گلەیی ڕاست و دروستی ئەو گرووپە تازە پێکهاتووە و هاوئاهەنگیی ئەوان لەماوەی جیابوونەوە دا، نە بە مانای ئەوەبوون کە ئەوان لە زەعفی تێکۆشان دا بوون، بەڵکوو پێویستیی تێپەڕاندنی قۆناغێکی کاتی لە تێکۆشانی خەڵکی کوردستان دا

خاوەن دید و بۆچوونی وەک یەک بوون. بەرتەسک بوونی شەڕی چەکداری کە واریدی قۆناغێکی تازەی دژوار ببووە پێویستیی ئاڵ وگۆڕی شێوەی خەبات خۆی دەنواند. بەڵام ئەو پیاوە بوێر و بە بڕیارانە لە ژێر کاریگەریی ئیرادە و ڕەفتارە جەنگاوەرییەکانیانەوە نەیانتوانی ئەو پێویستیانە دەگەل دۆخ وگۆڕینی شێوازی خەبات بناسن و هەروەها لە بەر ئەوەش بوو کە نەیانتوانیبوو ڕێگای چارەسەر و تێپەڕاندنی کێشەکان بدۆزنەوە و چارەسەرەکان بەکار بێنن. بەوشێوەیە ئەو گرفتانەی کە ببوونە هۆکار بۆ ناڕەزایەتییەکان و دروست بوونی هۆشیاری و بەرخودانی ئەوان لە نێو حدکا دا کەلە نیهایەت دا جوێبوونەوەی لێکەوتەوە.

ئەوجار هەمان کێشەکان بۆ حیزبە تازەکەش هاتبوونە پێش و پێویست بوو ئەو گرفتانە تێپەڕێنن، ئەوانیش جگەلە چەند جم وجۆڵێکی دیاریکراو کەلە سەرەتا دا بە کاریان هێنا، شتێکی تریان دانەهێنا، بەڵام لایەنێکی تریش ئەوە بوو کە ئەوچەکانەی کە دەبا بە دژی ڕێژیمی ئێران بە کار بهێندرێن ، بە دژی هاورێیانی پێشوویان( بە دژی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر) بە کارهێنران، هەر ئەوانەی کە تا دوێنێ هاورێ و هاوکاری یەکتری بوون.

لەم دۆخە دا کاشف پوور بڕیاری دا بوو کە ژن و منداڵی خۆی لە ناوچەی شەڕ دوورخاتەوە بینێرێ بۆ دەرەوەی وڵات. بەڵام لەوکاتی دا هاورێکانی وەک تەماشاچی چاویان لە وەزعی ئەوان دەکرد و هیچ هاوکارییەکیان لەگەل نەدەکرد، بەڵام کێ دەیزانی لەوبەری سنووری عێراق مەیدانێکی تری شەڕ هەیە و وەک داوێک بۆ کاشفپوور دامەزرێندراوە؟ لەو بەرەیە دا شێوە نادیارەکانی کۆمیسیاریای بەرزی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئانکارا، خۆی لە خۆیدا خاوەنی بەشداری یەکەمی ئەو داوە بوو کە تا ئێستاس نە خۆی زانیارییەکی درکاندووە و نە هاوکار بووە تا سەرەداوەکان بدزۆدڕینەوە و هەمووی هەرلە تاریکایی دا ماونەتەوە و هەموو ئەگەر و گومانەکانیش هەرلە جێێ خۆیانن.

ئیسراری زیاد لە حەدی ئەو کۆمیساریایە بۆ ڕاکێشانی عەلی کاشف پوور لە عێراقەوە بۆئانکارای پێتەختی تورکیە و لەوێش ڕا ناردنی بۆ کەمپی بێ چاوەدێری وپاراستنی

پەنابەران لە شاری قونیا کە بەداخەوە لە نیوە شەوی ١٥ لە سەر ١٦ی ئاگۆستی ١٩٩٠ لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و کە لیباسی پۆلیسی تورکیەیان لە بەر بووە عەلی ڕفێندراوە و تەرمی خوێناوی و بە دەستی بەستڕاوە کە شوێنی چەندین گولەی پێوە دیار بوو لە قەڕاغ جاددەی ئانکارا – قونیا لە لایەن پۆلیسەوە دەدۆزرێتەوە ، کە هەم ئەو شیوە تێرۆرە و هەم ئەوەی کەلە لایەن پۆلیسەوە دۆزراوەتەوە، جێی پرسیار و لێ وردبوونەوە و هەمیش واتادارە.

کاشف پوور بۆ ماوەی ١٠ ساڵ فەرماندەر و یەکێک لە برپرسانی سەرەکیی حیزب لە شیمالی کوردستانی ئێران بوو کە خەڵکی ناوچە ئەویان وەک قارەمان و پارێزەری ئامنجەکانی خۆیان دەناسی وناوی عەلی بۆ خەڵک جێی هێز و گوروتینی تێکۆشان بوو. کاتێک عەلی شەهید بوو تەمەنی تەنیا ٣٢ ساڵ بوو، بەڵام لە تێگەیشتن و پێگەیشتن دا مرۆڤێکی کامڵ و بە ئەزموونی سیاسی، جڤاکی، ڕێکخستنی و پسپۆر بوو. ئاگاهی، ئەزموون ، لێهاتوویی و خەڵکی بوونی عەلی پلەیەکی بەرزی بۆ ئەو پێکهێنابوو کە دەیتوانی لە چارەنووسی داهاتووی گەل و نیشتیمانەکەی دا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری هەبێ.

کاشف پوور مرۆڤێکی لێهاتوو بوو. ئەو لەو مرۆڤانە بوو کە لەگەل شۆرش دروست دەبن ، پێدەگەن و دەتوانن بە هاسانی تێکەڵی کۆمەڵانی خەڵک و خەباتکاران ببنەوە، بێ ئەوەی خاوەن ئیدیعا بن ، بەڵام بە توانایی خۆیان بگەن بە ئاستی ڕێبەری و پێشەنگایەتیی خەڵک بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. مرۆڤی وا ئەگەر چی لە ژیانیش دا نەمێنن ، لە خوێنی ئەوان قارەمان دروست دەبن. بە تێپەڕینی دەور و زەمانەش ئەو قارەمانانە زیاتر لە ڕەگ و ڕیشەی ئامانجەکان و ئاواتەکانی خەڵک دا جێدەگرن و دەبنە سونبولی شانازی و ڕێز و حورمەتێکی هەمیشەییان بۆ دەستەبەر دەبێ.

عەلی زۆر بە ئاسانی تێکەڵاوی خەڵک دەبوو و لە دەرد ومەینەتیەکانیان تێدەگەیشت و لەگەل ئەو دەردو مەینەتیانەیان دەبووە شەریکە بەش. ئەو لە ڕۆژە دژوار و حاستەمەکان دا لەگەل حیزبەکەی دەمایەوە و لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دا جێی

دەگرت. ئەو مرۆڤێکی بە هەڵوێست ، ڕێکخەر، بەبەرنامە و لێهاتوو بوو. هەڵوێستەکانی و کارى و تێکۆشانی سیاسی و چەکداریی ١٠ ساڵی ئەو تێکۆشەرە پڕن لە ئەزموونی بەنرخ بۆ جیلی داهاتووی خەباتگێڕانی ناوچەکانی باکووری کوردستانی ئێران.

کاشف پوور لە هەڵس و کەوتی تاکیی ڕۆژانەشیدا خاوەن ڕەوشتێکی پاک و ڕەفتارێکی قارەمانانە، خەباتگێڕانە و لە هەمانکاتیش دا نموونەی سادەژیان بوو. ئەو سەرکردەیەکی بوێری گەنج بوو کە لە هەناوی شۆڕش و قوڵایی شەپۆلەکانی دژواریی خەبات و بەرخودان دا سەری هەڵدابوو و ببووە نموونەی خەباتکارێکی لێهاتووی سەردەمی خۆی. ئەو وشیار، تێگەیشتوو و ڕۆناکبیری و زانایی تێکەڵ بە جوامێری ، دروستکاری وشۆڕشگێریی کادرێکی ڕێکخەر کردبوو و ئەو سیفەتە بەرزانە لە نامەکانی بۆ هاورێیانی ڕا بە ڕوونی دیارن.

لە نامەیەکی پڕ لە ئازار و حەسرەت دا کە٢٩ڕۆژ بەرلە ڕفاندن و شەهید کردنی دا(١٥.٨.١٩٩٠شەهیدکراوە) بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسیوەکە ەبداخەوە دوایین نامەیەتی بەوجۆرە دەنووسێ: .... لە بە رئەوەی کە تۆ ... بۆت ناردبووم ، یەک دونیا سوپاست دەکەم . ئەو کارەت سەربەرز و خۆشحاڵی کردم. ئەوە کارێکی بێ هاوتا بوو کەلە هەل و مەرجێکی ئاوا دابوو کە من کەوتبوومە دۆخێکی بێ ئیمکاناتی و جێگایەک کە خۆت دەزانی چ جێگایەکە و چۆنە؟ هیوادارم لە ڕۆژگارێکی نیزیک دا پێکەوە لە سەر ئەو پرس و نانەتامە قسە بکەین. تۆ کەم و زۆر ئاگات لەو دۆخە هەیە کە منی تێدابووم و هیندێک شت دەزانی، من مەجبوور بووم . باوەڕ بکە لە خەیاڵیشم دا نەبوو کە بیر لە هەندەران بکەمەوە، بەڵام گرفت و نەهامەتیەکانی بنەماڵە و هەل و مەرجی پێکهاتوو وایان لێکردم کە منیش ئەو ڕێگایە بۆ دەرباسبوون لەم دۆخە هەڵبژێرم، ڕێگایەک کە بە ئارەزووی من نیە و ڕێگایەکی ترم نەبوو. لەم بڕیارە دا هەرچەند هاوڕێیانم موافیقی ئەو بژاردەیەم بوون ، بەڵام لە کردەوە دا دوورە پەرێزیان لێکردم و نەتەنیا ئاوریان لێ نەدامەوە و هیچ کێشەیەکیان بۆ چارەسەر نەکردم ، بەڵکوو زۆر شتی نەشیاو و خراپیشیان لە پشتی سەر بۆیان دروست کردم و باسیان کردووە.

هەرنەبێ تۆ تا ڕادەیەک دەمناسی و دەزانی کە من لەوکەسانە نەبووم لە وەها دۆخێک دا هاوڕێیانم بە جێ بێڵم و تا ئاخەر لەگەلیان نەبم، بەڵام بەداخەوە چارەیەکی دیکەم نەبوو ولەلایەکی دیکەشەوە ڕێگای تێکۆشان دوور و درێژە و خەبات شەو و ڕۆژێک نین  و تەنیا یەک ڕێگا و یەک بژاردە و یەک مەیدانیش نیە، خەبات شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری هەیە گەر مرۆڤ بیەوێ. بەداخەوە کەسانێک هەن لە ڕێزی خەبات دا کە وادەزانن  تێکۆشان تەنیا ئەوەیە کە لە سنوور، یان ئەودیوی سوور دابنیشین  کە باشترە لە چوونە ئۆرووپا و ناسینی دونیای دەرەوە.

لەو نامەیە دا زیاتر نانووسم، ئەگەر نامەکەم گەیشتە دەستت و وڵامم وەرگرتەوە ، لە نامەی داهاتووم دا زیاتر باس لە دەرد و مەینەتییەکان  لەوبوارەوە دەکەم.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو

عەلی ١٩٩٠/٧/١٦

پ.حەقیقەت

ژیان و شەهید بوونی تێکۆشەرێک کەلە دڵی خەڵکی باکووری کوردستانی ئێران دا جێی گرتبوو

عەلی کاشف پوور لە ساڵی ١٩٥٧ی زائینی لە گوندی پیرانجوغی دەڤەری سۆمای ئۆرمیە لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی دا چاوی بە دونیا هەڵێناوە و دواتر بنەماڵەکەیان لە گوندی هۆوەسین لە هەمان دەڤەر گیرساونەتەوە. خوێندنی سەرەتایی عەلی لە گوندی هۆوەسین بووە کە پۆلی ٣ و ٤ی سەرەتایی بەهۆی ژیری و وریایی کە هەیبوە لە یەک ساڵ دا تەواو کردووە و  بە نومرەیەکی باش قەبووڵ بووە.

بەهۆی نەبوونی قۆناغەکانی سەرووتری خوێندن لە دەڤەری سۆما، عەلی ولەگەل ژمارەیەکی تر لە هاوپۆلەکانی بە مەبەستی درێژەدانی خوێندن ڕوودەکەنە شاری ئۆرمیە ولە شار پێکەوە ماڵێک بە کرێ دەگرن و درێژەی خوێندن دەدەن تا قۆناغێ ناوەندی و دواناوەندی تەواو دەکەن و عەلی لە قۆناغێ دوا ناوەندی دا ئەدەبیاتی فارسیی خوێندووە.

عەلی پشووی  هاوینان دا دەهاتە گوند و لەگەل باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی خەریکی کاری وەرزێڕی دەبوو و هاوکار و یارمەتیدەرێکی دیاری بنەماڵەکەی بوو. ڕووحی هاوکاری و هەڵس و کەوتی گەرم لەگەل دەوربەری دا  هەر لە زاتی عەلی  دا بوون و ئەو تایبەتمەندیانە  ببوونە هۆی  خۆشەویستیی  ئەو لە لای هاوڕێ و کەس و کاری.

دوای کۆتایی هێنان بە قۆناغێ دواناوەندی و وەرگرتنی دیپلۆم ، عەلی بەشداریی لە کۆنکووری سەرانسەریی ئێران  کرد و بۆ زانکۆکانی تەورێز، ئیسفەهان و مەشهەد وەرگیرا کە ئەو بۆ درێژەدانی خوێندنەکەی زانکۆی تەورێز کە نیزیکتر بوو لە شاری ئۆرمیە هەڵبژارد و لە بەشی کۆمەڵناسی درێژەی بە خوێندنی زانکۆ دا. بەڵام ساڵی دووهەم دیسان عەلی بەشداریی کرد لە کۆنکووری سەرانسەری و ڕوشتەی لە کۆمەڵناسی یەوە گۆری بۆ "حقوق سیاسی"  و ئەو جار  لە زانکۆی تاران درێژەی ەب خوێندن دا.

کاتێک ساڵی ١٩٧٨ شەپۆلەکانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی دەستیان پێکرد ، عەلی تێرمی یەکەمی لە ساڵی چوارەمی  حقووقی سیاسی لە زانکۆی تاران تەواو کردبوو. ئەو زۆر بەشدارێکی چالاکی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژێمی پاشایەتی بوو ، بۆیەشە زۆرجاران دەکەوتە بەر گرتن و ڕاوەدوونانی پۆلیس و دام و دەزگای سەرکوتکەری ڕێژیم و ئازار و ئەزەیت دەدرا.

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران  و لە هەمانکات دا بە تاڵان بردنی دەستکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن تاقمێک ئاخوندی تینووی دەسەڵات و تاڵانچی کەلە ئاکام دا ڕێژیمێکی دواکەوتووی بە ناوی کۆماری ئیسلامی دامەزرێندرا و زانکۆکان بوو بە بەشێک لە مزگەوتەکان و شوێنی عیبادەت(عیبادەت بە شێوەی ئاخوندەکانی حاکم)  و سروودی ئائینی . بەوجۆرە هیوا و ئاواتەکانی گەلانی ئێران بۆ ئازادی و دێمۆکراسی ،نەتەنیا بەدی نەهاتن ، بەڵکوو ئاخوندەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ و  زیاتر کۆسپیان بۆ خەبات و تێکۆشانی خەڵک پێکدەهێنا و لە نیهایەتیش دا بەزۆری زۆردارەکی حکوومەت و وڵاتیان خستە ژێر عەبای ڕەش و نگریسی خۆیان. لەوکاتی دا

بوو کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە داخوازیی ئازادی و دێمۆکڕاسیی دەکرد، لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتبووە بە هێرش و پەلاماری دڕندانە و گوند و شاری کوردستان ڕۆژانە وێران دەکران.

عەلی کە ڕۆژڕەشی و مەزڵوومیەتی توێژی خۆی و هەروەها ئەو زوڵم و ستەمەی کەلە گەلی کورد دەکرا ، هەربە منداڵین هەستی پێکردبوو، بۆیە بەردەوام لە دژایەتیی سیستەمی سەرکوتکەری تازە بە دەسەڵات گویشتوو هەڵوێستی دەنواند . ئەو هەستەی عەلی ببوونە هۆکار تا ڕێگای خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی بگرێتە بەر وبۆ ئەو خەباتەش حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی وەک سەنگەری خەبات هەڵبژارد.

عەلی وەک یەکەم هەنگاوی تێکۆشان لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکانیدا بە هاوکاریی چەند دۆست و هاورێیەکی خۆی کتێبخانەیەکیان لە ئاوایی هۆوەسین دامەزراند و ژمارەیەکی زۆری کتێبی بەکەلک و پێویستی لەو کتێبخانەیە دا کۆکرانەوە لە ماوەیەکی کورت دا بوون بە سەرچاوەیەکی گرینگی پەروەردە و خۆ پێگەیاندن و وەرگرتنی زانیاریی نوێ و هاندانی لاوانی دەڤەر بۆ لای خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە نێو حیزب و بزووتنەوەی سیاسی دا. ئەوە هەنگاوی یەکەمی خەباتی کاک عەلی بوو کە وەک بەردی بناغەی تێکۆشانی دواتری ئەوی قایم کرد و سرنجی خەڵکی بۆ لای خەبات ڕاکێشا.

عەلی بەردەوام لاوانی بۆ فێر بوون و بەدەستهێنانی زانیاری هاندەدا و داوای لێدەکردن خۆیان پەروەردە بکەن و بۆیانی ڕوون دەکردەوە کە هۆکاری دواکەوتووییمان نەبوونی پەروەردە و نەخوێندەوارییە بۆیە دەمانەوێ دژی ئەو دیاردە نەگبەتبارە بەربەرەکانی بکەین.

لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران حیزب بە شێوەیەکی ئاشکرا خاوەن چالاکی و تێکۆشان بوو و ناوچەکەش بەتەواوی ئازاد و لە ژێر کۆنتڕۆڵی هێزی پێشمەرگە دا بوو. لەوبوارەدا جێ پەنجەی عەلی و کاروتێکۆشانی ئەو بە ڕوونی دیار بوون، هەرچەند ژمارەیەک دەرەبەگی ئەوکاتی ناوچە کۆسپیان بۆ چالاکییەکانی حیزب دروست دەکرد،

بەڵام لە نیهایەت دا نەیاتوانی کارتێکەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر ڕەوتی تێکۆشانی پەرەوپێش چوونی حیزب هەبێ.

٣٠ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی(فێوریەی ١٩٨٠) کۆنگرەی چوارەمی حیزب لە شاری مەهاباد کە ئەوکات ناوەندی ڕێبەریی حیزب و شۆڕش بوو گیرا و عەلی کە هەم گەنج وهەم یەکەم کۆنگرە بوو بەشداری بکا، بەڵام بەهۆی چالاک بوون و جیدی بوونی لە کار وباری کۆنگرە دا سرنجی بەشداران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێرایەوە و گەڕایەوە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوجار وەک یەکێک لە کاراکتێرە سەرەکییەکانی مودیریەتی حیزب لەوناوچەیە دەستبەکاربوو کە لە ماوەیەکی کورت دا تواناکانی زیاتر دەرکەوتن.

**بریندار بوونی عەلی**

هاوین و پاییزی ساڵی ١٩٨٠ ڕێژیم لە ڕێگای فڕۆکەی شەڕکەرەوە بەردەوام ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی بۆمباران دەکرد کە ناوچەی سۆما یەکێک لەو ناوچانە بوو کە زۆرجار دەکەوتە بەر هێرشی هەوائی. بەتایبەتی ڕێژیم لەو بۆمبارانانە دا بنکە و بارەگاکانی حیزبی دەکردە ئامانج.

ڕۆژێکیان گوندی گێچە کەوتە بەر هێرشی فڕۆکەی شەڕکەری ڕێژێم . ڕاست لە کاتی بۆمبارانی گوندی گێچە ، عەلی لە بارەگای تەشکیلاتی حیزب لە گوندی ئاغچەقەڵ خەریکی ئامادە کردنی تیمێکی ئیمداد بوو بە هیندێک کەل و پەل وداو دەرمانەوە بە هانای گوندی بۆمباران کراوی گێچەوە بنێرێ. تەیارەکان بە بۆمبارانی گوندی گێچەوە نەوەستان و گوندی ئاغچەقەڵی شیان بۆمباران کرد کە عەلی لە ەبر دەرکی بنکەی حیزب زۆر بە خەستی بریندار بوو. هەروەها کچێکی گەنجی ئاغچەقەڵ شەهید بوو و کەسێکی دیکەش کەلە گوند ەمیوان بوو بە ناوی فەهیم عەزیزی خەڵکی ئاوایی لۆرەشیرین سەربە ناوچەی شپیرانیش بریندار بوو.

برینی عەلی زۆر قووڵ و مەترسیدار بوو، کە پرشکێکی گەورەی ڕاکێت سینگی هەڵدڕیبوو و برینی دیکەشی هەبوو بەڵام ئەوان سووکتر بوون. پرشکەکە زۆر نیزیک

بوو له دڵی بۆیه مەترسیی زۆری له ژیانی عەلی دروست کردبوو. دەبوایه به زووترین کات عەلی عەمەڵ بکرێ و ئەو پریشکه دەربهێندرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی که ناوچەکه له ژێر گەمارۆی ڕێژیم دابوو، هیچ ئیمکانات و تەنانەت پزیشکێک نەبوو تا عەلی عەمەڵ بکرێ، بۆیه به ناچار مل مان دایه بەر ڕیسکێک که ئیمکانی ئاشکرا بوون و گیرانی عەلی یەکجار زۆر بوو. شەو لەڕێگای هیندێك دۆستەوه که هەمیشه مەمنوونیانین عەلی به نهێنی نێردرایەوه نێو شاری ئۆرمیه.

که عەلی گەیەندرایه نێو شار ، هاوکات بوو لەگەل بۆمبارانێکی خەستی شار له لایەن فڕۆکه شەڕکەرەکانی دەوڵەتی عێراق و لەو هێرشه دا خەڵکێکی زۆری بریندار هێنرابووه نەخۆشخانەکان جێگایەک نەمابوو تا عەلی داخیل برێ. تەنیا نەخۆشخانەیەک که جێگای هەبوو نەخۆشخانەی" شیروخورشید "ی دەوڵەتی  بوو که زۆرتر بریندارانی شەڕی ئێران و عێراق و شەڕی دەوڵەت له کوردستان داخیل دەکران. بەناچاری و به ترسەوه عەلی بردرایەوه ئەو نەخۆشخانەیه.

لەبەر خوێنڕێژیی زۆری داخیلی دەبوایه عەلی هەر ئەوشەوه عەمەڵ بکرێ. بەڵام بەهۆی هێرشی هەوایی  فرۆکەکانی عێراق بۆ سەر شاری ئۆرمیه، بەرقی شار قەتع ببوو و دوکتۆرەکان نەهاتبوونه نەخۆشخانه. ئەوەبوو بەیانیەکەی دوکتۆرەکان هاتن و له یەکەم دەرفەت دا عەلی عەمەڵ کرا و دوای عەمەڵیش خوێنی پێدرا.

هەر ڕاست ئەو شەوەی که عەلی له نەخۆشخانه بووپێشمەرگەکانی حیزبیش داخیلی نێو شاری ئۆرمیه بوون و هێرشیان کرده سەر پادگانی لەشکری ٦٤ ی ئۆرمیه و شەڕێکی قورس دەستی پێکرد و شەڕ گەیشته دەوروبەری نەخۆشخانەکەش.ئەو نەخۆشخانەیه پڕ بوو له تەرمی کوژراو و هەر وەها برینداری شەڕەکه. بەڵام سەیر ئەوه بوو که سەرەڕای ئەو دۆخەش عەلی هیچ نەدەترسا و زۆر له سەرەخۆ  و به ورە بوو. وەزعێک خوڵقا که مەگەر پێشتر له فیلمی سینەمایی دا دیتبێتمان، بەڵام ئەوجارەیان نەک فیلم بەڵکوو ڕاستی بوو.

عەلی بریندارێک بوو له نەخۆشخانەیەک که کۆنتڕۆلی به دەست دەوڵەت و هێزە نیزامی و ئیتلاعاتیەکانی دەوڵەتەوه بوو و زۆریش به چڕی چاوەدێریان دەکرد.کەسێک

که بەدەستی هەمان دوژمن بریندار کرابوو ، لە نەخۆشخانەیەک تەداوی دەکرا کە ەئوە وەزعیەتی بوو، بێ ئەوەی دوژمن هەست بە بوونی ئەو کەسە بکا. دیارە ئەوەش بە هونەری هاوکاران و دۆستانی گەلی کورد کرابوو. عەلی حەفتەیە لە نەخۆشخانە بوو و هیندێک باشتر ببوو، دیسان بە نهێنی و بە گیروگرفتێکی زۆر لە نەخۆشخانە دەرهێنرا و گەیەندرایەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە و و هاوکارانی ئەو.

ئەوەبوو زۆری نەکێشا کە جەریانی داپرانی تاقمێک لە حیزب کە بە تاقمی ٧ کەسی ناسراوە کێشە وگرفتێکی زۆری ساز کرد. ئەو تاقمە بە هاوکاری و دەخاڵەتی ڕێژیم ئەو حەرەکەتەیان کردبوو و ئەوجار خۆشیان ببوونە هاوکاری هێزەکانی ڕێژیم بە دژی بزووتنەوە کە جۆرێکی لێهات هێزی پێشمەرگە ناچار لەو ناوچانەی کە ڕزگارکراوبوون کشایەوە .

بەڕاستی خەبات و تێکۆشانی حیزب لەو ناوچەیە لەگەل زەحمەت و دژوارییی زۆر بەرەوروو ببووە، بەڵام ئازایەتی و جیدیەتێکی زۆر پیویست بوو تا بتوانن لە هەمبەر ٢ هێزی گەورە(یەکیان دوژمن و ئەوی تریان خۆماڵی. وەرگێر) ڕابوەستن. عەلی کە ئاگای لە خیانەتی تاقمی ٧ کەسی بوو ، توانی هەم خەڵک و هاورێیانی بە جێ نەهێڵێ و هەم ناوەڕۆکی خیانەتکارانەی ئەو تاقمەلەقاو بدات وو بۆ خەڵک سابیت بکا کە ئەو تاقمە نەتەنیا مەبەستی خەباتیان نیە، بگرە تەسلیمی دوژمن بوون و خەریکە دەکەونەوە داوی خیانەت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کوردلە کوردستانی ئێران. لە قۆناغێک لە جەریانی تێکۆشانی ئەو دۆخە دا عەلی بە ناچاری لەگەل پۆلێک لە هاورێیانی کادرو پێشمەرگەی لە ناوچەی باکووری کوردستانی ئێران بەرەو ناوەندی سەرکردایەتیی حیزب کە نیزیک لە شاری سەردەشت بوو پاشەکشە بکەن.

لێرە پێویستە بگوترێ: ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی کورد بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بگەیەننەوە ناوەندی کوردستانی ئێران دەبوو لەگەل هەزاران کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگایان دەست و پەنجە نەرم کەن و لایان بەن . جاری وابووە بە شەو جاری وایە بە ڕۆژ خۆیان لە داوی دوژمنانی جۆراوجۆر بپارێزن کە لە نیهایەت دا بە سەر هەمووی ئەو کۆسپانە دا سەردەکەون و دەگەنە ئەو شوێنەی کە ئەوان مەبەستیان بووە. ئەوە بوو

پلانی دوژمن کەلە تاقمی ٧ کەسی دا کەوتبووە کار ، نەیتوانی سەرکەوتنێک بەدەست بێنێ و ناوەڕۆکی خیانەتەکەیان بۆ خەڵک ئاشکرا بوو و دوای نیزیک بە ساڵێک دیسان حیزب گەڕایەوە ناوچەی باکووری کوردستانی ئێران . بەڵام ئەمجارەیان ئەرکی حیزب قورستر بووە و دەبوایە پێشمەرگە بچنەوە هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستانی ئێران و هەر ئەوەش بوو کە پێشمەرگە تا سەڵماس و ماکۆ چوونە پێش و تێکۆشانیان دەستپێکردەوە.

هەر چەند ناوچەی ڕزگارکراو کەمتر لە پێشوو بوو و پێشمەرگە دەبوایە لەسەدان مۆڵگەی دوژمن تێپەڕ بن، سەرەڕای ئەوەش دەنگدانەوەی جەولە سیاسی – نیزامی یەکانی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵک دا ببەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. یەکڕیزی و هاوکاریی زیاتر گەشەی کردبوو و هیوایەکی زۆر لای خەڵک دروست ببووە. ساڵی ١٩٨١ عەلی لە کۆنگرەی پێنجی حیزب دا بوو بە ئەندمای کۆمیتەی ناوەندی و ئەرکی پەروەردەی کادر و پێشمەرگەی  حیزبی لە باکووری کوردستانی ئێرانی پێ ئەسپێردرابوو وبۆ ماوەی ٢ساڵ کاروتێکۆشانێکی زۆری لەو مەیدانە دا کردبوو کە دیارترینی ئەو تێکۆشانەی عەلی  دروست کردنی ئیعتیمادێکی قایم بوو لە بەینی ئۆرگانەکانی حیزب لە باکووری کوردستانی ئێران دەگەڵ ئۆرگانەکانی سەرووی حیزب. بەتیابەتی دوای جەریانی تاقمی ٧ کەسی ئەو ئیعتیمادە زۆر لاواز ببوو و پیویستیی بە نووژەنکردنەوە هەبوو.تەنانەت لاوازیی ئیعتیماد وای کردبوو تا هیندێک لە بەرپرسانی ئەوکاتی حیزب لە سەرەوە  وایان نەدەزانی کە ئەو ناوچانە لە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە دایە.  سەرەڕای ئەوەی کە خەڵک لەوناوچەیە لە زۆربەی ناوچەکان زیاتر پەیوەندیی گەرم و گوری لەگەل حیزب و پێشمەرگەکانی دا هەبوو. دواتر و لە درێژەی تێکۆشانی بەردەوامی عەلی و  هاوڕێیانی دا دەرکەوت کە خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستان زۆر هاوکار و پشتیوان بوون لە درێژەی خەباتی نەتەوایەتی و بەتایبەتی حیزب دا. بەتایبەتی سەردەمی خەباتی پارتیزانی دەورانی هەرە دژوار بە ڵام زێرینی پەیوەندیی نێوان خەڵک و  پێشمەرگەی کوردستان بوو.

عەلی لە ساڵەکانی ٨١ تا ٨٨ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو کەلە کۆنگرەکانی ٥، ٦ و ٧ دا بە دەنگێکی زۆر هەڵبژێردرابوو. ئەو لە کاتی هێرشی بەرینی دوژمن لە ٣١ی

جۆزەردانی ١٣٦٣ بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی باکووری کوردستانی ئێران شان بە شانی هاوڕێیانی پێشمەرگەی بەرگریی کرد و ڕۆژی یەکەمی هێرش دوژمن زەبرێکی قورسی وێ کەوت و دەیان کوشتەی لێ بە جێ ما. له کاتی پاشەکشەش دا دیسان هەر شان بە شانی هاوڕێیانی هەم دواکەس بوون کە پاشەکشە بکەن و هەم شانیان دایە بەردژوارییەکانی خەباتی پارتیزانی لە کاتێک دا کە ئیدی مەجالی بەرگری لە ناوچەی ڕزگارکراو لەهەمبەر هوروژمی هەزاران کەس لە ئەفرادی پۆشتە وپەرداغی ڕێژیم نەمابوو.

ڕۆژی ١ی پووشپەڕی ٦٣ ئێمە بەیانیەکەی پاشەکشەمان کرد بۆ سنووری نێوان ئێران تورکیە. بەڵام عەلی وەک مرۆڤێکی خاوەن عەهد و پەیمانی خەباتکارانە و بەرپرسانە لەگەل ژمارەیەک پێشمەرگەکان بەرەو شاخەکانی ڕۆژئاوای سۆما درێژەیان پاشەکشەکان کرد و خۆیان سازمان دا، لەگەل ئەوەی کە شەڕی جەبهەیی لەگەل ئەو هێزە زۆر و زەوەندەی دوژمن ئیمکانی نەبوو. لەو دۆخە دا نەدەکرا بە بڕیارێکی دوگم پێشمەرگە تووشی شەڕێک بکری کە هەم زیانی زۆربوو ، هەم سەرکەوتن حاستەم. بۆیە بڕیاریان دابوو کە پاشەکشە بکەن و  خۆیان بۆ شەڕ و خەباتی پارتیزانی ئامادە بکەن.

کاتێک بەرەو سنووری تورکیە چووین سەرەتا  خێزان و منداڵەکانی عەلی لەگەل مان بوون.

ماوەیەک لە سەر سنوور ماینەوە . زەخت و گوشارێکی زۆر لە سەرمان بوو تا کاربەدەستانی سەرووی تورکیە ئیزنیان دا ئێمە بە بێ چەک و چۆڵ دەرباسی خاکی ئەو وڵاتە بین. چەکەکانمان هەرچی هەبوو تەحویلی ئەو بەشە لە هاوڕێیانمان دایەوە کە بڕیاری درێژەدانی خەبات بە شێوەی پاتیزانیان دابوو و شاخەکانی کوردستانیان هەڵبژاردبوو.ئێمە ژمارەمان بە ژن و منداڵ و پیر دەگەیشتە ٢٠٠ کەس کە ئیزنیان داین بڕۆینەوە نێو خاکی تورکیە  و بردیانین بۆ شارۆچکە باشکالا(سەرئەلباک) سەربە پارێزگای وان لە باکووری کوردستان و لە قوتابخانەیەکی شەوانە ڕۆژی جێگیرکراین. ئەو دوو سەد کەسە دەبا لەو قوتابخانەیە جێگایان بوایە. نهۆمێک بۆ ژن  ومناڵ و نهۆمێکیش

بۆ پیاوەکان بوو کە هەم ژن و منااڵ لە نهۆمی خۆیان بە کۆمەڵ دەژیان و هەم پیاوەکانیش لە نهۆمی خۆیان.ئیمکانات یان نەبوو یان زۆر کەم بوو. پاک و خاوێنی هەر زۆر خراپ بوو. هەموومان لە بواری ڕووحییەوە وەک ەنخۆش وابووین. بە کورتی هەستمان بە زیندانی بوونمان  دەکرد. تەنانەت مافی چوونەدەر لە حەوشەی قوتابخانەمان نەبوو.

## هاوکاریی خەڵک لەگەل ئێمە

سەرەڕای هەموو دژواریەکان، شتێک کە دڵگەرمی دەکردین هاوکاری و هاوسۆزیی خەڵکی ئەو شارۆچکەیە و دەڤەرەکە بوو. ئەوان بەردەوام خواردن و  پیداویستیان بۆ دەهێنایین و بە سەری دەکردینەوە. خەڵکی ئەو ناوچەیە هەم پێش ئاوارەبوونمان، هەم کاتی ئاوارە بوون و هەمیش دوای ئێمە بەردەوام هاوکار و هاوسۆزی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران بوون  و بە تایبەتی حیزبی دێمۆکرات بوون.

## ئیسراری عەلی بۆ گەڕانەوەی منااڵەکانی

عەلی پەیتا پەیتا لە ڕێگای خەڵکەوە نامەی دەنارد  وداوای دەکرد کە منااڵەکانی بگەڕێنەوە لای خۆی و نەبن بە پەناخواز. ئەو پێداگریی دەکرد کە ئەگەر: منااڵەکانم پڕۆن بەرەو هەندەران و ببنە پەنابەر، شوێنی خەراپ لە سەر هاورێیانم دادەنێ و ناکرێ من بەرپرس بم و منااڵەکانیشم بەرەو هەندەران بەڕێکەم. لەوەها دۆخێک دا مومکینە هاورێیانم وا هەست بکەن کە منیش پاش ماوەیەک بە دوای منااڵەکانم دا دەڕۆم و بە جێ یان دێڵم. ئەوە بوو  ٢ مانگ لەو قوتابخانەیە ماینەوە کە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لەگەل مان بوون گەڕانەوە ئێران. لە سەر ئیسرای زۆری عەلی منااڵەکانی ئەو و چەند هاورێیەکی دیکەی ئەومان ناردنەوە لای خۆیان لە سنوور و عەلی و منااڵەکانی یەکیان گرتەوە.

پاش دوو مانگ دەوڵەتی تورکیە ئێمەیان نەقڵی ئیستانبۆل کرد و لە کەمپێک جێگیرکراین کە سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بە ناوی: I.C.M.C

یەک ساڵ لەو کەمپە ماینەوە و ئەوجار هەیئەتی وڵاتی هۆڵەند هاتن بۆ چاوپێکەوتنمان و وەرگرتنی پەنابەر. دوای ماوەیەک قەبووڵ بووین و ساڵی ١٩٨٥ بە فەرمی چووینەوە وڵاتی هۆڵەند و لەوێ جێگیر بووین.

عەلی بەردەوام نامەی بۆ دەناردم و جگەلە سڵاو و ئەحواڵپرسی ، باقی ناوەڕۆکی نامەکانی هاندانی من  بوو بۆ ئەوەی لە دەرفەت و ئیمکاناتی بەرینی وڵاتی هۆڵەند کەلک وەرگرم بۆ درێژەی خوێندن کە ئاواتی عەلی بوو. ئەو پێیوابوو نابێ ڕۆژێک بگەڕێینەوە کوردستان و خاوەن پلەیەکی بەرزی زانستی نەبین و ئەگەر هەو نەدەین دواتر پەشیمان دەبینەوە. بۆیە عەلی هەمیشە هاندەرم بوو لەوبوارە دا و ڕستەیەک لە هەموو نامەکانی دا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە : تۆ دەبێ لە فکری گەڕانەوە و خزمەتێکی باش بی بۆ خەڵک!

سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ عەلی لەلایەن حیزبەوە نێردرایەوە پاریس و بۆ ماوەی مانگێک لەوێ مایەوە کە بەداخەوە تەنیا توانیم ٤ ڕۆژ لەگەلی بم. زۆری هەوڵ دا تا بۆ سەردانی هاورێیانی  بێتەوە هۆلەند کە بەداخەوە بۆی جێ بە جێ نەبوو و من گەڕامەوە هۆلەند و هەولم دا تا بەڵکوو ڤیزای ئەم وڵاتەی بۆ دابین بکەم،بەڵما دەوڵەتی هۆڵەند وڵامی نەدامەوە و ڤیزای نەدایە.

لەو ماوە کورتەی کە عەلی لە پاریس بوو توانی زانیاریی باش لە سەر کۆمەڵگای فەڕانسە و  ئۆرووپا  و هەروەها  ئاستی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەل ڕێکخراو و لایەنی ئۆرووپایی کۆبکاتەوە  تا بۆ داهاتوو خەبات کەلکیان لێ وەرگرێ. ئەو سەبارەت بە پەیوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات ناڕازی  بوو و ئەو ناڕەزایەتی و ڕەخنانەی خۆی  سەبارەت بە کەم و کۆڕییەکان و ئاستی پەیوەندییەکانی حیزب لە دەرەوە لەگەل سکرتێری گشتیی حیزب باس کردبوو. ئەوەببوو دوای مانگێک عەلی گەڕایەوە کوردستان بۆ درێژەدانی ئەرکەکانی.

لە ناوخۆی کوردستان هەم تێکۆشانی حیزب بەرچاو بوو ، هەم گوشاری ڕێژیم بۆ سەر خەباتکارانی حیزب چەند قات ببوو. بنکەکانی حیزب بەرەو سنوورەکانی عێراق پاشەکشەیان کردبوو و دواتریش ڕاگوێزرابوونەوە نێو خاکی ئەو وڵاتە ، بۆیە تێکۆشانی

ناوخۆی وڵات تا ڕادەیەک لاوازیی تێکەوتبوو. عەلی بەرپرسی حیزب بوو لە باکووری کوردستانی ئێران و کەمتر دەیتوانی هەڵسەنگاندن بۆ کاروتێکۆشانی حیزب لە باقی ناوچەکان بکا .ئەوکات بنکەکانیان بردبووە نیزیک بنکەی سەرەکیی حیزب کەلە خاکی وڵاتی عێراق بوو .

حیزب بەرەو کۆنگرەی ٨ی خۆی دەچوو. کۆنگرە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ گیرا و بەهۆی هیندێک کێشە وگرفتی نێوخۆیی حیزب ، ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامی حیزب جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. ئەوان بە پێی هەڵسەنگاندنی خۆیان پێیانوابوو کە بەهۆی ئە وگرفتانەی نێو ڕیزەکانی حیزبەوە ، تێکۆشان لە حیزبێکی واحید دا مەجالی نەماوە و تەنیا ڕێگا جیاکردنەوەی ڕیزەکانی خۆیانە لە حیزب و ڕاگەیاندنی حیزبێکی دیکە.

عەلی خۆی هەمیشە دژی لێکداپران و جیابوونەوە بوو، ئەوجاری ئەویش وێرای ١٤ ئەندامی پێشووی ڕێبەری کە ئەوانیش ناڕازی بوون لە دۆخی نێو حیزب جیابوونەوە و "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" یان پێکهێنا وخەباتی خۆیان لە ژێر ئەو ناوە دا درێژە دا کە عەلی لەوێش وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و ئەوجار هەم دەبا زیاتر کار بکا و هەمیش زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی بکا. ئەو پێیوابوو کە ڕێبەرایەتیەکی شۆڕشگێڕ دەتوانی بە کار و خەباتی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی کردەوە دا شۆڕشگێڕ بوونی خۆی بسەلمێنێ. بۆیە عەلی دیسان وەک کەسێکی بەئەزموونی مەیدانی تێکۆسان، ڕووی کردەوە شوێنی تێکۆشانی خۆی کە باکووری کوردستانی ئێران بوو. ئەو یەکێک لەو کادرانەی حیزب بوو کە بەکردەوە سەلماندبووی: هیچ کۆسپێک ناتوانێ پێش بە تێکۆشانی ئەو بگرێ و بیروباوەڕی شل بکاتەوە.

عەلی بۆ چارەسەر و بن بڕ کردنی کێشە وگرفتەکان زۆر جیددی و خەمخۆر بوو، و لەو پێناوەدا هەرگیز ماندوو نەدەبوو. لای عەلی بەرژوەندیی گەلەکەی ئەسڵ بوو، باوەڕ بوو، ئەخلاق بوو. ئەو مرۆڤێکی نەرم و نیان لەگەل خەڵک هاورێکانی بوو گوێی بۆ ڕادەگرتن و بە گوێرەی ئیمکان کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکردن.

سادەژیان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی عەلی بوو کە ئەویش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی خەباتکار و بەرپرسە. عەلی هەمیشە هەوڵی ئەوەبوو کە ئەگەر لە جەریانی کار و ژیانیدا کەم و کوڕی هەبێ  وەک ڕەخنە لە خۆی قەبووڵی بکا و بە دڵێکی ئاوەڵا وەریگرێ تا بتوانی بۆ چارەسەر و کۆتایی هێنان بەو کەم و کوڕیانە هەوڵ بدا. بوونی کەم و کوڕی لای عەلی ئاسایی بوو، بەڵام چارەسەری ئەو کەم و کوڕیانە بۆ عەلی زۆر گرینگ بوون تا بتوانێ بیانکاتە ئەزموون بۆ داهاتوو تا کەم و کوڕیی لەوباتەوە نەخولْقێن. ئەو بەردەوام ڕوویەکی ئۆمێدەواریی بە داهاتوویەکی گەش بوو. عەلی هەمیشە ئۆمێدەوار بوو.

## عەلی بۆچی چووە تورکیە؟

دەمێک بوو بە مەبەستی دانی مافی پەنابەرێتی بە ژن و منداڵی عەلی داوام لە دەوڵەتی هۆلەند دەکرد. بۆیەشە ژن و منداڵی عەلی و هاوڕێیەکی دێرینی ئەو هاتنە ئانکارا ی پێتەختی تورکیە و داوای پەنابەرێتیان کرد لە UN .

ئەوەبوو دەوڵەتی هۆلەند پێی ڕاگەیاندین کە هەرکاتێک هەیئەتیان بۆ مەبەستی وەرگرتنی سەهمیەی ساڵەنەیان لە پەنابەری ژێر چەتەری کۆمیسیاریای بەرزی پەنابەران لە تورکیە ناردە ئەو وڵاتە، ئەوە چاوپێکەوتن لەگەل مندالەکانی عەلی وهاوڕێکەی دەکەن. کاتێک هەیئەت چووە تورکیە و داوای چاوپێکەوتنی لەگەل مناڵەکانی عەلی و ئەو هاوڕێیەی کردبوو، ڕێکخراوەکە بە هەیئەتیان ڕاگەیاند بوو کە مناڵەکانی عەلی جارێ مافی پەناخوازیان پێ نەدراوە و ووەرنەگیراون. هەڵبەت هەیئەتیش ئیعتیماد دەکاتە سەر قسەی ئەو ڕێکخراوەیە(یووئێن)  و تەنیا چاوپێکەوتن لەگەل مناڵەکانی ئەو هاوڕێیەی دیکەی عەلی دەکەن و ئەوانیان وەرگرتبوو.

ئێمە پەیوەندیمان کرد بە ڕێکخراوەکە لە ئانکارا تا هۆکارەکانی وەرنەگیرانی  مناڵەکانی عەلیئاگادارمان بکاتەوە کە وڵامیان ئەوەبوو: ئێمە ناتوانین ژن  ومناڵ وەرگرین کە سەرپەرەستی ئەو ژن و مناڵانە(باوکیان)  لەگەل نیە و لە وڵاتێکی دیکە دەژی(مەبەست عێراق بوو) .ئەوان گوتیان بە پێی قانوون عەلی لە وڵاتی دووهەمدایە، ناتوانین کەسێک وەربگرین و بگوزینەوە بۆ وڵاتی سێهەم لە کاتێکدا عەلی ئێستا لە

وڵاتی دووهەمدایە و تورکیە دەبێتەوە وڵاتی سێهەم و هۆلەند وڵاتی چوارەم کەلە یاساکانی ئەم ڕێکخراوەیە دا وڵاتی چوارەم نیە.

عەلی لەودۆخە ئاگادار کرایەوە و  هاوکات ئەو بنەماڵەیەی دیکە کە هاوڕێی عەلی بوون سەفەریان کرد بۆ هۆلەند کە وەرگیرابوون  وژنا  ومناڵی عەلی بە تەنیا مابوونەوە تورکیە.عەلی لە وەها دۆخێک دا ناچار بوو کە خۆشی بێتەوە تورکیە و لەگەل ژن و مناڵەکانی یەک بگرێ و لە یەکەم دەرفەت دا سەردانی یووئێنی کرد و لەگەل بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەیە قسەی کرد و پێی ڕاگەیاندن کە: خۆی ناتوانێ لەگەل ژن و مناڵەکانی بێ و داوای لێکردن مناڵەکان وەربرگرن مافی پەناخوازیان پێ بدا. بەڵما بەداخەوە یووئێن ئەوەی قەبووڵ نەکرد و هەر لە سەر بڕیاری خۆی سوور بوو. ئەوە بوو عەلی دیسان ناچار بوو بە پێچەوانەی مەیلی خۆی بڕیار بدا کە ئەویش بڕیاری مانەوە لای مناڵەکانی و داوای پەناخوازی کردن لە یووئێن بوو. دوای خۆناساندنی عەلی بە یووئێن ، پۆلیسی تورکیە عەلیی ناردە لای مناڵەکانی لە شاری قونیا کە پێشتر ناردبوونیە ئەو شارە.

دوای جێ بە جێ کردنی هیدێک کاروباری ئیداری خۆیان، عەلی و مناڵەکانی لەگەڕەکێکی شاری قونیا خانوویەکی بە کرێ گرت و چوونە ناوییەوە. شاری قونیا ئەوکات و ئێستاشی لەگەل بێ شارێکی مەترسیدار بوو بۆ خەباتکارانی سیاسیی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران. شارێک کە بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی ئیسلامگەرایی توندئاژۆ و لە هەمان کات دا لایەنگری سەرسەختی ڕێژیمی مەلاکانی ئێران بۆیە تۆری سیخوریی سەربە  اطلاعاتی ڕێژیمی ئێران زۆر بە قوەت بوون لەو شارە.

عەلی زوو هەستی بەو مەترسییە کردبوو ، بەڵام چارەی تر نەبوو و دەیزانی ئەمنیەتی لەو شارە پارێزراو نیە. دۆخی ماڵیی عەلی زۆر خراپ بوو و نەیدەتوانی وەک زۆر کەسی تر کە بە قاچاغ دەهاتنەوە ئۆرووپا، ئەویش بێت. هەوڵی زۆری دەدا تا بەڵکوو بە زووترین کات تورکیە بەجێ بێڵێ و بگاتە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی و بۆ ئەو مەبەستەشی پەیوەندیی کردبوو بە هەیئەتەکانی وڵاتی فینڵاند و کانادا و باسی دۆخی خۆی و

ومەترسییەکانی سەرخۆی بۆ کردبوون. بەڵام بەهۆکاری سیاسی بوونی ئەو پرسە پەناخوازییە وڵامێکی ئەرێنی بە عەلی نەدرایەوە و ئامادە نەبوون لەگەلی دابنیشن و وەریگرنەوە. بەو جۆرە عەلی کەوتبووە نێو گەماڕۆیەکی قورسی لایەنەی دوژمنان و هاودەستانیان  کە دەرباس بوون زەحمەت ببوو و ڕۆژ لەگەل ڕۆژیش ئەو گەمارۆیە تەنگتر دەبوویەوە.

لە تەواوی ئەو ماوەیە دا بەردەوام پەیوەندیمان هەبوو لە ەهوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەک دا بووین تا بەڵکوو بتوانین بە زووترین کات عەلی لە تورکیە دەربا سبکەین و لەو پێناوەش دا ئەوەی ەهوڵ بوو دامان و لە هۆلەند پەیوەندیمان کرد، بەڵام ئاکامێکی نەبوو و دەوڵەتی هۆلەند وڵامی نەداینەوە.

هاوینی ساڵی ١٩٩٠ی زائینی بۆ ماوەی ٢ حەفتە سەردانی لای عەلیم کرد لە تورکیە.باسی هەموو ئەو دژواریانەی بۆ کردم کە لە گەلیان ڕووبەڕوو ببووە. بەتایبەتی ئەو زۆر غەمبار بوو ئەو پەنابەرانەی کەلە وڵاتی ئێرانەوە هاتبوونە تورکیە ولەوبوارەوە دەیگوت: ئەوانە هیندە وەزعیان و ژیانیان نالەبارە بەشێکیان تووشیی رووحی بوونەتەوە!

ئەو قەت کەیفی بە شاری قونیا نەدەهات و شارەکەی دەشوبهاند بە شاری  "قوم"ی ئێران و دەیگوت شارێکی خەتەرە و لە ژێرا کاریگەریی بیری ئیسلامگەرایی توندئاژۆ و تەنانەت کۆماری ئیسلامی دایە.بەڵام دەیزانی کە چارەیەکیش نیە و دەبێ لەو شارە بێ، چوونکی پۆلیسی تورکیە  ئەو شارەیان کردبووە کەمپی پەناخوازانی ئێرانی.

ئەو هاوینە توانیمان دایکیشمان بێنینەوە بۆ قونیا تا ماوەیەک لای عەلی و مناڵەکانی بێ. ٦ ساڵ بوو کە ئێمە و دایکمان یەکترمان نەبینیبوو  ودەیەویست لەوێ بێ تا ماڵئاواییمان لێ بکا و دوای گەرانەوەمان ئەویش پرواتەوە ئێران. بەڵام ئەو چووزانی کە چارەنووسێکی تاڵ لە لایەن دوژمنانەوە گەلالەی بۆ داڕێژراوە ؟ چووزانی لەبەر چاوی خۆی کورەکەی دەڕفێنن و بە بێ دەسەڵات و بە دەستی بەستراو دەیبەن ودەیکوژن؟ لایەنی بەرپرس کە یووئێن بوو تەنانەتئامادە نەبوو و نیە ڕاستیی تێرۆرەکەش ئاشکرا بکا تا ئەم ساتە وەختەش.

بەڵێ لەو ١١ساڵەی کە عەلی دژی ڕێژیمێکی ئەوندە هار و وەحشیو خوێن مژ خەباتی کردبوو ، لە هەمووی ئەو ساڵانە دا دایکی عەلی شەوێك بە بێ دلەخورپەی لە دەستدانی کوڕەکەی نەخەوتبوو، بەڵما ئەوجارەیان خۆی شاهیدی ئەو ڕۆژە ڕەشە بوو. ئەو ترسەی جارانی دایکی جەرگ سووتاو ئەوجارەیان ببووە راستییەک و ئەمرێکی داسەپاو و چارەنووسێکی نادیار بۆ عەلی دەستی پێکردبوو. بەڵام ئەو چارەنووسە نادیارە ٢٤ سەعاتی نەبرد کە ئاکامەکەی تێرۆری عەلی بوو .

بەڵێ دوژمنی دڵڕەش لە شەوی ١٥ لە سەر ١٦ی ئاگۆستی ١٩٩٠ی زائینی واتە شەوی پێش ٤٥مین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ تێرۆری عەلی پلانی بۆ دانڕابوو. ئەو شەوە نیزیکەی سەعای ١٢ی شەو ٣ کەس  یەکیان بە لیباسی سێڤیل و دووەکەی تر بە لیباس و کەرەستەی پۆلیسی تورکیەوە وەژوور دەکەون. ئەوان لە پێشان داوای کارتی پێناسی عەلی دەکەن دوای وەرگرتنی کارتەکە دەڵێن: عەلی دەبەنە بنکەی پۆلیس و هیندێک پرسیاریان هەیە  و عەلی زوو دەگەڕێتەوە لای ئێوە. مناڵەکانی عەلی لەبەر دنەگی پۆلیسەکان لە خەو هەڵدەستن و دەبینن باوکیان بەدەستی کەلەبچە کراو لە نیو دەستی ٣ کەس دایە، مناڵەکان دەست دەکەن بە پاڕانەوە لەوکەسانە و داوایان لێدەکەن کە باوکیان نەبەنەوە و تەنانەت لاقی پۆلیسەکان دەگرن و لێیان دەپاڕێنەوە. هەرچێ دایک و خێزانی عەلی بوون وایان دەزانی ئەوانە بەڕاستی پۆلیسن و حەتمەن دەیبەن هیندێک پرسیاری لێدەکەن، بۆیە دایک و خێزانی عەلی زۆر ناکەونە پارانەوە و بە قەد  مناڵەکان نیگەران نابن و ناپاڕێنەوە لەو ٣ کەسە.

کاتێک ئەوان بە ڕەفتارێکی توند و تیژ عەلی دەبەنە دەر، خێزانی عەلی هەست بە ترس دەکا و زوو زەنگ دەدا بۆ پۆلیسی شوعبەی سیاسیی ئەو شارە و جەریانەکەیان بۆ باس دەکا. بەرپرسی شوعبەکە لە وڵامدا دەڵێ: نیگەران مەبەن ، من عەلی چاک دەناسمەوە و مرۆڤێکی باشە  وهیچ گرفتێک نیە سبەی ئازاد دەبێ و دەگەڕێتەوە ، تەنیا بۆ وڵامدانەوەی هیندێک پرسیار برداوەتە بنکەی پۆلیس!

بەیانی زوو هاوژینی عەلی زەنگی بۆ من (کەریم کاشفپوور) لێدا وگوتی: نیوەشەو ٣ کەس  هاتن و عەلیان دەستگیر کرد و لەگەل خۆیانیان بردەوە و من ئێستا دەچمە پاسگای پۆلیس تۆش ئاگادار بە. منیش دەست بەجێ کومیسیاریای بەرزی پەنەبەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانم لە ئاناکارا ، هۆلەند وژنێف لە دۆخی عەلی ئاگادار کردەوە. بەڵام بە بیستنی ئەو خەبەرە لە هاوژینی عەلی، ڕاست بیرم لەوە کردەوە کە بەداخەوە ڕوویدا. نیگەرانییەکی تەواو دایگرتبووم. ئەو ڕۆژە تا سەعاتی ٥ی ئێوارە بەردەوام لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لەگەل هاوژین و دایکی عەلی و پۆلیسی قونیا دابووم. سەعات بوو بە پێنج پۆلیسی قونیا زەنگیان بۆ دام و لە یەک ڕستە دا گوتی: سەری ئێوەخۆش ، جەنازەی عەلی مان دۆزیەوە!

دایکی ئێمەیان بردبووە سەرجەنازەی عەلی  کە بەدەستی بەستراوی و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە شەهیدیان کردبوو. زۆرم هەوڵم دەدا تا پێش لە داغ و حەسرەتی دەروونم  بگرم و نەیدەمە دەر، بەڵام هاسان نەبوو خۆم ڕابگرم. خەبەرێکی کوت وپڕ و جەرگ بڕ بوو و بە هاسانی وەک مەرگێکی ئاسایی قەبووڵ نەدەکرا، یان تەنانەت بە ڕووداوێکی  ئاسایی بەخۆتی بقەبڵێنی. بەڵام ئازاری هەرە گەورە ئەوە بوو کە هیچمان لە دەست نەدەهات.

دۆستان و هاوڕێکانی عەلیم ئاگادار کردەوە لە خەبەرە تاڵ دڵتەزێنەکە و بۆ هەمووشیان ئەو خەبەرە شۆکێک بوو و نەیاندەتوانی باوەڕبە وەها هەواڵێک بکەن، بەڵما بەداخەوە کە هەوالەکە ڕاست بوو. ئەو نەیەکەمین تێرۆری دژی تێکۆشەرانی کورد بوو و بەداخەوە نە دوایین تێرۆریش بوو. ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران  پێش تێرۆری عەلیش کۆمەڵێک تێکۆشەری کورد و ئێرانیی وەک: دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی  لە ڤیەن (١٩٨٩) غولام کەشاوەرزلە قبرس(١٩٨٩)  چەندین ئەفسەر و کاربەدەستی ڕێژیمی پێشووی ئێران، سەدیقی کەمانگەر لە عێراق(١٩٨٩) کازم ڕەجەوی لە ژنێڤ(١٩٨٩).

دوای تێرۆری عەلیش دیسان ماشێنی تێۆری ڕێژیم لە کار نەوەستا و بەردەوام بوو لە کردەوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی وڵات و عاتیفەی قازی لە سوئێد بە هۆی بۆمب،

ئەبووبەکری هیدایەتی لە سوئێد بە هۆی بۆمب و زۆر تێرۆری دیکە تا گەیشتە تێرۆری میکۆنووس کەلەوێش دا دوکتۆر شەڕەفکەندی و هاورێیانی لە ١٩٩٢ لە بێرلین کە ئەوە بوو بە خاڵی ڕیسوایی کۆماری ئسیلامی کە دادگای ئاڵمان بە فەرمی ئەو تێرۆرەی بە بەڵگەوە لە سەر کۆماری ئیسلامی لە بەرزترین ئاستی ڕێبەری دا ساغ کرایەوە.

زۆرکەس دەیانەویست لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی پیرۆزی شەهید عەلی دا بەشدار بێ، بەڵام بەهۆی دۆخی ئەوکاتی تورکیە ئەو کەس و لایەنانە نەیانتوانی دوا ماڵئاوایی لە عەلی بکەن کە ئەویش ئازارێکی تر بوو لەو کارەساتە دا.

لە ١٧ی ئاگۆستی ١٩٩٠ لە گۆڕستانی گەورەی شاری قونیا و لە نیزیک مەزاری شاعیری ناودار" مولانا جلال الدین بلخی" تەرمی غەریبی عەلیی غەدرلێکراو بە ژمارەیەکی نە هیندە زۆری خەڵک بەخاک سپێردرا. دیارە بە خاکسپاردنی عەلی لەو گۆڕستانە نە بە خواستی ئێمە بوو و بە دڵنیاییەوە نە عەلی موافیقی دەبوو ئەگەر هاتباوە زمان.ئەو ئاواتی ئەوەبوو دوای مردن لە پەنا هاوسەنگەرانی یان باقی بنەماڵەکەی بنێژرێ. ئەوەش خۆی قەدەرێکی نەخوازراوی میللەتی کورد و تێکۆشەرانیەتی کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان دوای دەیان ساڵ خەبات ، تەنانەت ٢ میتر خاکی نیشتیمانە داگیرکراوەکەشیان نابێتەوە نسیب .

ئەگە ربمانەوێ با سلە عەلی کاشف پوور بکەین دەبێ بڵێین: ئەو لە کاتێکدا کە پێشمەرگەیەکی ئازا و نەترس بوو، لە هەمانکاتیش دا بەرپرس و فەرماندەرێکی سیاسی و نیزامیی لێهاتووش بوو. ئەو تا دوا ساتەکانی ژیانی درێژەدەری تێکۆشانی نەتەوەیی بوو و قەت لەو تێکۆسانە غافڵ نەدەبوو. ئەو جڤاکی کوردستانی چاک دەناسی. هەرگیز پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێکەڵ بە پەیوەندییە سیاسییەکان و ئەرک و تێکۆشانی خۆی نەدەکرد.خوو و خدەی نەرم و گەرمەکانی عەلی تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە کەمترین ناسیاوییان لەگەلی هەبوو جێی سرنج و سەرمەشق بوون.

هەر ئەو تایبەتمەندیانەش بوونە هۆی ئەوە ە ڕێیم لە ناوچەکانی ئۆرمیە زۆر پیلانی ب لە ناوبردنی عەلی داپڕێژێ کە بەهۆی وریایی خەڵک و پێشمەرگە هەموویان بوونە بڵقی سەرئاو و سەرنەکەوتن. لەماوەی زیاتر لە ١١ ساڵ خەباتی خۆیدا عەلی توانیبووی خۆڕاگر، باوەڕی قووڵ بە سەرکەوتن، هەست بە بەرسایەتی ، ئیدامەکاری و وەفاداری بە ڕێبازەکەی بیێتەوە ئەو عەلیەی کە جێی متمانەی خەڵک و پێشمەرگە و خەباتکارانی نەتەوەکەی بێ.

عەلی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران ، عێراق و تورکیە ژیابوو و و ئاشنایەتیی کامڵی لەگەل هەبوو و خەڵک و خاکی بەباشی دەناسی. بەڵام وەک سروشتی شۆرش هەبۆوە و هەیە، هەمیشە پاکترین و دڵسۆزترین خەباتکاران دەبنە پێشەنگی شۆرش هەم لە خەبات و هەم لە گیانفیدایی دا.

لەگەل ئەوەی کە عەلی خوێندکارێکی زانکۆ بوو، بەرپرسێکی سەرەوەی عیزب بوو ، بەڵام شێوەی هەڵس و کەوت و ژیانی سادە و ساکاری ئەو لەگەل هی پێشمەرگە یەکی گەنجی سادە یەک شت بوون. قەت ئامادە نەبوو فەرقێک لە نێوان خۆی و پێشمەرگەیەک دابنێ.

عەلی مرۆڤێکی سادق ، دەست و دڵ پاک و لە دۆستایەتیش دا گەرم و خاکی بوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی عەلی ئەوە بوو کە حەزی لە یەکڕیزی و تەبایی دەکرد و دژی دوو بەرەکی ویەکتر بوغزاندن بوو، و نەفرەتی لە دووبەرەکی دەکرد.

ڕێژیمی ئاخوندەکان توانی عەلی مان لێ بستێنێ، بەڵام قەت نەیتوانیوە و ناتوانێ مانای هەبوون و ژیانمان لێ بستێنێ. ناوی عەلی و هەموو شەهیدانی کوردستان لە دڵی میللەت و لە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەمان دا تۆمار کراون و بە زیندووی دەمێننەوە و وەک ئەستێرەیەکی گەش هەردەم دەدرەوشێنەوە.

کەریم کاشفپوور ١٩٩١/٣/١١

هاوژینی عەلی لە سەر ڕووداوی ڕفاندن و تێرۆرەکە دەدوێ: دەستەوانەی ئەتڵەسی و دەستی پڕ لە خوێن

من له گەل دایک و هاوژین و منالەکانی شەهید عەلی دانیشتووم. وێنەکانی عەلی که هەموویان بزەیان له سەر لێوە و به دیوارەوە هەڵواسراون سرنجی من ڕادەکێشن وبه بێ دەنگی  دەبمەنە ڕۆژانی پێکەوە بوون و هاوڕێیەتیمانەوە. ڕۆژانی کار و چالاکیمان وەک فیلمێک لەبەر چاوم ڕا دەرباس دەبن. هاتبووم تا له حاڵ و ژیانی ئەوان بپرسم،بەڵام ڕوانینی عەلی لەو وێنانە دا دەمبەنە خەیاڵەوە وهانم دەدەن تا جارێکی تر چۆنیەتیی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی دەرحەق به عەلی کرا له زمان شاهیدێک که هاوژینیەتی  ببیسم، چوونکی هەرچی دەکەم ناتوانم ه خۆمی بقەبڵێنم که عەلی له کیس مان چووە و لێیان ئەستاندووین!

*پ . بۆچی بڕیارتان دابڕۆن بۆ تورکیە وخۆیان به ڕێکخراوی بەرزی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بناسێنن؟*

و. ئێمە به دوو هۆکار ئەو بڕیارەمان دا:

یەکەم: هاوژینم بەردەوام به دوای کار  وئەرکی حیزبی یەوە بوو که جێ به جێ یان بکا و بەردەوام له مەئمووریەتە حیزبییەکانی دابوو که پێێ دەسپێردران. لەڕاستی دا کار  وتێکۆشانی حیزبی عەلیی له ئێمە جیا کردبووە. من و منالەکانم زۆربەی کات هەر به تەنیا بووین و به تەنیا دەژیاین. بەڵام له لایەکیش هەوڵم دەدا تا بڕیک لەو ئەرکانەی کەله سەر شانی عەلی قورساییان کردبوو سووک بکەم. لەو پەیوەندیەدا هەستم دەکرد بوونی ئێمە لەو مەوقعیەت و له جێگا پڕ مەترسیانەی که لێێ دەژیاین بەردەوام بۆ عەلی جێی نیگەرانی بوون و ناچار دەبوو بیر له دۆخی ئێمەش بکاتەوە، بۆیە ویستمان کارێک بکەین که عەلی لەو لایەنەی ئەرکەوە تا ڕادەیەک ئاسوود ەبێ.

دووهەم: بیرله داهاتووی منالەکان بوو که گەورە دەبوون، دەبا بخوێنن، بەڵما هەل و مەرجی ژیانمان ئەوە نەبوو تا منالەکان بڕۆنە قوتابانە و بخوێنن. بەڵما بۆچی ساڵی ١٩٨٩ مان بۆ هاتنی تورکیە هەڵبژارد؟ وڵامەکە ئەوەیە که یەکێک له دۆست و هاوڕێ هەرە نیزیکەکانمان بڕیاری دا خۆی  ومنالەکانی بێنە تورکیە و خۆیان به یووئێن بناسێنن و داوای پەنابەرێتی بکەن تا بگوازرێنەوە بۆ وڵاتی سێهەم .  لەبەرئەوەی که که ئێمە ( من و منالەکانم) نەمان دەتوانی به تەنیا بچینەوە ئانکارا و خۆمان به یووئێن بناسێنین،

بڕیارمان دا لەگەل ئەو هاوڕێ یە و بنەماڵەکەی دا بێین بۆ ئانکارا و خۆمان بە یووئێن بناسێنین. ئەوەش زیاد بکەم کە بە حوکمی ئەوەی ەبشێک لە بنەماڵەی ئێمە لە هۆلەند دەژیان و دەمێک بوو هیندێک کاریان کردبوو بۆ ئەوەی ئێمە لەو وڵاتە وەربگیرێین، بۆیە تا ڕادەیەکی باش دڵنیابووین لەوەی کە ئەو وڵاتە وەرمان دەگرێ.هەروەک گوتم گرفتی هەرە گەورەمان ئەوە بوو کە بە تەنیا نەماندەتوانی بچینەوە ئانکارا و خۆمان بە یووئێن بناسێنین کە چوونەوەمان لەگەل ئەو هاوڕێ یە بە دەرفەتمان زانی.

*پ. ئێوە کەی چوون بۆ ئانکارا و خۆتان بە یووئێن ناساند؟*

و. ئێمە لە ڕۆژی ٢٧ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩ چووینەوە یووئێنی ئانکارا و خۆمان ناساند. ئیدی ئەوەبوو مانگێکیش پێش ئەو هاورێیەمان و بنەماڵەکەی ئێمەیان بانگ کرد بۆ موساحیبە (٢ی نوامبری ١٩٨٩) . بەڵام  هەروەک گوتم ئەو بنەماڵەیەی هاورێمان مانگێک دوای ئێمە موساحیبە کران، کەچی ئەوانیان وەرگرت، بەڵام وڵامێکیان بە ئێمە  نەدایەوە کە ئەوە خۆی جێی پرسیار بوو! هەیئەتێکی هولەندی ئیدارەی پەنابەری و موهاجیرەتی هۆلەند هاتبووە تورکیە و بەرلەوەی لە هۆلەند حەرەکەت بکەن قەولیان بە بەو بەشە لە بنەماڵەی ئێمە دابووە کەلە هولەند دەژیان و گوتبوویان کە چووینەوە لەگەل هاوژین و مناڵەکانی عەلی پەیوەندی دەگرن و موساحیبەیان لەگەل دەکەن بۆ وەرگیران و گواستنەوەیان بۆ هۆلەند. بەڵام کاتێک ئەو هاوڕێ یەمان و بنەماڵەکەی بانگ کران و هەیئەتی هۆلەندی موساحیبەی لەگەل کردن، دەرکەوت کە ئێمە وەک پەنابەر لە لایەن ئۆفیسی ئانکارای کۆمیساریای بەرزی پەنابەرانەوە وەرنەگیراوین!

ئەوجار کە ئامۆزاکەم لەگەل ئەو هەیئەتە هۆلەندییە کە هاتبووە تورکیە لە بارەی ئێمەوە  پرسیاری کردبوو، ئەوان لە وڵام دا گوتبوویان: ئۆفیسی ئانکارای کۆمیساریای بەرزی پەنابەران ئەو بنەماڵەیە وەک پەنابەر ناناسێ! هۆکارەکەشیان ئەوە با سکردبوو کە : چوونکی سەرپەرەستی بنەماڵەکە واتە عەلی لەگەل ژن  ومناڵەکەی نیە ، بۆیە ناتوانین وەریان گرینەوە وەک پەنابەر. هەڵبەت خۆشمان چەند جارێک ئەو هۆکارەمان لە زمان یەکێک لە بەرپرسانی کۆمیسیاریا بە ناوی بەکر ئاک لە شاری قونیا بیستبووە.

*پ . باشه بیرت لەوە دەکردەوە کە دەبێ هاوژینیشت لەگەل بێ بۆ ئۆرووپا؟*

و . نە ، من قەت ئەو فکرەم نەکردبوو. هەروەک پێشتریش باسم کرد، ئێمە دڵنیابووین لەوەی کە بە بێ عەلیش ئێمە وەک پەنابەر وەردەگیرێین. هۆکارەکەش ئەوە بوو کە خاوەنی هەموو مەرجەکانی پەنابەری بووین. لە نێو پەناخوازانی کە لەوێ بوون یان کەسیان ئەو مەرجانەی ئێمە هەمان بوون بۆ وەرگیران وەک پەنابەر نەبوو، یان زۆر کەم بوون. ئێمە کاتێک لە شاخەکانی کوردستان دا لەگەل شۆڕش بووین، شەرت و مەرجی ژیانمان هەر وەک پەنابەری وابوو. جیاوازیەکە بەس ئەوە بوو کە ژیانی شاخ دژوارتر و بێ ئیمکاناتتر و پڕ مەترسی تر بوو. ئەوە بوو دوای وەرگرتنەوەی وڵامی نەگاتیف لە یووئێن، بڕیارمان دا بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی کە لێی بووین واتە لە شاخەکانی کوردستان.

*پ . هۆکار چ بون کە ئەو بڕیارەتان جێ بە جێ نەکرد و نەگەڕانەوە شوێنی پێشووی خۆتان؟*

*و* . ئەو هاوڕێیەمان کەلە گەل مان لە قونیا لە یەک ماڵ دا دەژیان و بەرپرسایەتیی ئاگاداریی ئێمەی قەبووڵ کردبوو لەلایەن هەیئەتی هۆلەندەوە دیدار و قەبووڵ کران و دەبوایە لە ماوەی دوو حەفتە دا تورکیە تەرک بکا و سەفەر بکا بۆ هۆلەند. لەو دۆخە دا هاوڕێمان پەیوەندیی بە عەلی یەوە کرد و جەریانەکەی بۆ عەلی باس کرد. هاوژینی من لەوکاتی دا دژوارترین رۆژەکانی دەرباس دەکرد ، تەنیا من دەزانم ئەو لە چ دۆخێکی سەخت دابوو. لە لایەک هیچی لە دەست نەدەهات، لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکی حیزبیی ئەو حوکمی دەکرد کەلە شوێنی تێکۆشانی خۆی بمێنێ. هەروەها ئەوەشی لێ ڕوون بوو کە ئەگەر بێتەوە تورکیەش ئەوە خۆی دەخاتە نێو ئاورەوە. بەڵام لە نیهایەت دا مەجبوور بوو بڕیارە هەرە نابەدڵ و مەترسیدارەکە بدا کە ئەویش هاتنی بۆ تورکیە و خۆ گەیاندنە ئانکارا بوو و دۆخە دژوارەکەی بۆ یووئێن باس بکا.

*پ . وڵامی بەرپرسانی کۆمیساریا چی بوون؟*

و . عەلی بۆ ئەوان باسی ئەوەی کرد کە من ناتوانم لەگەل ژن و منالەکانم بمێنم، هۆکاریش ئەوەیە کە من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبم و ئەرکم لە سەرشانە، ئەگەر ئێوە ژن و منالم وەک پەناخواز قەبووڵ نەکەن من ناچارم ئەوان لەگەل خۆم بیبەمەوە شاخ و ژیانی ئەوان لە مەترسی بکەوێ.

*پ . ئێوە دەزانن ئەوکەسەی کەلە کۆمیساریا لەگەل عەلی قسەی دەکرد کێ بوو؟*

و . بەس ئەوندە دەزانم کەلە ڕێگای شاخەی هۆلەندی کۆمیسارپای بەرزی پەنابەران ئاگادارکرابووین کە بۆ کەیسەکەمان پەیوەندی ەب کەسێکەوە بگرین بەناوی "مۆرگان" و عەلی لە ئانکارا دەگەل ئەو کەسە دادەنیشت و باسی دۆخی ئێمەی دەکرد.

مۆرگان بە عەلی گوتبوو: هیچ خاڵێک لە کەیسی ژن ومناڵت دا نابیندرێ کە ئەگەر بگەڕێنەوە ئێران و مەترسییەکیان لەسەر بێ! هەروەها گوتبوی ئێمە ناتوانین ژن و منالەکانت بە بێ سەرپەرەست واتە عەلی وەک پەنابەر وەربگرینەوە.

*پ . عەلی چۆن ڕازی بوو کە داوای پەنابەری لە کۆمیساریا بکا؟*

و . عەلی زۆری هەوڵ دا تا ئەوان بە مەنتق حالی بکا لە دۆخی خۆی و منالەکانی، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوو. لە کۆتایی دا عەلی پێی ڕاگەیاندن : من ناچارم ژن و منالەکانم لەگەل خۆم بگەڕێنمەوە شاخ.

وڵامی بێ پێچ و پەنای مۆرگان ئەوە بوو کە: ژن ومناڵت لە شاری قونیا لە لایەن پۆلیسی ئەو شارەوە چاوەدێری دەکرێة و ئەوە ئەوان دەتوانن ژن ومناڵت بگەڕێننەوە و تەسلیمی دەوڵەتی ئێران یان مەئموورانی ئێرانیی سەر سنوور بکرێن. ئەوە بوو عەلی کەوتبووە دووڕیانێک و بڕیار دان سەخت بوو بۆی.

لە هەمانکاتیش دا برای عەلی لە هۆلەندیش هەولی دەدا تا لەگەل شاخەی کۆمیساریا لە هۆلەند ڕێگاچارەیەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئێمە، کەچی وڵامی ئەرێنی یان بە ئەویش نەدا و ئاکامێکی نەبوو. چونکی کاروباری کەیسی ئێمە لە دەست کۆمیسارپای پەنابەرانی شاخەی جێگیر لە ئانکارا دا بوو و دوای موافیقەتی ئەوان پەناخواز دەیتوانی هۆلەند، یان وڵاتێکی تر وەک وڵاتی سێهەم بۆ ئێمە دیاری بکا.

*پ . لەو ماوەیە دا عەلی خەریکی چی بوو؟*

و . عەلی پەیوەندیی هب سکرتێری گشتیی حێزبەوە کرد و لە دۆخ و گرفتی ئێمە ئاگاداری کردەوە. پڕیاریان دا کە عەلیش خۆی بە کۆمیساریا بناسێنیٚ و داوای پەنابەری بکا. سکرتێری گشتیی حیزب هیندێک دڵی عەلیی دایەوە وگوتی: هیچ کێشەیەک نابینم لەوەی کە داوای پەنابەری بکەی، هەرکاتیش گەیشتیە وڵاتی سێهەم و ویستت بگەڕێ یەوە، خۆشاڵ دەبین و تۆش درێژەی تێکۆشانی خۆت دەدەی.

*پ . ئەو ماوەیە ئێوەش لە ئانکارا بوون؟*

و. نە ، ئێمە لە قونیا بووین. عەلی بە تەنیا لە ئانکارا دەمایەوە، بەڵام پەیوەندیمان هەبوو. ئەوە بوو عەلی داوای پەنابەریی کرد و وەک پەناخواز قەبووڵ کراین و عەلیش گەڕایەوە لای ئێمە لە شاری قونیا.عەلی لە قونیا خۆی وەک ئازەری دەناساند، چوونکی بە جیدی هەستی بە مەترسی دەکرد و لە خودی پۆلیسی تورکیەش بە گومان بوو و نەیدەتوانی لەوانیش دڵنیا بێ و بناسرێ.

*پ . بەڵام لەهەمانکاتیش دا ئەوە عەلی لای ئێوە بووە و دەبێ ئێوە خۆشحاڵ بووبن؟*

و . ڕاستە ئەو لای ئێمە بوو و لەگەل ئێمە دەژیا، بەڵام قەت هەستمان نەدەکرد کە تەنانەت بۆ کاتێکی کورتیش بێ ئەو لە کار و تێکۆشانی خۆی ڕابێتەوە، لەوێش هەر بیر و هزری لای کار و خەباتی حیزبەکەی بوو و دەشمانزانی کە ئەو لە مەترسیدایە، بۆیە ژیانی ئەو ماوەیەی ئێمە بەردەوام لە گەل ترس و دڵەخورپە بوو.

*پ . لە قونیا چۆن دەژیان؟*

و . هەروەک پێشتریش باسم کرد ، بەرلە هاتنی عەلی ، من و منالّەکانم لەگەل بنەماڵەی ئەو هاوڕێ دێرینەمان دەژیاین. ئێمە و ئەوان ١١ کەس بووین کە هەمووماں لە ماڵێکی بچووکی دوو ژووری دا دەماینەوە. ژیانمان زۆر سەخت بوو. ئێوە بۆخۆتان لەوێ وەک پەنابەر ژیاون و دەزانن ژیانی پەنابەری لە تورکیە چۆنە و چەند دژوارە؟ ئێمە چەندین ساڵیش لە شاخ مابووینەوە و لەوێش ژیانێکی دژوارمان هەبوو .

دوای ڕۆیشتنەوەی ئەو هاوڕێ یەمان بۆ هۆلەند و هاتنی عەلی بۆ لای ئێمە، تەنیا یەک ژوورمان هەبوو بۆ ژیان و ژوورەکەی تر پۆلیس دابووە بە خانمێکی ئێرانی کەلە گەل کچ و کوری خۆی تێیدا دەژیان. ڕەوشی ژیانی ئەوانیش لە هی ئێمە باشتر نەبوو. خانمە ئێرانییەکە نەخۆش بوو و ئیمکانی ماڵیی نەبوو پرواتە دوکتۆر، سەرەڕای هەموو نەبوونیمان ، عەلی هاوکاریی ئەو ژنەی دەکرد تا پرواتە لای دوکتۆر بۆ موعالیجە. ئەوەش زیاد بکەم کە ئەو خانوویەی ئێمە تێیدا دەژیاین ، هەرناوی خانوو بوو، دەنا کەلاوەیەکی داڕووخاو بوو و بەس.

*پ . دەمەوێ باسی چۆنیەتیی ڕفاندنی عەلی بکەی ، ئەو شەوە چی ڕوویدا؟*

و. ( بە چاوی گریانەوە، دەڕوانێتەوە دەوروبەری، کە مناڵەکانی و دایکی عەلی چاوەڕوانن تا باسی ئەو شەوە بکا) .

ئەو ڕووداوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و .... دا بەدرێژی باسی کراوە. بە هەمان شێوە کەلە میداکان دا هاتووە ڕوویدا.

درەنگانی شەو زەنگی دەرگای ماڵەکەمان لێیدا. لەو درەنگانی شەوە دا زەنگی دەرگا شتێکی ئاسایی نەبوو. ژنە دراوسێکەمان دەرگای کردەوە، ئەوجار لە دەرگای ژوری ئێمەیان دا. دیارە چاوەڕوانیی ئەو ڕوداوەمان نەدەکرد. من دەرگام کردەوە، کە دیتم دوو کەس بە لیباسی پۆلیسی تورکیە لە پشت دەرگان. پۆلیسەکان گوتیان دەمانەوێ لەگەل هاوژینت قسە بکەین ، بەڵام چاوەڕوانی وڵامی من نەمانەوە و بە زۆر وەژوور کەوتن. ئەوان عەلی یان گرت و داوای کارتی پێناسیان لێکرد و گوتیان دەبێ تۆ( عەلی) لەگەلمان بێی بۆ پاسگای پۆلیس. بەڵما ئەو بێ ویژدانانە تەنانەت مەجالی ئەوەیان نەدا عەلی کارتی پێناسیش پێشانیان بدا. مناڵەکان بەو دەنگە دەنگە لە خەو هەستا بوون و حەپەسا بوون و بە دەوری عەلی دا دەخولانەوە. هە رلەوکاتی دا دیتم ڕووناکاییەک لە حەوشەی ئێمە هەیە کە تەماشام کرد کەسێکی دیکە بە بێسیمێکەوە چاوەڕوانی دەکردن. دیار بوو کە مەترسیی جیدی هەیە. بەو نیوەشەوە هاتنی پۆلیس و بەوشێوە نامرۆڤانە بردنەوەی عەلی و ڕەفتاری توندو تیژی پۆلیسەکان ڕا دیار بوو کە عەلی لە ژێر مەترسی دایە. هەمووی ئەوانە نیشانەی نائاسایی بوونی ئەو هاتنە

ژورەی پۆلیس بوو. بۆیە هەر دوای بردنەوەی عەلی زەنگم دا بۆ پۆلیسی سیاسیی قونیا و کۆی ڕووداوەکەم بۆ باسکردن و داوای هاوکاریم لەوان کرد.

پۆلیس لە وڵام داگوتی: ئێستا شەو درەنگە ، بەڵام نیگەران مەبن و شتێکی هیندە گرینگ نیە تا نیگەران بن. سبەی لە سەر ئەو جەریانە دەکۆڵینەوە. بەڵام ئەوەبوو بەیانی تەرمی عەلی یان دۆزییەوە. ئەو تێرۆریستانە هەر دوای ئەوەی بردنە دەری عەلی لە ماڵ، بردبوویانەوە چۆلایی و بەداخەوە شەهیدیان کردبوو.

*( ئامادەکار: بەڵێ لەگەل ئەو قسانەش هاوژینی عەلی فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە وئێمەش بە بێ دەنگی دانیشتووین، هەرچەند ئیدی پرسیارێک نەماوە بیکەم، بەڵام بۆ شکاندنی ئەو بێ دەنگییەی ژوورەکە ئەم دوایین پرسیارەشم کرد)*

*پ . چەند مناڵتان بە یادگاری عەلی ماون؟*

*و . (بە دەست پێشانمان دەدات و دەڵێ: چوارن ، دوو کچ و دوو کور. کچە گەورەکەم ١٤ ساڵەو ئەوەی دیکەیان ٧ ساڵە. کوري گەورەکەم ١١ ساڵە و ئەوی بچووکیش ٤ ساڵە)*

ئەو هەموو پرسیارە لە شاهیدێک کە پێیخۆش بوو هەمووی ئەو ڕووداوانەی بە سەری هاتوون، خەونێک بوونایە و بە هەستانەوە لە خەو هیچیان وا نەبوونایە کە بەداخەوە ڕاستین و ڕوویان داوە. وڵامەکانی شاهیدێک کە هاوکات پێنج شاهیدی دیکەش لەم ژوورە دا بە بێ دەنگی دانیشتوون و گوێ بۆ قسەی هاوژینی مرۆڤێکی خەباتکاری غەدرلێکراو دەگرن و ئەو بەسەرهاتە بۆ ئەوان ئاشنایە و ئەوانیش شاهیدن. ئەوان بە ئیشارەی سەر تەئیدی وڵامەکان و قسەکانی فاتمە خانم دەکەن.

موزەفەر بێگزادە

١٩٩١/١٢/٣٠ ئالمێرە

********

**١٢ ساڵ شان بە شانی عەلی کاشف پوور**

تەلەفۆن زەنگی خوارد. کە هەڵمگرت دەنگێکی کز بە لەرزەوە : ئەزم موزەفەر لە شاری ئالمێرا! من ئەحواڵپرسیم لێکرد . لە وڵاممدا گوتی: زۆر خەراپم! کە پرسیم بۆ؟ گوتی: عەلییان شەهید کرد!لێم پرسی کام عەلی؟ گوتی : بۆ مەگەر عەلی ناناسی؟ عەلیی خۆمان! دەمزانی مەبەستی کام عەلی یە، بەڵام نەمدەتوانی باوەڕ بکەم! دیسان پرسیم : کام عەلیی خۆمان؟ ئەوجار گوتی: عەلیی خۆمان کەلە تورکیە بوو، دوێنێ بردوویانە و شەهیدان کردووە ! ئیدی موزەفەر تەلەفۆنی بێ ماڵئاوایی دانا.

هەرچی منم گووشیی تەلەفۆن بەدەستمەوەیە و لە جێی خۆم ویشک هەڵگەڕاوم و نازانم خەونە، ڕاستی یە، باوەڕ بکەم یان نە؟ چونکی قەت باوەڕم نەدەکرت کە ڕۆژێک هەواڵی جەرگ بڕی عەلی ببیسم. لە خۆمەوە دەمگوت: نا ! مومکین نیە ئەوە ڕاست بێ! مناڵەکان لێیان پرسیم چی بووە؟ گوتم عەلی شەهید بوو! ئەو وڵامەی من بوو بە شین و ڕۆڕۆی ژن و مناڵم. بەڵێ بە هەواڵی شەهید بوونی عەی، هاوڕێیەکم لە دەست دابوو کە دە ساڵ هاوکار و هاوخەبات و هاوسەنگەر بووین. هاوڕێ یەک کە یەکترمان زۆر خۆش دەویست لە دەستم دابوو!

ئەو بۆ چارەسەری گرفتی مناڵەکانی ڕوی لە تورکیە کردبوو تا بتوانێ چارەیەک بکا کە ژن و مناڵەکانی بگەنە وڵاتێکی ئەورووپایی. بەڵام بەداخەوە دوژمنی هار و دڕندە لە هەر جێگایەک بۆی بلوێ بێ گوێدانە عورف و عادەتی ئینسانی و نێو نەتەوەیی ، دەست لە خەباتکارانی کورد ناپارێزێ. ئەوان دەرفەتیان دیت و عەلییان لە ئێمە ئەستاند کە هەرگیز باوەڕمان نەدەکرد عەلی بەوشێوەیە تێرۆر بکرێ.

عەلی بۆ حیزبەکەی مرۆڤێکی سادق، بۆ دۆزی گەلەکەی فیداکار و بۆ هاوڕێیانی کەسێکی ماندووی نەناس بوو. زۆر جار کە پێکەوە دادەنیشتین عەلی دەیگوت: گە رمن شەهید بووم ڕاستیی ژیانم بنووسن ، نە کەم و نە زیاد، ئێمەش لە باوەڕ نەکردن دا پێدەکەنین، بەڵام بێ خەبەر لەوەی کە ئەو ڕۆژە لە کەمین دا بوو و بە چاوی خۆمان دیتمان . ئەوەش سروشتی مرۆڤی تێکۆشەرە کە بەردەوام پەرگ لە پێش ژیان دەبینن

و لەگەل مەرگ دا دەژین. بەڵام هاورێیەتیمان هیندە گەرم و لە دڵەوە بوو، تەنانەت بە گەپ وگاڵتەش پێمانخۆش نەبوو ئەو شتە ببیسین.

بەڕاستی نووسین لە سەر کەسێک کە هەموو ژیانی خۆی بە دژواری تێپەڕاندبێ و بەردەوام لە فکری هاورێو هاوکار و گەلەکەی و دەوربەری دابووبێ کارێکی هاسان نابێ و مرۆڤ نازانێ لە کوێ و بە چی دەست بکا بە نووسین لە سەری.

دوای هێرشی گەورەی ڕێژیم(ئاخەرین ڕۆژی بەهاری ١٣٦٣ی هەتاوی) بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاتنە ئارای شەڕێکی قورس لە کاتی هێرش بۆ سەر گوندەکانی: حەسەنی، گۆدەل، کۆران و سوڵتانی لە ناوچەی سۆما و لە ناوچەی شپیرانیش سپیدەرە ، لە چیای بەرێدی و سەرکەش شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی داگیرکار ڕوویدا. لەو شەڕە دا دەیان کەس لە ئەفرادی هێزی داگیرکار کوژران و بەداخەوە لەو شەڕە د ٧ا پێشمەرگەی فیداکاریش گیانیان بەخشی. عەلی کاشفپوور ئەوکات هەم یەکێک لە ئەندامانی ناوەندی ئاگری بوو (یەکێک بوو لە ٤ ناوەندی دابەشکاریی تەشکیلاتیی حیزب) و هەمیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوو، خۆی لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بوو و چالاکانە هەم بەشداری دەکرد و هەم سازماندەهی.

لە دوای ئەو هێرشي و داگیر کردنی هەموو ناوچە ڕزگارکراوەکانی دەڤەری باکووری ڕۆژهەڵات کە ئیدی عەمەڵەن بنکەکانمان نەمابوون و لە نەکاو کەوتبووینەوە دۆخی پارتیزانی کە جارێ دژواربوو، ڕێژیم کەوتبووە تەبلیغاتی ئەوەی کە ئیدی کۆتایی داستانەکەیە ، عەلی و چەند هاورێی دیکەی بەرپرس لە هەوڵێک دا سەرلە نوێ پێشمەرگەیان سازماندەهی کرد و ناردیانە نێو خەڵک . لەگەل ئەوەی بنکەی سابیتی پێشمەرگە نەما بوو ، بەڵام پێشمەرگە بەرە بەرە عادەتی کرد کە ئیدی هەموو شیو و دۆڵ و چیایەک بنکەی ئەوانە و سەردەمی خەباتی پارتیزانی دەستی پێکرد.

پێشمەرگە لە دەستەی ٢٠، ٣٠ کەسی دا خەریکی جەولە و تێکۆشان بوون لە ناوچە دا و دوژمن کەلە حیسابەکەی دا هەڵەی کردبوو، تووشی گێژاوێک ببوو. تەواوی ناوچە میلیتاریزە کرابوو، بەڵام ئەو میلیتاریزەیە نەیتوانیبوو پێش بە چالاکیی پێشمەرگە بگرێ

و تەنانەت زیاتریش لە جاران چالاکی هەبوون. زستان بە ڕێگاوە بوو و دەبوایە بیرێک لە شوێنێک بکرێ کە بۆ ئەو زستانە و دانانی هیندێک بنکە بۆ پێشمەرگە گونجاو بێ. ئەوەبوو گوندی دێرێ کە جارێ ناوچەی ئازادکراوی گەلی بەردەڕەش بوو بۆ بنکەکان دیاری کرا. لەو ناوچەیە چەند گوندێک بە دەست هێزی پێشمەرگەوە مابوون. گوندی شاخاویی  دێرێ تەنیا چۆمێک لە بەینی ئەو و خاکی باکووری کوردستان(سنووری تورکیە) دابوو. ئەوە بوو چەند بنکە دانران و پێشمەرگە لێێ جێگیر بوون.

جیهانگیر ئیسماعیل زادە وەک بەرپرسی ناوەندی ئاگری کە بە ەبەستی بەشداری لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب چووبووە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب کەلە باشووری کوردستان بوو، لە کۆتایی پاییز دا گەڕایەوە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاتەوە گوندی دێرێ. دەفتەری سیاسیی کەسێکی دیکەی لەگەل کاک مهندس جیهانگیر ناردبوو بە ناوی جەعفەر حامیدی. ئەوان و کاک عەلی هەرسێکیان لە بەرپرسانی حیزب بوون لە کۆمیتەی ناوەندی ئاگری. ئەوکات حیزب کوردستانی  لە بواری تەشکیلاتییەوە دابەش کردبوو بە چوار ناوەندی: ناوەندی باکوور، ناوەند، باشوورو بنکەی دەفتەری سیاسی. ناوەندی ئاگری لە باکووری ڕۆژهەڵات پێکهاتبوو لە: ٤ شارستان و چەند شارۆچکە .  بنکەی کۆمیتەی ناوەندی ئاگری لە  گەلی بەردەڕەشی ڕۆژئاوای ئۆرمیە هەڵکەوتبوو.

لە کۆتایی پاییزی ١٩٨٤ عەلی لە ناوەندی ئاگری دا وەک بەرپرسی پەروەردە و پێگەیاندن و کاروباری کۆمەڵایەتی دیاری کرا. سەرەتای زستانی ٨٤ لە ژێر بەرپرسایەتیی جیهانگیر ئیسماعیل زادە دا ژمارەیەک کادر و پێشمەرگەی هێزەکانی: شەهید نەحۆ، شەهید سەرگورد عەبباسی، شەهید سەروان حاتەم و شەهید ئاوارەی پیرانشار بۆ جەولەیەکی سیاسی- نیزامی لە گەل فەرماندەکانیان  چوونەوە ناوچەکانی سەڵماس و سۆما. عەلیش لەگەل ئەو هێزانە بوو لەو جەولەیە دا.

پێشمەرگەکان جەولەکەیان لە ناوچەی سۆما بە باشی کۆتایی هێنابوو و بۆ کامڵ کردنی جەولەکەیان ڕۆژی ٣ی ژانویەی ١٩٨٥ بە مەبەستی زەبر وەشاندن لە هێزی داگیرکار دوو شوێنیان هەڵبژاردبوو بۆ عەمەڵیات کە ئەوانیش بنکەی اطلاعات لە نێو

شاری سەڵماس و کۆنترۆڵ کردنی جاددەی ئۆرمیە-سەڵماس بوو. لە عەمەڵیاتی ئەو دوو نوقتەیە دا دەیان پاسدارو فەرماندەری ئەو هێزە دژی گەلی یە کوژران و بریندار بوون. زەبرەکە هیندە لە نەکاو و گورجک پڕ بوو بۆ دوژمن، لە ماوەیەکی کورتی چەند سەعاتی دا ڕێژیم ویستی تۆڵە بکاتەوە و ورەی ئەفرادی خۆی بەڕێتە سەر. ئەوە بوو زوو هێزەکانی کۆکردەوە و بۆ بەیانیی ڕۆژی ٤ی ژانویە ٨٤ ڕێژیم بە هێزیکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر گوندی بەردیان سەربە دەڤەری گەلیێ سوولێ کە پێشمەرگەکان دوای عەمەڵیاتەکەیان تازە گەڕابوونەوە. شەڕێکی سەخت دەستی پێکرد کە تا ئێوارە درێژەی کێشا و زەبرێکی قورسی دیکەش وە هێزەکانی دوژمن کەوت و بە سەرشۆڕی و شکست خواردوو ، بە دانی دەیان کوژراو و بریندار گەڕانەوە و پێشمەرگەکانیش بەرەو گوندی جەتەر وەڕێکەوتن و دوای ماندو وبوونێکی زۆر بۆ بەیانی گەیشتنەو ەگوندی جەتەری دەڤەری سۆما.

ڕێژیم کە زەبری خواردبوو، وەک ورچی برینداری لێهاتبوو و دەیزانی کە پێشمەرگە ماندوون و چەند ڕۆژە ئیستراحەتیان نەکردووە و بە هۆی بوونی بەفریشەوە هەڵگرتنی شوێن پێیان هاسان بوو، بۆیە هە ردوای شکستەکەیان لە گوندی بەریدان، هێزی دیکەیان کۆکردبووە و بە دوای پێشمەرگە دابوون تا گەیشتنەوە گوندی جەتەر و هەر لە یەکەم ساتەکانی بەیانیی ڕۆژی ٥ی ژانویە هێرش بۆ سەر گوندی جەتەر دەستی پێکرد. لەو گوندە زیاتر لە ١٥٠ پێشمەرگەی ماندووی ئیستراحەت نەکراو هەبوون کە دوو ڕۆژ بوو لە شەڕدابوون. هێزەکانی ڕێژیم لە شارەکانی ئۆرمیە، خۆی و سەلماس ڕا هێنرابوونەوە سەر پێشمەرگەکان. ئەو ڕۆژە دەباپێشمەرگە دەرسێکی دیکە بدەن بە دوژمن کە بە حەق دەسێکی لە بیر نەکراویان دایەوە.

لە هەر دەقیقەیەک دا دەیان تۆپو خۆمپارە و کاتیۆشا و ئارپی جی بە سەر گوند دا دەبارین. پێشمەرگەکان بە تەواوی گەمارۆ درابوون. پاریزانەکان بەرەنگاری دوژمن بوون و فەرماندەر و بەرپرسانیان سازماندەهیان دەکرد و وریەان بە هاوڕێیانیان دەبەخشی. دوژمن هەوڵی زەبر وەشاندنی دەدا و پێشمەرگەش هەوڵی لووتشکاندنێکی دیکەی دوژمن. شەڕ لە نێو دوو بەرەی حەق و ناحەق، کەم و زۆر، تەیار و ناتەیار ، بەڵام بەرە حەق و بە ژمارە کەم گەورەترین چەکیان ورە و ئیمان بە سەرکەوتنیان بوو.

لەو داستانی مێرخاسی یە دا بە سەدان کەس لە ئەفرادی دوژمن کوژران و بە سەدانی دیکەش بریندار بوو. بەداخەوە لەو شەڕە دا ١٣ پێشمەرگە شەهید و ٣٨ بریندار هەبوو کە دواتر یەکێک لە بریندارەکان بە هۆی کاری بوونی برینەکەی گیانی بەخشی.  سەدان پارچە چەکی جۆراوجۆر کەوتە دەستی پێشمەرگە. ورەی ەبرزی پێشمەرگە دوژمنی تاساند و لە ماوەی دوو ڕۆژ دا هاوڕێیانمان گەیشتنەوە بنکەکانی خۆیان  لە گەلی بەردەرەش.

شەڕی گوندی جەتەروەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە دیرۆکی بەرخودانی پێشمەرگە دا تۆمار کراوە. ئەوە بوو عەلیش لەگەل تیمەکەی مایەوە و ئەوان بەرەو ناوچەکانی تەرگەوەڕ  ومەرگەوەر دەستیان کرد بە جەولە. لەو جەولەیە دا گوندی دەربەندی تەرگەوەڕ کە ڕێژیم هەموویانی چەکدار کردبوو، لە لایەن پێشمەرگەکانی ئەو تیمەوە چەک کران و  پێشمەرگەکان گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان لە گوندی دێرێ و  دواتر عەلی و باقی هاوڕێیانی گەشتێکی سیاسی – تەشکیلاتیان لە ناوچەکانی سۆما، ئەنزەل و کەناربەڕۆژ و شپیران دەست پێکرد.لە بەهاری سالّی ١٩٨٥  دا و لە جەریانی  هیندێك ئاڵ وگۆڕ لە شێوەی کار و ئیدارەی حیزبی لە ناوەندی ئاگری، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە خۆیان تەسلیمی ڕێژیم کردەوە. بەڵام عەلی وەک مرۆڤێکی بەرپرس و کادری ڕۆژە سەختەکان شانی دایە بەر و هەر دەگەل کادر و پێشمەرگەکان مایەوە و درێژەی بە ئەرکی حیزبیی خۆیدا.دەگەل پێشمەرگە دەما  ولەگەل ئەوان ڕاوێژ و هزر گۆڕینی دەکرد و بە تەواوی ئاگاداری وەزعی پێشمەرگە و خەڵك بوو لە ناوچە.

بەهاری سالّی ١٩٨٥ هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر ناوچەی گەلی بەردەڕەش و بنکەکانمان عەمەڵەن نەمان و ئیدی بە تەواوی کەوتینە دۆخی پارتیزانی. ئەوکات من و عەلی وەک دوو هاوکار بەردەوام پێکەوە بووین لە جەولە گشتەکانمان دا و ئەو دەورانە هاوکار بوو تا باشتر و لە نیزیکەوە عەلی کاشفپوور بناسم . چوونکی تا ئەوکات کەمتر کاتمان هەبوو تا لە نیزیکەوە  و پێکەوە کار بکەین. کەمتر وا هەڵدەکەوت کە هاوکات لە ئۆرگان بین، یان ئەو لە مەئمووریەت بوو، یان من، ئەوە تازە لە دەورانی خەباتی پارتیزانی دا دەبوایە بەردەوام پێکەوەکار بکەین بەشێوەی تیمی ، یان گرووپی.

بەهاری ساڵی ١٩٨٥ ئێمە بە هێزێکی پارتیزانیی بە ژمارە زۆر لە ناوچە دا خەریکی کار و تێکۆشان بووینو لە شاخەکانی شێخ بازید و چارشەنبە و بلندۆک و.........
ئێستاشی لەگەل بێ ئاسەواری پێشمەرگە پارتیزانەکان هەر لەو شوێنانە مانو وەک یادگارێکی مێژوویی. دۆخەکە دژوار بوو، نەدەکرا لە دێهات بمێنینەوە و دەبوایە لە شاخ و کێوەکان زۆرتر بمێنن. لەگەل ئەوەی کە وەرزی سەرما و باران و لە هەمانکاتیش د ابێ ئیمکاناتی گوشاری بۆ دەهێنایەن، بەڵام پێشمەرگە خۆڕاگرانە بەردەوام بوو لە خەبات.

ئێمە وەک ئەو هێزە ٣ مانگ پێکەوە بووین. هەر لەوکاتی د ابوو کە دەفتەری سیاسیی حیزب ئاگادایر کردینەوە کە دەبێ بۆ پاراستنی بنکەکانی ڕێبەریی حیزب وەک مەئمووریەت بچینەوە لای ئەوان لە باشووری کوردستان. ئەوە بوو لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی کادر و پێشمەرگەکان دا عەلی بە پێشمەرگەکانی ڕاگەیاند کە : ئێمە بۆ ماوەیەک دەچینەوە ناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و لەگەل هێزی شەهید نەحۆ پێکەوە دەبین. لە ماوەیەکی کورت دا لە ڕێگای شاخەکانی برادۆست و سنووری شاری گەوەڕی باکوورەوە گەیشتینە ناوچەی شاخاویی تەرگەوەڕ کە ناوچەیەکی ئازادی بێ دەسەڵاتی ڕێژیم بوو و وەک هەموو هاوینان خەڵک هەموو شیو و دۆڵێکی ئاوەدان کردبوو بە چادر و ڕەشماڵ و ئێمە و هێزی شەهید نەحۆی ئۆرمیە یەکمان گرتەوە لە لە بناری داڵانپەڕ ماوەیەک حەساینەوە و چەندین کۆبوونەوەی انوەند کران بۆ چۆنیەتیی ناردنی پێشمەرگەکانی هەر ٣ هێزی سەربە ناوەند بۆ بنکەی ڕێبەرایەتیی حیزب، لە کۆتایی دا پڕیار درا هێزەکانی شەهید حاتەم و شەهید سەرگورد عەبباسی پڕۆنەوە و هێزی شەهید نەحۆ بمێنێتەوە. عەلی و دوو کەس کەلە گەل خۆی بوون لەگەل دەستەیەکی ١٥ کەسی بەرەو ناوچەکانی تێکۆشانی کۆمیتەی ئارارات کە من بەرپرسی کۆمیتە بووم، بەڕێکەوتین کە دەبوونە سۆما برادۆست و سەڵماس و شپیران و ئەنزەل و کەناربەرۆژ. دوای ئەوەی گەیشتینەوە ناوچەی گەلی بەردەڕەش ، عەلی و دوو هاوڕێکەی بۆ هیندێك ئەرکی تایبەت مانەوە و ئێمەش بەرەو ناوچەی برادۆست کەوتینە ڕێ کە لە سەر سنووری برادۆست-گەلی دریان (ئەسەن دەرە) کەوتینەوە کەمینی سەربازانی تورک و ١١ کەس گیران و ئێمە ٤ کەسیش خۆمان لە کەمینەکە دەرباس کرد و نەگیراین.

ئەوە بوو ڕۆژی دوایی عەلی مان لە گیرانی ئەو ١١ هاوڕێ یەمان کە شاپوور شوجاعی فەردی ، ش لەنێویان دابوو ئاگادار کردەوە و خۆشمان دەرباسی ناوچەی سۆما بووین تا لەگەل ئەو ژمارە کەمە لە کادر و پێشمەرگەکانمان کە لەوێ بۆ ئەنجامی مەئمووریەتێک مابوونەوە یەک بگرینەوە. هەرکە نامەکەی من گەیشتبووە دەستی عەلی، ئەو یەک سەر پریاری دابوو بێتەوە ناوچەی سۆما و یەک بگرینەوە. کە ئێمە گەیشتینەوە پشتی ئاوایی کۆران لە دەڤەری سۆما، عەلی و دوو هاوڕێی دیکەی لەوێ  گەیشتنەوە ئێمە و دووبارە گەڕاینەوە ناوچەی گەلی بەردەڕەش و لە نیزیک ئاوایی دێرێ لەگەل ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی هێزی  شەهید ئاوارەی پیرانشار کە بۆ مەئمووریەت هاتبوونەوە و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی شیهید نەحۆ یەکمان گرتەوە.

ڕاست لەوکاتی دا بوو کەلە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پەیامێک بۆ عەلی هات کە دەبوایە عەلی بە مەبەستی بەشداری لە پلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، بەرەو باشوور بچێ. عەلی لەگەل دووکەس بەرەو باشوور و لەوێ بۆ لای بنکەی دەفتەری سیاسی چوون و ئێمەش لەگەل ئەو هێزەی کەلە گەلمان بوو بەرەو ناوچەی سۆما و ئەنزەل و کەناربەڕۆژ کەوتینە ڕێ. ئەوە بوو دوای گەشتێک لەو دەڤەرانە ، گەڕاینەوە لای تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و لە چەند شوێنێک لەگەل هێزەکانی ڕێژیم دەرگیر بووین کە هەم زەبرێکی باشمان لە دوژمن دا و هەمیش شەهید و بریندارمان هەبوو، گەیشتنەوە  لای هێزی شەهید نەحۆ کە بنکەیان لە گەلی گادەری سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات بوو ،  بۆ ماوەی ٢ مانگ لەوێ ماینەوە و هێزی شەهید  ئاوارەش کە  گەرابوونەوە ناوچەکانی پیرانشار.

کۆتایەکانی پاییز ئێمە و هێزی شەهید نەحۆ و شەهید سمکۆی شنۆیە پێکەوە چووینەوە باشووری کوردستان و ئەو زستانە لەوێ بووین. دوای ماوەیەکی زۆر ئەوە یەکەمین زستان بوو کە ئێمە بە ئیستراحەت لە بنکەکانمان دەماینەوە. حیزب خۆی بۆ گرتنی کۆنگرەی ٧ ئامادە دەکرد. کۆنگرەی ٧ دوای چەند ڕۆژ کار و تێکۆشان لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/٢٣ کۆتایی هات و عەلی لەو کۆنگرەیەش دا بۆ جاری سێهەم بە دنەگی زۆرینەی کۆنگرە وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

له دوای کۆنگرەی ٧ کۆمەڵێک ئاڵ  وگۆڕ له ڕێکخستنی هێزەکان و کۆمیتەکانی حیزبی دا پێکهات  که دەبوایه شیمالی کوردستانیش ئەو ڕێکخستنه کرابا. ئەوەبوو ناوەندی ئاگری له  بوو به مەڵبەندی شیمال و له ٣ هێزەوە بوو به یەک هێز. مەڵبەندی شیمال پێکهاتبوو له هەردوو کۆمیتەی شارستانی ئۆرمیه و سەڵماس. هێزەکانی شەهید نەحۆ، شەهید سەروان حاتەم و شەهید سەرگورد عەبباسی بوون به یەک هێزی واحید به ناوی هێزی ئاگری.

له نەورۆزی ١٩٨٦ دا ئێمه له بنکەی سەرەکیی حیزب له دۆلی جافەتی(گەورەدێ) ڕا نەقڵی مامەخەتیب(دۆلی ڕۆستێی بناری هەڵگورد) بووین که بنکەی هێزی شەهید نەحۆ و کۆمیتەی ئۆرمیه و کۆمیتەی  شنۆ و هێزی شەهید سمکۆ لەوێ بوون. له ناوەڕاست و کۆتایی مانگی جۆزەردان له ٣ تیم دا به فاسیلەیەکی چەند ڕۆژە هەموو کادر  وپێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال چووینەوە ناوچه و تەنیا چەند کەسێك له سەر بنکه مانەوە. یەکەم وێستگەی ئێمه و دابەشکردنی ناوچەکان بۆ ئەرکەکانمان له چۆمی گادەر و چیای داڵانپەڕ و بۆزی سیناوە دەستی پێکرد. دوای پشوودان و داڕشتنی پلانەکانمان بۆ کار و تێکۆشان، توانیمان له چەند عەمەلیاتێک دا زەبری باش له دوژمن بدەین و دوای نیزیک به ٢٠ ڕۆژ مانەوە له ناوچەی مەرگەوەڕ دەرباس بووینه دەڤەری تەرگەوەڕ. لەوێش بەرنامەمان دانا بۆ ڕیزە عەمەلیاتێکی پارتیزانی له سەر پێگه و ناوەندەکانی نیزامیی ڕێژیم لەو دەڤەره .

له ماوەیەکی کورت دا  توانرا هەم پایەگای میرداوود له گەلی بەردەش و هەم پایەگای مەلوونه له برادۆست به تەواوی دەستی به سەردابگیرێ  و دەیان کەس له هێزەکانی ڕێژیم بەدیل گیران و ژمارەیەکیش کوژران که ئەو دوو عەمەلیاته دوژمنیان به تەواوی تاساند و باڵا دەستیی خۆمانمان چەسپاند. پاشان به بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٤١ مین ساڵی دامەزرانی حیزب عەمەلیاتمان له سەر پایەگاکانی گوندی دەربەند و شاخی خێبەر له ناوچەی تەرگەوەڕ ئەنجام دا. له هەمووی ئەو عەمەلیاتانه دا عەلی شان ەب شانی پێشمەرگەکان بەشدار بوو و ئەوپەڕێ هەوڵی دەدا تا عەمەلیاتەکان سەرکەوتووبن و مەیدانی کار و تیکۆشان به دەست بێنین و لەو هەوڵەی دا سەرکەوتوو بوو. لەو عەمەلیاتانه دا هیچ زیانێک به کادر و پێشمەرگه نەگەیشتبوو که

ئەوە خۆی ورە و سەرکەوتن بوو. هەر لەو ماوەیە دا عەمەڵیاتێکی پارتیزانی لە سەر دام و دەزگای نیزامی و اطلاعاتیی ڕێژیم لە شارۆچکەی سێرۆی دەروازەی نێو دەوڵەتیی ئێران تورکیە لە دەڤەری برادۆست ئەنجام درابوو کە دەنگدانەوەیەکی بەرینی لێکەوتبووە.

دوای ئەو ڕێزە عەمەڵیاتە ، مەڵبەند کۆبوونەوەی کرد و بڕیاردرا من وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەڵماس لەگەڵ لکی ٣ ی پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری بەرەو ناوچەکانی تێکۆشانی کۆمیتەکەمان بچین کە دەبوونە سەڵماس، شپیران، سۆما، برادۆست و ئەنزەل و کەناربەڕۆژ. بڕیار درا عەلی و دەستەیەکی دیکەش چەند چادرێک ئامادە بکەن بۆ بنکەیەک هەم بۆ مەڵبەند و هەم بۆ بریندارن لە شاخی هەمیشي ساردی کیڤارستان(ڕشتە چیای چل مێرێ شەهیدان) و هەمیش کار و باری هەموو ئۆرگانەکان کە هەرکامەی لە ناوچەی تێکۆشانی خۆی بوو هەماهەنگ بکا کە ئەوەش دیارە جێ بە جێ کرا. لکی ١ لە مەڕگەوەڕ بوون، لکی ٢ لە تەڕگەوەڕ و کۆمیتەی ئۆرمیەش لە هەمان ناوچەکان خەریکی تێکۆشانی ڕێکخستنی بوون. تەرگەوەڕ ناوچەیەک بوو کە هەم بۆ لای سۆما برادۆست نیزیک بوو، هەم بۆ کەناربەڕۆژ و و ئەنزەل، لەولاش بۆ مەڕگەوەڕ و بەراندێز بۆیە بەردەوام بنکەی مەڵبەند لەو شاخانە کە حزووری دوژمنی لێ نەبوو دادەنرا.

منیش لەگەڵ ئەو لکەی کەلە گەلم بوون لە دواڕۆژەکانی گەلاوێژی ١٩٨٦ دا دەرباس بووینەوە ناوچەی سۆما و لەوێش ڕا بەرەو شپیران سەڵماس چووین.ئامانجمان دەرباسبوونی ناوچەی قوتوور(ماکۆ و چیای ئاگری) بوو، بەڵما بە هۆی هیندێک گیروگرفت بۆمان جێ بە جێ نەبوو بڕۆین. ئەوە بوو بڕیار درا ڕیزە عەمەڵیاتێک لە سەر هێزەکانی ڕێژیم ئەنجام بدەین.لە پێشان دەبوایە لە ڕێگاکانی وەک تەشکیلات و شناسایی لە لایەن فەرماندەرانی نیزامیی خۆمانەوە زانیاری کۆکەینەوە و چەند نوقتەیەکی موناسیب بۆ عەمەڵیات دیاری بکەین کە لە ماوەیەکی کورت دا ئەوە کرا.

یەکەم شوێن کە عەمەڵیاتی لە سەر ئەنجام درا دەست بە سەرداگرتنی پایەگای گوندی سپی دەرە لە ناوچەی شپیران لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان بوو کە تەنیا یەک

بریندارى سووک مان هەبوو . دووهەم عەمەڵیات لە سەر پایەگاى  گوندى زەنگەکان لە دەڤەرى کەناربەرۆژ لە  ڕۆژى١٨ى خەرمانان بوو کە لەوێش پایەگا دەستى بە سەردا گیرا و ٢بریندارمان هەبوو و شەوى دواتریش بەداخەو ەپێشمەرگەکان لە ناو گوندى گۆلەگەنى برادۆست کەوتنە کەمین و حەیدەر ئاغازادە شەهید و هاوڕێیەکیش بریندار بوو.

سێهەم عەمەڵیاتى سەرکەوتوانەى ئێمە لە ناوچەى ئەنزەل بوو کە لە ڕێگاى تەشکیلاتى یەوە کارێکى زۆر لە سەر پایەگاى گەورەى گوندى کوورەى خوارووى ئەنزەل بوو کەلە کۆتایەکانى  مانگى خەزەلوەر دا  و لە ماوەیەکى کورت دا پایەگا کە گیرا و ژمارەیەکى زۆرى ئەفرادى نێو پایەگا کوژران و بە دیل گیران بێ ئەوەى زیانێک بە پێشمەرگەکان بگا. عەمەڵیاتى سەر پایەگاى کووره زۆر غافڵگیرانە بوو و دوژمن بیرى لەو عەمەڵیاتە نەدەکردەوە. چوونکى پایەگایەکى گەورە و ژمارەیەکى زۆر بەسیجى عەقیدەتى تێدا بوو و جێگاکەشى زۆر حاستەم بوو.

هەوا وردە وردە بەرەو ساردى و زستان دەڕۆى و بەرزایەکان فەرداپۆشیبوون. ڕیارمان دا بەرەو بنکەى مەڵبەند ڕۆین کەلە ناوچەى تەرگەوەڕ بوو. پەیوەندیمان بە عەلى وە کرد و گوتمان دەمانەوێ بێینەوە لاى ئێوە، بەڵام ئەو گوتى جارێ زووە و مانگێکى تر لەوێ بمێننەوە. لەگەل ئەوەى هەوا سارد و ناخۆش بوو بەڵام ماینەوە و درێژەمان بە کار و چالاکیى حیزبیى خۆمان دا. لەسەر داواى عەلى دەستەیەک پێشمەرگەمان دیارى کرد بۆ ئەوەى بچن بۆ بنکەکان پێداویستى دابین بکەن، کەچى بەهۆى بەفرێکى زۆر نەیانتوانى بگەنە شوێنى مەبەست و گەڕانەوە.

دواى ماوەیەک ئیدى بارینى بەفر تەواو مەجالى کارى لێ ڕیبووین، بە ناچار  ڕۆژى ١٩ى نۆڤامبرى ١٩٨٦بەرەو مەڵبەند حەرەکەتمان کرد و دواى ٣ ڕۆژ ماندووبوون لەگەل بەفر و سەرما، گەیشتینەوە مەڵبەند کە تازە بنکەکانیان لە گوندى کاولان دانابوو.
گوندى کاولان ساڵى ١٩٨٥ لە لایەن ڕێأیمەوە چۆڵ کرابوو و خەڵکەکەى ئاوارەى شار و دێهاتى دیکە ببوون، بەڵام زۆربەى ماڵەکان نەڕوخابوون و بۆ ژیان دەبوون.

کە گەیشتینەوە مەڵبەند مەلا خالید باقی فەرماندەری پێشووی هێزی شەهید سەرگورد عەباسی کە ئەوکاتیش بەشی قەزایی مەڵبەند بوو بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردبوو. کۆچێک کە هەموومانی غەمبار کرد. مەلا خالید لە فەرماندەر و کادرە جێکەوتووەکانی حیزب لەو دەڤەرە بوو کە زەحمەتێکی زۆری کێشابوو و برایەک و چەندین خزمیشی لە ڕیزەکانی حیزب دا شەهید ببوون. هەر چەند ڕۆژ بەرلە مردنی ەملا خالید عەبدرەحمان دەشت پەیمان خەڵکی ئاغچەقەڵی سۆما  خزمی نیزیکی مەلا خالید لە سنووری سۆما بە هۆی ڕنووی بەفر شەهید بووب. ئەویش یەکێک لە فەرماندەرانی دێرینی نیزامیی حیزب بوو لەو ناوچەیە.

هەر ڕۆژی دوای گەیشتنمان بۆ بنکەی مەڵبەند، کۆبوونەوەی مەڵبەند کرا و بە مەبەستی بەشداری لە پلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەگەل دەستەیەکی بچووکی پێشمەرگە بەرەو بنکەی سەرەکیی حیزب ڕۆین. هەر لە هەمانکاتیش دا بەفر دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کورت دا بەفرێکی زۆر کەوت. دوای ٤ ڕۆژ هەوا هیندێک دایەوە و بەفریش زۆربوو، بەڵام دەبا ڕۆین بۆ کاتی دیاری کراو بگەینەوە شوێنی مەبەست . ژمارەمان وابزانم ٢٢ کەس بوو. ئەوەبوو بەیانیەکی زوو حەرەکەتمان کرد و دوای ٤ سەعات ڕێگا ڕین تازە نیوەی ڕێگاکەمان ڕیبوو و سەرکەوتبووینە ڕاسەری یەکەمین گوندی دەڤەری شەمزینان و لەوێش دەبا داگەڕیینەوە شیوێک کە هەردوولای ڕنوو بوون و سەرما و ماندووبوونیش فیشاری بۆ هێنابووین.

عەلی لەو ماوەیە دا بەردەوام هاوکاری ئەو پێشمەرگانە بوو کە ماندوو دەبوون و تاقەتی ڕێگایان نەمابوو. لە بیرمە کە پێشمەرگەیەکی گەنج لاقی بێ حس ببوون و ئاگای لێ نەمابوو کە پێڵاوەکەی لە بەفر دا بە جێ مابوو و درەنگ ئاگای لێ ببوو کە پێلاوەکەی نەماوە، عەلی کە ئەوەی زانی دەست بەجێ گەڕایەوە و چوو بەدوای پێڵاوی ئەو پێشمەرگەیە و شوێن پێی ئێمەی تەعقیب دەکرد تا بەڵکوو پێلاوی ئەو پێشمەرگەیە بدۆزێتەوە کە ئاکامێکی نەبوو. هەرچەند عەلی خۆشی تەواو شەکەت بوو. ئەوەبوو خۆی هات لاقی ئەو پێشمەرگەیەی بە نایلۆن پێچایەوە تا لاقی سەرمابردوو نەبێ. ڕۆژێکی سەخت بوو، تەواو ماندوو و شەکەت بووین و تاقەتمان لێ

پرا بوو. بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەر بوو نیزیک بووینەوە لە یەکەمین گوند. چەند گولەیەک مان بە هەوادا تەقاند تا خەڵکی گوند ئاگایان لێ بێ و فریامان کەون.

هەر لەگەل تەقاندنەوەی گولەکان، لە ماوەی چەند دەقیقەیەک دا خەڵکی ئاوایی هاتن و تەنانەت خەڵک ئەو پێشمەرگانەی کە لە تاقەت کەوتبوون و هێزیان نەمابوو لە کۆل کردن و یەک ڕاست بردنیەوە ماڵەکانیان. لەو حاڵەش دا عەلی بە جۆرێک هەڵس و کەوتی دەکرد کە مرۆڤ وای دەزانی عەلی هەر لەگەل ئەو تیمە نەبووە و ماندوو نیە.ئەو پێشمەرگەکانی هان دەدا تا خۆراگر بن و تەمەنی سەختی و تەنگاوی هیندە درێژ نیە. دوای ١١ سەعاتی سەخت ئێمە بە سڵامەتی گەیشتینەوە گوند کە ئیدی شەو درەنگ بوو.شەو لەو گوندە لای ئەو خەڵکە دڵسۆز و میوان دۆست و پێشمەرگەخۆشەویستە ماینەوە وبەیانیەکەی دیسان بەرەو گوندێکی دیکە کەوتینە ڕێ.

دژوارییەکانی ڕۆژی پێشوو دیسان تووشمان بوونەوە. ڕۆژی پێشوو سەعات ٩ی بەیانی حەرەکەتمان کردبوو، بەڵام ئەوجار سەعات پێنجی بەیانی حەرەکەتمان کردبوو. دوای چەند سەعات ڕێگا پڕین گەیشتینەو ەگوندێك و لامان دا . دوای پشوویەکی کورت، ئەوجار بەرەو گوندی سێهەم کەوتینە ڕێ.خەڵک عەلی یان دەناسی ، بۆیە زۆر هاوکارمان بوون بۆ ڕێگاکان و دەرباس بوونمان. سەفەرەکەمان چەند ڕۆژێی برد تا گەیشتینەوە دوایین گوندی ناوچەی شەمزینان . ناوی گوندەکە گەلێشم بوو. ئەوجار ئیدی دەبا بە دەیان کیلۆمێتر لە نێو بەفر دا پرۆینەو ەبە بی بوونی هیچ ئاوەدانی یەک. لە گەلێشم تا ناوەڕاستی گەلیی خاکورک چۆڵ و کوێستانێکی سەخت بوو.شەوێک لەو گوندە ماینەوە وبەیانی ڕۆژی دواتر جارێ تەواو ڕووناکی نەکردبوو لە ئاوایی هاتینەدەر و کوێستانی سپی پۆشی چەمکە بی و دۆلە گامێشمان گرتە بەر. بەڵما ئەوجار ژمارەمان زۆرتر بوو کە لکی یەکی هێزی ئاگری و مەحموود دەشتی و چەند کەس لە کادرەکانیش لەگەلمان بوون. مەحموود دەشتیش ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی کۆمیتەی ئۆرمیە بوو وەک ئێمە دەهات بۆ پلۆنۆم و لکی یەکیش بە پریاری مەڵبەند دەبا پرواتە مامەخەتیب کە بنکەمان لەوێ هەبوو.

ئەو ڕۆژە لەگەل هەموو سەختییەکانی توانیمان بگەینەوە خاکورک کە هەم بەفرێکی
وای نەبوو، هەم گەرم بوو، هەمیش ژمارەیەکی کەم خەڵک لەوێ مابوونەوە و بنکەی
ئەحزابی کوردستانی عێراقیش هەبوون، بەتایبەتی پارتی دێموکرات و حیزبی شیوعی
و پارتی گەل. دوای ٢ ڕۆژ گەیشتنەوە دەشتە هێرت و دەفتەیر سیاسی مان ئاگادار
کردەوە و پەیوەندییەکانی حیزب ماشێن یان بۆ هێنایین و چوین شەوێک لە مامە
خەتیب ماینەوە و ڕۆژی دوایی ، من و عەلی و مەحموود دەشتی بەرەو دەفتەری
سیاسی چووین.

هەر بە گەیشتنمان بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی، ئیدی پلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندی
دەستی پێکرد.پلۆنۆم پێەج ڕۆژی خایاند و کۆمەڵێک بڕیار و ئەرکی حیزبی پەسند کرد
کە پلۆنۆمێکی زۆر گرینگ و پڕ باس و بابەت بوو.هەروەها پلۆنۆم بڕیاری دا چەند کەس
لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی هەم وەک سەردانی دەرەوەی وڵات بە مەبەستی
بەرچاو ڕوونی بۆ کادرەکانی ڕێبەریی حیزب و هەمیش وەک پشوویەک بڕۆنە دەرەوەی
وڵات .عەلی یەکێك لەو چەند کەسانە بوو . ئەو لەوێ بۆ سەفەرەکەی بەجێ ما و من
ومەحموود دەشتیش لەگەل ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە دیسان بەو زستانە بەرەو
بنکەکانمان لە کاولان وەڕێکەوتین کە وابزانم ڕۆژی ٣١ی ژانویەی ١٩٨٧ بوو کە
حەرەکەتمان کرد.

ڕۆژی ١١ی ژووئەنی ١٩٨٧ عەلی لەگەل ژمارەیەک لە هاوڕێیان گەیشتنە بنکەی
مەڵبەند کە ئەوکات لە شاخی قەرەغانی نیزیک گوندی وارگەنم بوو. ڕۆژێکی خۆش بوو
کە هاوڕێمان لە سەفەرێکی چەند مانگە گەڕابووە. ئەوان زیاتر لە حەفتەیەک بوو بە
ڕێگاوە بوون و ماندوویەتیی زۆریان هەبوو، ناردمانە جێگایەک تا هیندێك بحەسێنەوە.
کە عەلی لەمەئموریەت بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب بوو ، ژن و مناڵەکانی لە
گوندێکی نیزیک بنکەی مەڵبەند بوون(گوندەکە باکووری کوردستان بوو). عەلی
پێیخۆش بوو سەردانێکی مناڵەکانی بکا. بە هەموو مەترسییەکانەوە عەلی دوو
پێشمەرگەی لەگەل خۆی برد و سەردانێکی کورتی مناڵەکانی کرد و گەڕایەوە
مەڵبەند.

مەڵبەندی شیمال  کۆبوونەوەیەکی کرد و یەکەم بابەتی کۆبوونەوە ڕاپۆرتێک بوو کە عەلی لە سەر سەفەری فەڕانسە و مەئمووریەتەکەی بۆ دەفتەری سیاسی پێشکەشی کۆبوونەوە کرد و ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانی ئەو چەند مانگەی مەڵبەندیش یەکێک لە ئەندامانی مەڵبەند پێشکەشی کۆبوونەوەی کرد. لەو کۆبوونەوەیە دا کۆمەڵێک بڕیار دران و کۆمەڵێک ئەرک و ڕاسپاردە بۆ کار و تێکۆشانی ئەو ساڵەی مەڵبەندی شیمالی کوردستان دیاری کران.

بەشێک لە هێزەکەمان دەبوایە بەرەو سۆما، برادۆست، ئەنزەل، کەناربەڕۆژ، سەڵماس و شپیران حەرەکەتی کردباوە وبەشەکەی دیکەش لە ناوچەکانی تەڕگەوەڕ  ومەرگەوەڕ و بەشێکیش لە کوێستانەکانی کۆنەکۆتر مابانەوە بۆ کاری گومرکات و پەیدا کردنی داهات بۆ مەڵبەند. ئەو حەرەکەتەمان لە ڕۆژی ٩ی ژووئیەی ١٩٨٧ بەرەو سۆما دەستی پێکردەوە. دوای چەند ڕۆژ ماندوو بوون، گەیشتینەو ەزنجیرە شاخی دوو گوهی بلمباسان(پشتی گوندی کۆران لە دەڤەری سۆما).

عەلی لەگەل ئەو دەستەیە بوو و یەکەم کارمان چوونی گوندی دێریشک بۆ سەرەخۆشی کردن لە حاجی جەمیل و خەڵکی دێریشک بوو بەهۆی شەهید بوونی خارزی کوردی حاجی جەمیل لە جەریانی تێرۆری کەمال ئەمینی لەو گوندە. کاتێک کەمال تێرۆر کرا، خارزیش کەوتە ەبر دەست درێژی تێرۆریستان و خوێنی تێکەل بە خوێنی پێشمەرگەی فیداکاری حیزب ببوو. دوای ماوەیەک مانەوە لەو سنوورە، چەند عەمەڵیاتێک مان ئەنجام دا و بە گشتی عەمەڵیاتی سەرکەوتوانەی بێ خەسار بۆ پێشمەرگەکان بوون.لەوانە چەک کردنی گوندەکانی قەسریک و کەڵەڕەشی سەروو، لێدانی پەیگای مەیدانی دۆستان کە دوای کۆکردنەوەی زانیاریی دەقیق لە ڕێگای هاوڕێیانی تەشکیلاتەوە لە ڕۆژی ٢٤ی ژووئیە بە سەرکەوتانە  ئەنجام دران. بە زۆر چەکدار کراوان چەک کران کە عەلی خۆی لەگەل تیمێک لەو هاوڕێیانە بوو کە عەمەڵیاتەکەیان ئەنجام دا.ژمارەیەکی زۆر چەک و تەمەنی کەوتنە دەستمان و لە بە زۆر چەکدارکراوەکانیش کەس نەکوژرا و بریندار نەبوو. من خۆشم لە گەل تیمێک بووم کە ئەرکی ئێمەش  دانانی کەمین  ولە هەمانکات دا دانانی چەند مینێک لە سەر ڕێگا نیزامییەکانی دوژمن بوو کە ئەنجاممان دا. ئەوە حەرەکەتی یەکەمی ئێمە بوو کە بە

سەرکەوتوانە کۆتایی هات و هە رئەو شەوەش دوای چەندین سەعات ڕێگا برین گەیشتینەوە کوێستانەکانی ڕیحانی و یەکمان گرتەوە.

ئەوە بوو بۆ حەسانەوە چووینەوە ناوشیوان و ماوەیەک لەوێ ماینەوە و ئەو چەکانەی وەک پرنەو و.... کە پێشمەرگە بەکاری نەدەهێنان بە  نرخێکی کەم بە خەڵک مان فرۆشتن. ئەوکات چەک لە تورکیە بۆ خەڵك ئازاد بوو. لەوێ خزم و کەسی عەلی هەبوون کە دوای چەند ساڵ لەگەل عەلی یەکتریان لە ئامێز گرت. دوای ئەو عەمەڵیاتانە کاتی ئەو ەهاتبوو کە عەلی بگەڕێتەوە لای تەرگەوەڕ بۆ بنکەی مەڵبەند. عەلی و چەند بەرپرسی دیکەی مەڵبەند بەرەو مەئمووریەتەکەیان کەوتنە ڕێ تا پرۆنە بنکەی مەڵبەند لە کونە کۆتر.

ئێمە لەوێ ماینەوە و ژمارەیەک عەمەڵیاتی نیزامیی دیکەمان کرد کە بەرچاوترینیان گرتنی پایەگای گوندی کەریکانی شپیران و چەک کردنی خەڵکی بەزۆر چەکدارکراوی گوندەکە بوو کە دەنگدانەوەیەکی بەرینی هەبوو و هەروەها تیمێکی ڕەزمی مهندسی ی دوژمن لە پشتی فریزیانی دەڤەری سۆما تەفروتوونا کرا بێ ئەوەی لە هیچکام لەو عەمەڵیاتانە دا کەمترین زیان بە کادر وپێشمەرگەکان بگات. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو تا هەوا زیاتر ساردی نەکردۆتەوە ئێمەش بەرەو بنکەی مەڵبەند وەڕی کەوین.

لە سەرەتای پاییز دا بەشی زۆری کادر و پێشمەرگەکان بەرەو بنکەی مەڵبەند چوون و تەنیا ژمارەیەکی ١٠ کەسی لە ئێمە مایەوە کە من خۆم لەگەل یان بووم و چەند هاوڕێیەکیش لە مەئمووریەتی دەوروبەری ئۆرمیە هاتن لەگەل ئێمە یەکیان گرتەوە کە ژمارەمان نیزیک ٢٠ کەس دەبوو. هیندێک کار  وئەرکی حیزبیمان هەبوو دەبا جێ بە جێیان بکەین و جا بەرەو مەڵبەند پرۆین. ئەرکەکانمان جێ بە جێ کرد و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ لای مەڵبەند و لەوێش را ژمارەیەک لە کاد ر وپێشمەرگەکان کە ٤٥ کەس دەبوون لە بنکە مانەوە و ئەوانی دیکەش ئێمە بەرەو  کوردستانی عێراق کەوتینە ڕێ کە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لەوێ بوو. دوای ٥ شەو و ڕۆژ گەیشتینەوە بنکەی خۆمان لە گوندی بێشێ ی بناری حەسەن بەگ. عەلی لەوێ بوو و وەک هەمیشە بەگەرمی پێشوازیی کردین. هەرکەسە و چووە بنکەی ئۆرگانەکەی خۆی و

منیش لە بنکەی مەڵبەند و لەگەل عەلی مامەوە کە چەند هاوڕێی دیکەی مەڵبەندیش لە بنکەکە بوون.

دوای کەمێک پشوودان و داڕشتنی بەرنامەی چۆنیەتیی خۆ ئامادە کردن بۆ کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی ٨ گەیشتینەوە کۆتایی کارەکانمان و کاتی کۆنفرانس بوو. ڕۆژی ٨ و٩ی دیسامبری ١٩٨٧ کۆنفرانسی مەڵبەند بەڕێوەچوو و نوێنەری کۆنگرەی هەشت هەڵبژێردران. هەر لەو سەروبەندە دا بوو هیندێك شت کە دەرخەری کێشە وگرفتی ناوخۆیی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسی بوون وەبەر گوێ دەکەوتن و باسیان دەکرا. ئێمە جارێ خەبەرێکمان نەبوو. چوونکی ئێمە لە ناوەندی حیزب دوور بووین و لە ناوچەیەکی دوورتر کار و ئەرکی حیزبیمان هەبوو، ئاگامان لە کێشەکان نەبوو. وردە وردە کەسانێک ئاگاداری ئەو کێشانە ببوون. یەک لەوانەی کە بەڕاستی ئاگای لەو کێشانە نەبوو من بووم کە هیچم نەبیستبوو. چوونکی من لە دوورترین ناوچەی کوردستانی ئێران بە نیسبەت بنکەی سەرکردایەتی مابوومەوە، ئاگام لە هیچ کێشەیەک نەبوو. ئەوەبوو کە ئیدی عەلی لە سەر ئەو کێشانە قسەی لەگەل کردم منیش ئاگادار بوومەوە لە قووڵایی گرفتەکان. وڵامی کورتی من بۆ عەلی ئەوە بوو کە: من و تۆ دۆست و هاوڕێین و بە تەنها بە جێت ناهێڵم و هەرواشم کرد.

کۆنگرەی هەشتەمی حیزب لە ڕۆژی ١٩٨٨/١/١٧ دەستی بە کارەکانی کرد و جاری وابوو جەوی نێو کۆنگرە دەگەیشتە ئاستێک کە بۆ دیوانی کۆنگرەش کۆنتڕۆڵ نەدەکرا. دوکتۆر عەبدورەحمان قاسملوو گەڵاڵەیەکی(لیستی فیکس) پێشکەش کردبوو کە بۆ بەشێک لە ئەندامان و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی قەبووڵ نەدەکرا و پێیانوابوو ئەو گەڵاڵەیە دێمۆکراسیی نێو خۆیی لاواز دەکا. دیارە ئەو باس و موناقشانە لە پلۆنۆمی پێش کۆنگرە دا بەگەرمی کرابوون و هەر ئەو باسانەش کەوتبوونە نێو کۆنگرەش.سەرەنجام لیستی فیکس خرایە دەنگدان و بە زۆرینەکەی لاوازی دەنگی کۆنگرە پەسند کرا و لە ئاکام دا ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بە تایبەتی کادرە دێرینەکانی ڕێبەری خۆیان لە لیستە کێشایەوە و کاندید نەبوون. ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی و لەگەل ژمارەیەک کادری نێو کۆنگرە کاندید بوون

و دەنگی کۆنگرەیان هێنا. عەلی یەکێک لەو کەسانە بوو کە دژایەتیی لیستی کرد و کاندید نەبوو بۆ کۆمیتەی ناوەندی.

ڕۆژی ١٩٨٨/١/٢٢ کۆنگرە تەواو بوو و گەڕاینەوە بنکەی خۆمان لە بێشێ، بەڵام ئیدی جەوی نێو حیزب تەواو ئاڵۆز دیار بوو و ئیعتیماد کەم ببوو، کێشەکان هەر درێژەیان هەبوو و تا دەڕۆی زیاتر گرفت دروست دەبوون. ئەوە بوو ئەندامانی پێشووی ڕێبەری کۆبوونەوەیەکیان کرد و بەیانییەکەیان لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢١ و بە ئیمزای ١٥ کەس لەو ئەندامانەی پێشووی ڕێبەری بڵاو کرایەوە و هەر لەو بەیاننامەیە دا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر مەوجوودیەتی خۆی ڕاگەیاند.

هەر دوای ئەو بەیاننامەیە ژمارەیەک کادر و پێشمەرگە پەیوەندیان بە حیزبە تازەکەوە کرد. سەرەتا حیزبی تازە کار و تێکۆشانی خۆی زۆر بە بەرنامە و بە دروستی دەبردە پێش و هەڵس و کەوتی دەکرد. ڕاگرتنی یەک لایەنەی شەڕ لەگەل کۆمەڵە لە بەیانییەک دا، هەوڵدان لەگەل نیزیک بوونەوە لە هێزە چەپ و دێمۆکراتەکان ئەرکی یەکەمی حیزبە تازەکە بوون. سەرەتا حیزب و ڕێکخراوی دیکەش هەبوون کە پشتیوان و هاوکاری ئەو حیزبە بوون و نفووزی حیزبیش بەرە بەرە زیادتر دەبووە تا گەیشتینەوە کۆنفڕانسی حیزب کەلە ١٩٨٨/٦/٢٩ تا ١٩٨٨/٧/١٠ بەشێوەیەکی باش و سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هات. عەلی لەو کۆنفڕانسە دا بە دەنگێکی بەرچاو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تازە. دوای کۆنفڕانس من چوومە بنکەی حیزبی تازە لە ڕواندوز و عەلی بۆ کار و ئەرکی حیزب لەگەل چەند هاوڕێ یەک لە بنکەی دەفتەری سیاسی مایەوە. ڕاگەیاندنی حیزبی تازە بەردەوام بوو و خەڵک زیاتر لەگەلی ئاشنا دەبوو و کارەکان باش دەچوونە پێش.

لە بنکەی ڕواندوز کە زۆربەمان کادر و پێشمەرگەی شیمالی کوردستانی ئێران بووین، ڕۆژی خۆش و شادمان پێکەوە بردە سەر و ڕۆژانێکی خۆش بوون. دوای ٨ ساڵ یەکەم جار بوو بە ئیستراحەت لە دەوری یەک کۆدەبووینەوە. زستان خەریک بوو نیزیک دەبووە. ڕۆژی ٦ی ئاداری ١٩٨٩ من و دوو هاوڕێی دیکە بە نهێنی چووینەوە باکووری کوردستان و بڕیار درابوو دوای ئێمە عەلی و باقی کادر و پێشمەرگەکان بگەڕێنەوە ناوچەی

شیمالی کوردستانی ئێران بۆ دەستپێکردنی کار و تێکۆشانی حیزبی لەو ناوچەیە. لە مانگی ٦ی ئەو ساڵە دا عەلی و ئەو ژمارەیە لە کادر و پێشمەرگانەی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر حەرەکەت دەکەن و دەگەنە سنووری نێوان ئێران- تورکیە و تووشی کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە دەبنەوە. هێزە سنوورپارێزەکانی تورکیە عەلی دەستگیر دەکەن و پێشمەرگەکانیش ٣ ڕۆژ بە برسیەتی لە شاخ چاوەڕوانی عەلی دەکەن و لە چارەنووسی نازانن. دوای ئەو ٣ ڕۆژە کە عەلی ئازاد دەبێ و بە پەلە دەگاتە شوێنی پێشمەرگەکان، دەبینێ پێشمەرگە ناچار بوون دووبارە بگەڕێنەوە عیراق و چاوەڕێی عەلی نەکەن. عەلیش پەیوەندیی بە ئێمەوە کرد و یەکمان گرتەوە. دەفتەری سیاسیمان ئاگادار کردەوە و خەبەری گەیشتنی پێشمەرگەکان بە سڵامەتی بۆ بنکەی خۆیان وەرگرت کە جێی خۆشحاڵیی ئێمە بوو.

ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٢٦ عەلی و ٣ هاورێی هاتنەوە لای ئێمە کە لە گوندێکی باکووری کوردستان کە نیزیکی سنوور بوو و هەر وەها ژن و منالّی عەلیش هەرلەو گوندە بوون. بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە و یەکترمان لە ئامێز گرت و گوتمان ئەوانە رۆژهایەکی خۆشن کەلە بیر ناکرێن. پێشتر پریارمان دابوو کە من و ژن و منالّەکانم لەگەل ژن و منالّی عەلی بچێنەوە ئانکارا و خۆمان بە کۆمیسارایای بەرزی پەنابەران بناسێنین و داوای پەنابەرێتی بکەین، عەلی کە هات ماوەیەکی زۆر پێکەوە ڕۆژی خۆشمان دەرباس کرد و باسی بیرەوەرییەکانمان کرد و ئەو ماوەیە بەخۆشی چووە سەر.

ڕۆژی ١٩٨٩/١١/١٠ من و ژن و منالّکەنام و ژن و منالّی عەلی چووینە دەفتەری کۆمیسارایای بەرزی پەنابەران لە ئانکارا و داوای پەنابەرێتی مان کرد. دوای ئەوەی وڵامی پرسیارەکانی دەفتەری کۆمیساریا و هەر وەها پۆلیسی تورکیەمان دایەوە، ئەوان ئیزنی مانەوەیان بە ئێمە دا و بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ لە ئانکارا ماینەوە. ئەوجار نەقڵ کراینەوە شاری قونیا و دوایی ٥٥ ڕۆژ مانەوە لە قونیا، ئاگادار کراینەوە کە تا عەلی خۆی نەیەتەوە وەک سەرپەرەستی ژن و منالّەکانی، ئێمە وەک یووئێن ناتوانین ژن ومنالّی عەلی وەک پەناخواز وەربگرینەوە و هەر دەبێ ئەوان لە تورکیە بمێننەوە. منیش هەم عەلی و هەم ڕێبەریی حیزبم لەو وەزعە ئاگادار کردنەوە . دوای باس و ڕاوێژێکی درێژ لەگەل بەرپرسانی حیزب عەلیش پریاری دا بێتەوە قونیا. من و عەلی

پێکەوە چووینەوە ئانکارا و عەلی خۆی بە دەفتەری کۆمیسارياى بەرزی پەنابەران ناساند و ئەوانیش عەلی یان بە پۆلیسی قونیا ناساند. دوای وڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری پۆلیس لە لایەن عەلی یەوە، ئەوجار پۆلیس پێی ڕاگەیاند چاوەڕوان بە دوای چەند ڕۆژێکی تر ئیقامەی مانەوەت بۆ دێت. هەر لەو ماوەیەش دابوو کە هەیئەتی تایبەت بە وەرگرتنی پەنابەران لە لایەن دەوڵەتی هۆلەند ڕاهاتبوو منیان بانگ کرد و وەک پەنابەر لە هۆلەند قەبووڵ کراین.

ڕۆژانی ئاخیر کەلە قونیا پێکەوە بووین قەتم لە بیر ناچنەوە کە عەلی بەردەوام دەیگوت: ئێوە ڕۆن من لێرە بۆم ناگوزەرێ ، چوونکی عادەتم بە تەنیایی نەکردووە! منیش وەبیرم دێناوە کە هێزی خۆ گونجاندنت لە هی ئێمە زۆر زیاترە و نموونەیە، بۆیە دەتوانی ئەو ماوەیە خۆڕاگری بکەی.دیسان وڵامی ئەوەبوو کە: بە دەست من نیە ناتوانم تەحەمولی تەنیایی بکەم! ئەوە دوای ماوەیەکی زۆر مانەوە لە تێکۆشانی پێشمەرگایەتی، یەکەم جار بوو کە پێکەوە و بە بێ چەک لە شارێکی بیانی دەژیایین، بێ ئەوەی بزانین کە دوژمن هەر بەدوامانەوەیە و بە دوای دەرفەتی گونجاو دا دەگەڕێ تا خەنجەرمان لێ بدا.

ڕۆژی پێنجشەممە بوو کە دەبا ئێمە بەرەو هۆلەند ڕۆین. عەلی تا تێرمینالی شاری قونیا لەگەلمان هات و هەتا بووسی هەڵگری ئێمە بەڕێکەوت هەر لەوێ لای ئێمە مایەوە. یەکترمان لە ئامێز گرت و یەکمان ماچ کرد. بەڵام داخی گرانم نەشماندەزانی ئەوە دوایین دیدار و دوایین ماڵئاوایمان دەبێ.هەر تیکراری دەکرد بە هیوای دیدار و شۆفێری بووسەکە لێێخوری و بەدەست ڕاوەشاندن تا لێمانەوە دیار بوو ماڵئاوایمان لێکرد و لەبیرمە ئیدی عەلی لێشمانەوە دیار نەبوو ، کەچی هەر دەستم ڕادەوەشاند.

دوای نیزیک بە ٦ مانگ مانەوەم لە هۆلەند زەنگێکم بۆ دێ. لەوبەری تەلەفۆن دەنگێکی لەرزۆک دەڵێ: عەلی شەهید بووا! ناتوانم باوەڕ بکەم کە ئەوە مەبەستی عەلی کاشف پووری هاوڕێمە! دەگریام ، بەڵام دیسانیش باوەڕم نەدەکرد!دوای چەند مانگیش هەر نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە عەلی شەهید کراوە!بەڵام لە نیهایەت دا دەبا قەبووڵی بکەم کە ئیدی عەلی شەهید بووە. دوژمنی هار و دڕندە خەنجەری خۆی

وەشاند بوو و برینەکە زۆر قووڵ بوو. عەلی لە بەرچاوی دایک ، هاوژین و  منداڵەکانی ڕێفێندرابوو و شەهید کرابوو و لە پەنا جادە بە جێ هێلرا بوو.

عەلی بۆ هەمیشە لە دڵی گەلەکەی دا دەژی من و دۆست و هاوڕێیانی عەلی هەتا هەیین ناتوانین ئەو لە بیر بکەین. هەڵس و کەوتی عەلی، پێکەنین و زار شیرینیی عەلی لە بیر ناکرێن. هەتا هەم خۆشەویستیی عەلی لە دلم دەرنایە و وەفادارم بە هاوڕێیەتیی ئەو.

یادی بە خێر و ڕووحی شاد

عیسمەت عەبدی ١٩٩١/٢/٨ هۆلەند

********

***ئاگاداری***

گەلی قارەمانی ئێران

خەڵکی شۆرشگێری کوردستان

پانزدەی ئاگۆستی ساڵی ڕابردوو(١٩٩٠) کاک عەلی کاشف پوور و ژن و منداڵەکانی لە لایەن کۆمیسارپای بەرزی پەنابەرانی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان  لە شاری قونیای تورکیە جێگیر کرابوون تا لەو ڕێگایەوە ناوبراو بتوانێ ژن و منداڵەکانی بگەیەنێتەوە جێگایەکی ئەمن و خۆی بگەڕێتەوە نێو ڕێزەکانی شۆڕش. بەڵام لە نیوەشەو دا ٣ تێرۆریستی  پیشەیی  بە لیباسی پۆلیسی تورک و چەک و چۆڵەوە خۆیان لە ماڵ کرد و عەلیان  لە بەر چاوی دایک و ژن و مانڵی بە بیانووی ئەوەی کە عەلی دەبەنە بنکەی پۆلیس و چەند پرسیارێکی لێدەکەن، لەگەل خۆیان برد و بەداخەوە ڕۆژی دوایی تەرمی بێ گیانی بە دەست و پێ بەستراوی لە گەڕەکێکی چۆلی شاری قونیا دۆزرایەوە.

بەڵێ ! عەلی بەم شێوەیە لە لایەن تێرۆریستانی پەروەردەکراوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێرۆر کرا. داخوا عەلی چ گوناهێکی کردبوو لە نەزەر کۆماری ئیسلامی یەوە، بێجگەلەوەی کە بەڕاستی بە هەموو وجوودیەوە دەرد ومەینەتییەکانی گەلەکەی

ناسیبوو و دەیزانی کە گەلەکەی لەگەل چ چارەڕەشی یەک ڕووبەڕوویە؟ لەو دۆخەی کە هەبوو چی دەتوانرا بکرێ؟ دیارە کە تەنیا مرۆڤە خەباتکار و شەڕافەتمەندەکانن کە دەتوانن لە هەمبەر داگیرکەرانو  زۆرداران دا بەرخودان بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە زۆرداری. بەلێ ! عەلیش لەو خەباتکار و مرۆڤە شەڕەفمەندانە بوو کە ڕێگای خەبات لە پێناو ئازادیی هەڵبژاردبوو و تێدەکۆشا.

لە ڕوانگەی کۆماری تێرۆریستی ئیسلامی یەوە هەموو هەوڵ و تێکۆسانێکی ئازادیخوازانە و ئینسانی بە تاوان دەژمێردرێن. زیادتر لە ١٠ ساڵە ئەو ڕێژیمە تێکۆشەرانی وڵاتەکەمان زیندان، شکەنجە، ئیعدام و بێ سەرەوشوێن دەکا  وڵات بەرەو وێرانی دەبا. بۆ ئەوانەش کە لە ژیاندان دۆزەخ بە دیاری هێنراوە.  بۆ لە نێو بردنی ئەو ئازادیخوازە لیهاتویانەی وڵاتیش کە پەڕیوەی هەندەران بوون لە هەرچوار گۆشەی جیهان ڕێژیم هەزینەیەکی زۆری داناوە تا ئەوان لە بەین بەرێ و تێرۆریان بکا کە ژمارەیان رۆژ لەگەل ڕۆژ زیاد دەبێ.ئەگەر کردەوەکانی چەند ساڵ تەمەنی نگریسی ڕێژیم وەبەرچاوبگرین دەبینین کە: ئەو ڕێژیمە جگەلە کوشتن، وێرانیی وڵات ، تێرۆر ، زەبروزەنگ و سەرکوت، گرانی، تێکدانی ئابووریی وڵات، نەهێشتنەوەی ئیعتیباری وڵات، بێکاری و لە هەمووشی گرانتر پەرەپێدانی ئیعتیاد لە نێو لاوان دا،  هیچی تری بە دیاری نەهێناوە  و هیچ خزمەت گوزاریەکی بۆ چین و توێژی کۆمەڵگا نەکردووە و لە بەرانبەر دا سادەترین مەجالی گەشە بۆ لاوان  و گەشەی وڵات بەدی ناکرێ. ئەمان ەهەموویان کارنامەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئاخوندین لە وڵات دا.

ڕوونە کە وەها ڕێژیمێک بۆ تێرۆری کەسانێکی بە ناندۆر لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانە بێ هاسانە و تەنانەت دەتوانێ بۆ دروست کردنی فەزای ترس و دڵەخورپە بۆمب لە شوێنە گشتییەکانیش دابنێ. ئەمانە بوونەتە ئەساسی سیاسەتی گشتیی ئەو ڕێژیمە. لە مێژە گوتوویانە: " لە گۆزە ئەوە دێتە دەر کەلە نێوی دایە". بەڵام غافڵ لەوەی کە هیچکات پێکهێنانی  فەزای ترس و هەڕەشي ناتوانی ئیرادەی  ئازادیخوازە ڕاستەقینەکان تێک بشکێنێ ، یان پاشگەزیان بکاتەوە و بیری ئازادیخوازیان بخنکێنێ. بەڵکوو ئەو کردارانەی ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی  دەبنە هاندەری کار و

تێکۆشان لە پێناو ئازادی و هەنگاوی جیدی و بوێرانە لە پێناو گەیشتن بە ئازادی خێراتر دەکاتەوە و درێژە بەشەڕی ئازادی دەدەن.

لەگەل بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیاندراوە و مەحکووم کردنی تێرۆری کاک عەلی و یادکردنەوە لەو شەهیدە سەربەرزەی کوردستان، بە دەرفەتی دەزانین ڕووبکەینە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی کوردستان کە کۆتایی بە وردکە کێشە و گرفتی ناوخۆیی بێنن و بەرەو یەکیەتییەکی نەتەوەیی پرۆن و هەنگاو هەڵگرن کە نیهایەتەکەی ڕزگاریی گەلە. بەدڵنیاییەوە ئەو هەنگاوەیان دەبێتەوە هۆکار و دەستپێکی دڵگەرمیی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بە شۆرشەکەیان و زیاتر پشتگیری دەکەن ، و هیوایەکی گەورەیان بۆ دروست دەبێ و داهاتوو دەبێتەوە بناغەی ئۆمێد و خەڵکی کوردستانی ئێران بە گشتی وبنەماڵەی شەهیدانی کوردستان بە تایبەتی بە گەش بینی یەوە چاوی لێدەکەن.

ئێمە لە ساڵڕۆژی شەهید کرانی عەلی کاشف پوور دا وێرای مەحکووم کردنی بکەری ئەو ئەو جینایەتە و لە هەمانکاتیش دا داوا لە حکوومەتی تورکیە دەکەین کە بکەرانی جیانیەتی تێرۆری عەلی کاشفپوور بە ڕای گشتی بناسێنێ و سزایان بدات.

هیوامان ئەوەیە کە لە دۆخە دا بتوانین زیاتر یەکگرتوو بین و بۆ شەهیدانی سەرانسەری ئێران و بەتایبەتی کوردستانی ئێران و لەوانەش کاک عەلی کاشف پووری شەهید ڕێز بگرین و ئاواتەکانیان بەدی بێنین.

*یادی تێکۆشەری شەهید عەلی کاشف پوور بەخێر و ڕووحی شاد*

*کۆمەڵێک لە دۆست و هاوسەنگەرانی پێشووی کاک عەلی و بنەماڵەکەی لە هۆڵەند*

*١٩٩١/٨/١٥*

****************

### ***یادکردنەوەیەک لە عەلی کاشف پوور***

هەواڵەکە زۆر کوردت بوو ، بۆیە باوەڕم پێنەدەکرد، بەڵام ڕاست بوو.  بۆ چەند ساتێک لەو کەسە ڕامام کە هەواڵەکەی هێنابوو وچەند جار هەواڵەکەم لێی پرسی یەوە؟ هەر تیکرارم دەکرد لە ڕاستیی هەواڵەکە، بەڵام  سەرەنجام شانم دایە بەر قەبووڵی هەواڵە تاڵەکە.

بەڵێ ! لە نیوە شەوێکی تاریک و ڕەشی شاری قونیای تورکیە کۆمەڵێک بەکرێگیراوی مرۆڤ کوژ بە لیباسی پۆلیسی تورک لە ماڵی عەلی وەژوور دەکەون و داوای لێدەکەن لەگەلیان بڕواتە پاسگای پۆلیس کە ئەوە دەبێتەوە هەنگاوی  دەستپێکی کۆتایی ژیانی پڕلە شانازیی ئەو خەباتکارە. ڕۆژی دوایی تەرمی لەخوێن دا شەڵالی عەلی دۆزرایەوە. ڕوخساری هەڵوێست، جیدیەت و نەترسیی عەلی بە مردووییش هەر دەبینرا و هەستی پێدەکرا. ئەو سیفەتە بەرزانە ببوونە کارنامەی هەمیشەیی عەلی وتۆمار کراون. هەواڵی تێرۆری عەلی کاشف پوور لە ماوەیەکی کورت دا لە ناوچە بڵاو بوویەوە و بە گوێی دۆست و دوژمن گەیشت.

ڕوومەتی گەشی دوای شەهیدبوونیشی وەک ڕوومەتی شاد و نەرم و نیانی کاتی ژیان دەبیندرا. عەلی لەوکەسانە بوو کەلە مردن نەدەترسا و ئەو سەفەرەشی وەک ئەوە بوو کە بەرەو پیری مەرگ بڕوا تا ئیسباتی بکا کە ترس لە  مەرگ ناتوانێ ئەو بە چۆک د ابێنێ و هەردەم ئامادەیە لە پێناو باوەڕەکانی دا بمرێ. ئەو باوەڕی بە گەلەکەی بوو، لە گەل خەڵک ژیا، بۆ خەڵك خەباتی کرد و هەر لە پێناو خەڵکیش دا گیانی بەخشی.

عەلی خاوەن کەسایەتییەکی کەم هاوتا بوو. هەرکەس ئەوی دیتباوە زوو دەکەوتە ژێر کاریگەریی کەسایەتی و تایبەتمەندییە کانی و ئەخلاقی بەرزی ئەو لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاریدا. نووسین و قسە کردن لەسەر کەسایەتییەکی وەک عەلی هاسان نیە، مەگەر ئەوەی کە ئینسان تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانەی ئەو بێنێتەوە بەرچاوی خۆی و ئەوکات بتوانێ لانی کەمی پەیڤی دڵی خۆی لە سەر ئەو کەسایەتییە بێنێتە زمان. هەروەها هەڵبژاردن و دۆزینەوەی پەیڤ و دەستەواژەکانیش بۆ کەسایەتیی عەلی هاسان نین .  ڕۆڵ و کاریگەریی عەلی لە خەباتی

ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دا هەمیشە چرایەکی ڕووناک کەرەوەی ڕێگای خەباتکارانی ئەوکات، ئێستا و داهاتوویە و هەمیشە لە بیر خەباتکارانی نەتەوەی کورد دا وەک نرخی نەتەوەیی دەمێننەوە.

عەلی ۹ ساڵ لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بەو پەڕی چالاکی و سەداقەتەوە خزمەتی بە دۆزی ڕەوا و شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەی کرد. عەلی ئازادیی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ژێردەستی کردبووە ئامانج و دەیەویست بە خەباتی خۆی ئەوان لە ژێر نیزی ژێر دەستی ڕزگار بن و دامەزراندنی  دێمۆکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ائواتە بەرزەکانی ئەو بوون. عەلی ١٢ ساڵ چەکی پێشمەرگایەتیی لە شان بوو و خەباتی شاخی بەڕێوە دەبرد تا هوشیاریی نەتەوەیی بڵاو بکاتەوە، خەبات لە پێناو ڕزگاری بەرینتر بێتەوە، پیلان و جینایەتەکانی ڕێژیمی ئاخوندەکان لە قاوبدا و خەڵك لەگەل مافەکانی ئاشنا بکاتەوە. عەلی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بە دوور لە دیکتاتۆری و سەرکوت بەردەوام خەباتی دەکرد. لە ڕێبەرایەتیی حیزبیش دا هەمیشە لایەنگری بە ڕادیکاڵیزە کردنی خەبات بوو. دوای ئاڵ و گۆڕەکانی نێو حیزب، عەلی بۆ داڕشتنی خەت و ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی رادیکاڵتر و دێمۆکراتیک تر بە دڵ و بە گیان خەباتی دەکرد. هەر لەبەر ئەو ڕۆڵی ڕێکخستنی چین و توێژی خەڵك و جیدیەت لە تێکۆشان دا بوو کە دوژمنی دڵڕەش قینی لە بزووتنەوەی مەشرووعی نەتەوەی کورد  هەڵگرت و کەوتە بیری داڕشتنی پیلانی لە نێو بردنی ئەو تێکۆشەرە مەزن و خەباتکارە.

لە ماوەی ١٢ ساڵ تێکۆشانی دا عەلی بەردەوام و خۆڕاگر بوو لە هەمبەر دواکەوتووی و خەباتی دەکرد تا زەحمەتکێشان بە مافەکانیان ئاشنابن، و لەو پێناوەش دا بە ڕێک و پێکی پەیوەندیی خۆی لەگەل زەحمەتکێشان دا قایم تر دەکردەوە و ئەوانی لەگەل مافە دێمۆکراتیکەانیان ئاشنا دەکرد. بەڵێ ، ئەو خەباتە بۆ ماوەی ١٢ ساڵ ببوونە کار و تێکۆشانی بەردەوامی عەلی.

هەرگیز لە یادم ناچێ کە کاتێک حیزب یەک مانگ مرەخەستیی دابوویە تا سەردانی فەڕانسە بکا، عەلی نەک دڵی پێی خۆش نەبوو بگرە دڵتەنگ و  پەڕۆشی ئەوە بوو کە

چۆن دەتوانێ مانگێک دوور بێ لە خەڵک و هاوڕێیانی. ئەوەش دەرخەری ئەوە بوو کە عەلی خەباتکاری مەیدانی تێکۆشانی کردەوەیە. باوەڕێکی قووڵی بە ڕۆڵ و تێکۆشانی بەکردەوەی خەڵک هەبوو. ئەو بە دڵ و بە گیان سەرقاڵی ئۆرگانیزە کردنی بزووتنەوەی خەڵک بوو لە پێناو مافە نەتەوایەتیەکانیان و پێیوابوو دەبێ شێوە مومکین و گونجاوەکان بکرێنەوە ڕێکاری خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و ئەو ڕێگایەشی پێشانی خەڵک دەدایەوە. عەلی بەردەوام لە هەمبەر ستکاریزم و دوور کەوتنەوەڕادەوەستا. لە ئاستی ڕێبەریی حیزبیش دا یەکێک بوو کە هەمیشە لە قووڵایی خاکی نیشتیمان دا خەباتی دەکرد ، لە کاتێک دا تەواوی خاکی کوردستان میلیتاریزە کرابوو، ئەو وەک بەرپرسێکی جەسوور و نەترس لە نێو خەڵک دا بوو.

سەرەڕای ئەوەی کە عەلی لە ساڵی ١٩٨٠ بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکەی هێزی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی بە سەختی بریندار ببوو و لە سینگی دا برینێکی قووڵ هەبوو کە بەردەوام هەڕەشەی لێدەکرد، بەڵام عەلی بێ گوێدانە ئەو هەرەشەیە لەو ماوەی ١٢ ساڵە دا وەک پێشمەرگەیەک لە انوچە دا خەباتی کرد و بە سەدان و هەزاران پیلان و داوی دوژمنی پووچەڵ کردەوە. بۆ ئەو خەباتی شار و دێهات و شاخەکانی کوردستان لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو. هەر ئەو سیفەتە بەرزانەش بوون کە ئەویان کردبووە خۆشەویست و جێی باوەڕی خەڵک و شۆڕش.

عەلی لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دا جیدی و ماندووی نەناس بوو، خاوەنی ئەخلاقێکی بەرز و پاکی شۆڕشگێرانە و لە ڕەفتارەکانی دا مرۆڤێکی تەواو کۆمەڵایەتی و بە سۆز نموونە بوو. ئینسان لە ڕەفتارە کەسییەکانی عەلی، لە هەڵس و کەوت و قسە کردنی لە نێو کۆمەڵگا دا زۆر شتی بەکەلک فێر دەبوو. کەسێکی دڵێک ناسک ، دڵسۆز و نەرم و نیان بوو . هەرکات بە مەئمووریەت یان ئەرکێکی حیزبی هاتباوە بنکەی سەرەکیی حیزب و ماوەیەک لەوێ ماباوە، دوای گەڕانەوەی کۆمەڵێک بیرەوەری و ئەزموونی بۆ بە جێ دەهێشتین. بەردەوام لە مەجلیسەکانی دابەو پەڕی عیلاقەوە باسی لە خەبات و تێکۆشانی خەڵک دەکرد. هەرکاتیش مەئمووریەتی تەواو دەبوو دەگەڕایەوە شوێنی کار و تێکۆشانی کە قووڵایی ناوچە بوو، من بە ڕۆژ و بەحەفتە بیرم لەو باس و ئەزموون و بیرەوەریانە دەکردەوە کە پێکەوە هەمان بوو. هەرکات هەواڵی کار

و چالاکییە سەرکەوتووەکانی ئەو ئۆرگانەی کەلە ژێر بەرپرسایەتیی عەلی دا بوو دەگەیشتەوە ئێمە (مەڵبەندی شیمال و هێزی ئاگری) من هەر لە جێدا شانازیم بەوەوە دەکرد کە بەرپرسی ئەو ئۆرگانە کەسایەتیەکی لیهاتوویە کە خۆشم دەوێ و هاوخەباتین. بەردەوامیش نیگەرانی ئەوە بووم کە  نەکا ئەو تێکۆشەرە مەزنە تووشی ڕووداوێک بێ کە لە کیس مان بچێ، یان بەجۆرێک توانای درێژەدانی ئەرک و تێکۆشانی نەمێنێ. بەداخەوە و سەد جار بەداخەوە سەرەنجام دوای ١٢ ساڵ خەبات و تێکۆشان ئەو نیگەرانیەی من بووە ڕاستی .

بێگومان عەلی لە دۆستایەتی دا مرۆڤێکی کەم وێنە و لە سیاسەت دا خەباتکارێکی بە مشوور و خۆڕاگر بوو.  لەورۆژەی کە ئەوم ناسی تا ئەو ساتەوەختەی کە هەواڵی تاڵ و جەرگ بڕی شەهیدبوونیم بە دڵێکی پڕ لە غەم و ئازارەوە گوێ لێ بوو، ئەزموونێکی زۆرم لە ژیان و خەباتی وەرگرتبوو.بیرەوەریی زۆرم لەگەلی هەیە. بەڵام بە گوێرەی ئەو ئەزموونانەی کەلە خودی خۆی فێربووم، دەتوانم بە شیهامەوەتە بڵێم کە: ناتوانم کام یەک لەو بیرەوەریانە هەڵبژێرم بۆ باس کردنی لەم کورتە بیرهێنانەوەیە دا. چوونکی هەر بزوات و کارێکی ئەو خۆی پڕ بوو لە ئەزموون و جێی لێ فێر بوون. دەتوانم بە شوجاعەوەت بێژم کە : لە نێو بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان دا عەلی کادرێکی بە ئەزموونی لێهاتوو بوو کە دەیتوانی بە لێزانی و ئەزموونی سیاسیی و بیری قووڵی خۆی  وەک ڕێکخەر و ڕێ پێشاندەری خەباتی شۆرشگێرانەی زەحمەتکێشانی کوردستان بێ و بە باوەرە شۆرشگێرانەکانی خۆی ڕێبەریی ئەو بزاوتە بکا. ئێستاش شوێنی بەتاڵی عەلی لە نێو بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەستی پێدەکرێ و پڕ کردنەوەی ئەو بەتاڵاییەش بەداخەوە کە تا ئێستاش هاسان نەبووە.هەموو ئەوانەی عەلی و کار و خەباتی ئەویان دەناسی بە بیستنی هەواڵی شەهید بوونی بەداخ بوون و ئازاریان چێشت. بەتایبەتی زەحمەتکێشان و چینی هەژاری ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان(شیمالی کوردستانی ئێران) بە بیستنی شەهید بوونی عەلی کاشف پوور وەک یاری خەمخۆریان شین و تازیەیان بۆ دانا.

ئەو  خەباتكارە گیانی بە ڕێبازی بەخشی و ئێمەشی بە دەریایەک غەم و خەفەتەوە بەجێ هێشت. عەلی ئێستا بە ئارامی لە ئارامگەی ئەبەدیی خۆیداخەوتووە.  بەڵێ ، شەهید بوونی عەلی بۆ ئێمە ڕاستییەکی تاڵ و پڕ ئازارە کە ناچارین قەبووڵی بکەین وەک سروشتی ژیان و مرۆڤەکان.  بەڵام لە هەمانکاتیش دا ڕاستییەکی دیکەش هەیە کە ئەویش ئەو کۆمەڵە شانازیانەی ژیانی پڕ بەرهەمی عەلی کاشفپوورە کە وەک میراتێکی بەنرخ بۆمان ماوەتەوە و شانازیی پێوە دەکەین و کردوومانەتە چرای ڕووناکی بەخشی دواڕۆژی ژیان و تێکۆشانمان لە پێناو زیندوو هێشتنەوەی نەتەوەیەکی ئازادیخواز و ماف ویست.

بەڵێ ، عەلی بە ڕووح  وبە گیان عەلی لە ئارامگەی سارد و تاریکی خۆیدا خەوتووە، بەڵام باوەڕەکانی، ڕێبازی خەباتی، دەرس و ئەزموونەکانی، ئیمان بە حەقانیەت و سەرکەوتنی گەلەکەی ، بەرخودان و دڵسۆزییەکانی بۆ گەلەکەی هەموویان وەک میراتی  تێکۆشانی خەباتکارێکی لێهاتووی کورد وەک ئەستیرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردەواریدا  دەدرەوشێنەوەو ئێمەش تا هەیین دەیانپارێزین و دەیکەینە سەرمەشقی ژیان و خەباتمان و شانازیان پێوە دەکەین.  مەرگی عەلی ئەو مەرگەیە کەلە مێژوو دا بە مەرگی شانازی تۆمار کراون و  ئەو کەسانەی وەک عەلی دەمرن، بە نەمری دەمێننەوە.

عەلی هەردەم لە بیرمانە و تا هەیین لە بیری ناکەین. یادی بە خێر  و ڕێی  خەباتی پڕ ڕێبوار بێ

**عەبدولا حیجاب**

*********

**هاوڕێ عەلی !**

من مناڵ بووم کە عەلیم ناسی. باشم لە بیر نیە ،یان قۆناغی سەرەتایی تەواو کردبوو، یان ساڵی یەکەمی ناوەندی بوو، باوکم هانی دەدام تا لەگەل عەلی نیزیکایەتی بکەم و بۆ دەرس خوێندن لە توانای عەلی کەلک وەرگرم و زیاتر هەوڵ بدەم

بۆ درێژەی خوێندن. ڕۆژێکیان لە ماڵە مامی کە دراوسێمان بوو چاوم بە عەلی کەوت. لە یەکەم دیدار دا بێ ئەوەی خۆی لە من بە تەمەنتر بزانێ کەوتە قسە لەگەڵم. ئەوکات من پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم ، عەلی هەموو کتێبەکانی پۆلی شەشەمی خۆی وەک دیاری بە من بەخشین. هەرلەو دیدارەش دا زۆری تەشویق و ڕێنوێنیی کردم بۆ درێژەی خوێندن. عەلی وەک پێشەنگێگ بوو بۆ من و زۆر یەک لە هاوڕێکانم بۆ درێژەی خوێندن و فێربوونی ژیان.

دواتر و تا ساڵی ١٩٧٠ ئێمە لێک دوور کەوتینو یەکتریمان نەبینی تا ساڵی ١٩٧٩ کە بینیم عەلی گەنجێکی خوێندەوار و لە بەرگێکی دیکە دا بوو. یەکێک لەو گەنجانەی شیمالی کوردستانی ئێران بوو کە خەریکی ڕێکخستنی خەڵك و ئاشناکردنیان بوو بە مافەکانیان و خەبات لە پێناو ئەو مافانە. دەرەبەگەکانی ناوچە وایان دەزانی شۆڕش بۆ ئەوان کراوە تا ئەو زەویانەی کە بە هی خۆیانیان دەزانی و لە دەست جووتیارانی ڕەعیەت دابوون ، وەربگرنەوە. زۆریەک لەو دەرەبەگانە لە چەک و چەکدارێک کەلە بەردەستیان بوو کەلکیان وەرگرت و خەڵکی هەژار و جووتیاری ناوچەیان لە سەر ماڵ و گوندیان دەرکرد و کەوتنە زیندوو کردنەوەی سەرلەنوێی ئاواتەکەیان کە دەرە بەگایەتی بوو.

من لە نیزیکەوە شاهیدی هەوڵ و تێکۆشانی عەلی بووم بۆ پاراستنی مافی جووتیاران و ڕێگری کردن لە دەرکردنیان و زیندوو بوونەوەی دەرەبەگایەتی لە دەڤەرەکە دا. ئاخەر عەلی خۆی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش بوو و دەردی زەحمەتکێشانی هست پێ دەکرد. لە هەمانکات دا ئاوات و ئامانجی عەلی یەکیەتیی و یەک ڕیزیی نەتەوەیی بوو. ئەو دەیەویست بە خەباتی خۆی بە خاوەن مڵکەکان بسەلمێنێ کە جووتیاران هۆکار نین بۆ ئەوەی زەبر وە ئابووریی ئەوان بکەوێ. ئەوەش زیاد بکەم کە عەلی هاوکات لەگەل خەباتی نەتەوەیی ، خەباتی چینایەتیشی کە ئەوکات لە کوردستان و ئێران دا گەرم و گوڕ بوو درێژە بدا و بیکاتە بەشێک لە تێکۆشانی سیاسی. ئەوەبوو عەلی داوای لێکردم کە منیش لەگەلی کەوم و ئەو ڕێگایە هەڵبژێرم کە ئەو هەڵیبژاردبوو بۆ خەبات. منیش چوونکی باوەڕم بە تێکۆشانی عەلی بوو ئەو داوایەی ئەوم جێ بە جێ

کردو لەوکاتیەوە منیش کەوتمە ئەو ڕێبازەی خەبات. کاتێکی باش مان هەبوو هەم بۆ تێکۆشان و هەمیش بۆ خۆ پێگەیاندن و فێر بوون.

ئەوەیە ئیدی لەوکاتیەوە  بوو کە دەستمان بە خەباتی سیاسی کرد و سەرەتا کۆمەڵەیەک مان دروست کرد کە من لە تەواوی کۆوکۆبوونەوەکان دا وێڕای عەلی بەشداری چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لەگەل زەحمەتکێشان بووم. هیندەی نەبرد کە عەلی توانی خۆی لە نێو خەڵك دا جێ بکا و یەکەمین هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچە دا دامەزرا و بووین بە هێزێکی سیاسی و نیزامیی گەورەی حیزب(حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەبەستە) و کاریگەریی ئێمە لە خەبات دا دەرکەوت.

عەلی  لە ناوچە دا قورسایی تێکۆسانی خۆی خستبووە سەر وشیار کردنەوەی خەڵکو بە پێی ئیمکان ئەوەی لە دەستمان دەهات دریغێ مان نەدەکرد. یەکەم هەنگاو نووسین و بڵاو کردنەوەی هیندێك گۆڤار و   کورتە پەیام و تراکت بوون کە دەورێکی باشیان لە هاندانی خەڵك دا هەبوو.  بوونی عەلی وەک لاوێکی خوێندەوار و لە چینی زەحمەتکێش لە نێو ڕیزی شۆڕش دا دڵگەرمی و هیوا و هومێدی خەڵکی زەحمەتکێش بوو و هەر ئەوەش دەبووە هۆکار تا لە زۆر کار و تێکۆشانمان دا سەرکەوتوو بێینەدەر. هە رئەوە بووە هۆکار کە حیزب هێزێکی بەرینی لە نێو خەڵک دا بەناوی: هێزی بەرگریی میلل‌یی پێکهێنا کە هەر ئەوهێزەش دواتر درێژەی کێشا تا سەردەمی خەباتی پارتیزانیش هێزی سەرەکیی حیزب لە دەڤەری شیمالی کوردستان  دا بوو. کارو تێکۆشانی عەلی بەرینتر بوو لە جۆغرافیای  ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵی ئەوەی دەدا تا خەباتەکە سەرانسەری کوردستان بگرێتە خۆ و بەرین تر بێ.

ساڵی ١٩٨٠ دەستەیەک لە هاورێیان دەبا  بۆ هاوکاریی تێکۆشەرانی حیزب بچنەوە ناوچەکانی قوتوور( خۆی، ماکۆ، شووت ، پۆلدەشت و .....) کە ناوچەیەکی گرینگی کوردستانە. عەلی داینابوو خۆی لە یەکەمین کەسەکان بێ بچێ بۆ ئەو ناوچەیە و خەباتی حیزب لەوێش گەرم و گوڕیی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام هاورێیان بە پێویستیی خەباتی جیدیی عەلی، ڕازی نەبوون ئەو بڕوا و بە پێویستیان زانی کە لە

دەڤەری خۆی بمێنێ و خەبات لەوێ گەرم و گوڕتر بکاتەوە، ئەوەبوو اوڕێیەکی دیکە هەڵبژێردرا بۆ بەڕێوە بردنی ئەو ئەرکە لە ناوچەی قوتوور. لەوکاتی دا خەڵکی خەباتکاری ناوچەی قوتوور و هێزی پێشمەرگە ڕێژیمیان لەو دەڤەرە خستبووە ژێر گوشارێکی زۆر و خەبات بە جیدی بەردەوام بوو و کار گەیشتە جێگایەک کە بەنی سەدر سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ڕێژیمی ئیسلامی فەرمانی دایە هێزەکانی کە: *" تا کۆتایی هێنان بە خەبات و شۆڕشی کورد و گەیشتنیان بە سنورەکان کەوش لە پێیان دانەکەنن!"* نامەوێ زیاتر باسی جینایەتەکان هێزی بەنی سەدر بکەم کەلە ژێر ئەو فەرمانە دا لە کوردستان جێ بە جێ کران ، چوونکی هەمووی ەئو جینایەتانە لە مێژوو دا تۆمار کراون و خەڵکی کوردستان لە بیریان ناکات.

دوای دەستپێکی شەڕی ئێران و عێراق و لە هەمانکاتیش دا پێشمەرگەکانمان لە قوتوور گەڕانەوە، بنکەی خۆمان لە گوندی ئاغچەقەڵی ناوچەی سۆما دامەزراند. بەڵام بەداخەوە بنکەکەمان کەوتە بەر هێرشێکی هەوایی هێزەکانی ئاسمانیی ڕێژیم و وێڕای وێرانبوونی چەند خانووبەرەیەکی خەڵکی گوند و شەهید و بریندار بوونی چەند کەس، عەلی کاشف پوور،یش یەکێک لە بریندارەکان بوو کە برینەکەی زۆر قورس بوو. تیکەیەکی گەورەی ڕاکێت لە سینگی عەلی کەوتبوو و خوێنێکی زۆری لە بەردەچوو و ئیمکاناتی چارەسەریش مان نەبوو. هاوڕێیانی "حیزبی سۆسیالیستی کوردستان. باکوور) زۆریان هەوڵ دا کە چارەیەک بکەن بۆ نیجاتی عەلی، بەڵام ئەوانیش ئیمکاناتێکی ئەوتۆی دەرمانیان نەبوو. خەریک بوو عەلی هەر لە سەرەتاوە لە کیسمان بچێ!

هاوڕێ جیهانگیر ئیسماعیلزادە ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی حیزب لەو ناوچەیە بوو. ئەو توانی بە شێوەیەکی نهێنی عەلی بنێرێ بۆ نەخۆشخانەیەکی شاری ئۆرمیە بۆ تەداوی. هەر وەها یەکێک لە ئەندامانی سازمان چریک فدایی شاخە اشرف لە ئۆرمیە هاوکارییەکی زۆری عەلی یان کرد کە جێی سوپاسە. تازە چەند ڕۆژێک بوو کە عەلی واریدی نەخۆشخانە ببوو، لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە ناسرا بوو، بەڵام هاوڕێیانی توانیبوویان پێش دەستگیر کردن، عەلی لە نەخۆشخانە دەربێنن و زوو بگەیەننە ناوچەی ڕزگارکراو. هەرگیز لە بیرم ناچێ کە عەلی لە دژوارترین دۆخی

ژیانی دابوو، کەس لە ئێمە بە هیوای مانەوەی نەبوو، کەچی ئەو بەردەوام هانی ئێمەی دەدا کە قایم بین و درێژە بە خەبات بدەین.

برینەکانی جارێ ساڕێژ نەببوونەوە ، دووبارە گەڕایەوە سەر ئەرک و سەنگەری پێشمەرگایەتی. ئێمە دەگەلی کەوتین و گوند بە گوند خەریکی کۆبوونەو ە کردن بوو بۆ خەڵک و هاندانیان بۆ درێژەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوایەتی و بەو پەڕێ عیلاقەوە گوێی بۆ پرسیار و پێشنیار و ڕەخنەی خەڵك دەگرت. زۆر لەسەرەخۆ و ئارام بوو، تەنانەت ئەگەر کەسانێک هەبوونایە هێرشیشیان کردباوە سەری، ئەو بە دەم پێکەنینەوە وڵامی دەدایەوە و هەڵنەدەچوو. دوای کۆبوونەوەکان زۆر کەس فەرمووی دەکرد، بەڵام ئەو کام ماڵ هەژارترینیان بوو ئەوی هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی ببێتە میوانیان. هەر ئەو ڕەفتارانەی عەلی بوون کە ببوونە هۆی یەکڕیزیی زەحمەتکێشانی دەڤەرەکە و خەڵك بە دەوری شۆڕش دا کۆببوونەوە. دوای کۆبوونەوەکان شانەی نهێنیی تەشکیلاتی پێکدەهێنران و ڕێنوێنیی پێویستیان پێ دەدرا.

لە جەریانی جیابوونەوەی تاقمی ٧ کەسی لە دوای کۆنگرەی ٤ ی حیزب، عەلی لە ناوچە دا یەکێک لەو کادرانە بوو کە بە جیدی لە هەمبەر ئەو تاقمە دا ڕاوەستا و ئەوانی لە قاو دا. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە گەل حیزب مابوونەوە لە ناوچە دا چەند کەسێک بوون لە کادر و پێشمەرگە و باقی هێزەکە کە چەند بەرابەری ئەوانە بوو لە گەل تاقمی ٧ کەسی کەوتبوون، بەڵام عەلی بڕیاری خۆی دابوو تا بەربەرەکانیان لەگەل بکا و کردیشی.

عەلی و هاوڕێیانی بۆ درێژەی تێکۆشانی حیزبی بنکەی خۆیان گواستەوە گوندی کەینێسی لە دەڤەری سۆما و لە ماوەیەکی کورت دا هێزێکی پێشمەرگەی حیزب لە ناوەندی کوردستانەوە بۆ پشتیوانیی ئەو ژمارەیە لە هاوڕێیانی حیزبی گەیشتنەوە ناوچە. ئەوە بوو بە هاتنی ئەو هێزە گەرم و گوڕییەکی باش درا بە تێکۆشان و لە قاودانی تاقمی ٧ کەسی لە نێو کۆمەڵنای خەڵکی ناوچە دا . عەلی داوای لەو هێزە کرد کە بە نەرمی لەگەل ئەو تاقمە ڕەفتار بکرێ و مەجال نەدرێ شەڕ و ئاژاوە دروست بێ، لێ ئەو هاوڕێیانە کەمێک توند ڕەفتاریان کردو لە نیهایەت دا شەڕێکی ناوخۆیی

دەستی پێکرد و ئاکامەکەشی ڕژانی خوێنی چەندین تێکۆشەری دێمۆکرات بوو کە ماوەیەک درێژەی کێشا. دوای ماوەیەک هێزەکانی حیزب لەو ناوچەیە  کەوتنە بەر هێرشی چەند لایەنە .  هێرشکاران بۆ سەر حیزب لەو ناوچەیە ئەوانە بوون: لە لایەک هێزەکانی تاقمی ٧ کەسی، لە لایەکی دیکە هێزەکانی" قیادە موقت" کە هەردوو لایەنیش پشتیوانەکەیان هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوون. هێزەکانی حیزب کەوتنە ژێر گوشارەوە و بە ناچار بڕیاریان دا بۆ ماوەیەک شیمالی کوردستان بە جێ بێڵن. عەلی و ئەو ژمارەیە لە هاوڕێیانی توانیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە شەڕو بەرگری لە خۆیان ، بگەنە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ناوەندی کوردستان کەلە ژێر دەستی حیزب دابوون.

 لەوماوەیە دا دووری لە خەڵک و ناوچە  بۆ عەلی زۆر دژوار بوو و بەردەوام بۆی ناڕاحەت بوو. ئەو هەوڵی ئەوەی دەدا تا بتوانێ پەیوەندی بە خەڵک و هاوڕێیانی یەوە بگرێ بۆ ئەوەی دووبارە کار و تێکۆشانی حیزبی لەوێ دەست پێ بکەن و خۆشی لەگەل هاوڕێکانی بگەڕێتەوە ناوچە. ئەوەبوو عەلی  و هاوڕێکانی لە کۆتاییەکانی پاییزی ساڵی ١٩٨١  و سەرەتای ٨٢  گەڕانەوە شیمالی کوردستان . پێش گەڕانەوە هاوڕێکانی و ڕێبەریی حیزب پێیانوابوو کە نابێ پەلە بکەنو  بگەڕێنەوە، بەڵما عەلی پێداگر بوو کە بگەڕێتەوە و ڕۆژانە خۆی ئامادە دەکرد و هەر ڕۆژێک دەچوو ئەو هیندەی دیکە گەش دەبوو کە کاتی حەرەکەت نیزیکە. سەرەنجام ئەو کاتە هات  وحەرەکەتیان کرد.(عەلی لەو ماوەیە دا  بەشداری کۆنگرەی پێنجەمی حیزب بوو و وەک ئەندمای کۆمیتەی انوەندی هەڵبژێردرابوو. وەرگێڕ).

من ئاخەرین جار کە عەلیم لە کوردستان بینی هاوینی ساڵی ١٩٨٢ بوو. ئەوکات ڕێژیم دیسان هێرشێکی بەرینی کردبووە سەر دەڤەری شیمالی کوردستان، بەڵام ئیدی هێزی پێشمەرگەی حیزب بە هێزتر ببوو و لە دەستەی بچووک دا سازمان درابوون  و لە هەمبەر هێزی دوژمن ڕاوەستا بوون. عەلی و هاوڕێکانی ناوچەیان دەپاراست و بە جێ یان نەدەهێشتەوە. عەلی ئەو ئەرکەی تا کۆتایی ژیانی درێژە دا و بەداخەو ەلە تورکیە تێرۆر کرا. منیش دوای حەوتوویەک مانەوە لە ناوچە دا ماڵئاواییم لە عەلی کرد (هاوینی ١٩٨٢)  و گەڕامەوە ناوەندی کوردستان.  لەوماوەیە دا جگە لە

ئاگادار بوون لە خەبات و تێکۆشانی عەلی و هاوڕێیانی لە ڕێگای ڕادیۆ و ڕاگەیاندنی دیکەی حیزبەوە، بەردەوام نامە مان دەگۆڕی یەوە و ئاگاداری یەکتری بووین. هەرچەند هەل و مەرجی خەبات دژراورتر دەبوو، مەیدانی کار و تێکۆشانی سیاسی و نیزامی بەرتەسک تر دەبوو، عەلی هیندەی دیکە موکورتر دەبوو لە سەرکەوتن و باوەڕێکی قووڵی بە سەرکەوتنی نەتەوە و حیزبەکەی هەبوو. هەرچەند ڕێژیم سەرکوتی زیاد دەکرد، ئەویش لە بەرانبەر دا ڕەوتی خەباتی توند و تۆڵ تر دەکردەوە. عەلی و هاوڕێکانی بە چەند دەستەی بە ژمارە کەمی پێشمەرگە توانیبویان دوژمن زەمین گیر بکەن و خۆیان بسەلمێنن وەک مەوجوودیەت و دوژمن حیسابی بۆ دەکردن. تێکۆشان درێژەی هەبوو. خەباتی پارتیزانی دەستی پێکردبوو. دوژمن لە ناو شارەکانی ئۆرمیە و سەڵماس نەیدەتوانی هەست بە ئارامی بکا. عەلی و هاوڕێیانی لە هەردەرفەتێک دا خۆیان دەگەیاندە شارەکان و کاریان دەکرد. تەنانەت کارو تێکۆشانی حیزبیی عەلی و هاوڕێکانی سرنجی ئازەرییەکانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو و ئەوانی زیاتر کێشا بووە لای بزووتنەوەی کوردستان و حیزب.

من و عەلی لە کۆنگرەی ٧ی حیزب دا یەکتری مان بینی . ئەو ساڵە بەفرێکی زۆریش باریبوو و هات و چوو بۆ لای شیمالی کوردستان سەخت بوو و ڕێگاکان هەم بە بەفر و هەم بە هێزەکانی دوژمن گیرابوون ، بەڵام بەو حاڵەش عەلی خۆی گەیاندبووە کۆنگرە لە ناوەندی حیزب. ئەو یەکجار ماندوو بوو. لە کۆنگرە دا سەرەڕای بوونی موخالیفی زۆر لەگەل عەلی، بەڵام ئەو بە دەنگێکی باش وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا و هەر دوای کۆنگرەش دیسان گەڕایەوە لای هاوڕێکانی لە ئۆرگانی شیمالی حیزب و کار وتێکۆشانی خۆیان دەست پێکردەوە. ئەو ماوەیەی کەلە بنکەی سەرەکیی حیزب و میوانی دەفتەری سیاسی بووین هاوکاری عەلیم دەکرد بۆ نووسینی بیۆگرافیی ئەو کە بە شۆخی گوتی: زۆر شاخ و باڵ بۆ بیۆگرافیی من مەنوسی، هەر شتێکی سادە بنووسە تەواوە.

دوای ئەوەی کە من ساڵی ٨٣ بە مەبەستی درێژەی خوێندن لە لایەن حیزبەوە نێردرامە فەڕانسە، ئیدی پەیوەندیی من و عەلی تەنیا گۆڕینی نامە بوو. زۆرجار کەلە نامەکان دا لە حال و ئەحواڵی بنەماڵەکەیم دەپرسی، ئەو لە باتی وەڵام بە

پرسیارەکەم ، باسی لە پشتیوانیی خەڵك لە شۆرش و نەخشی زەحمەتکێشان لە مەیدان دا مانەوەی حیزبی دەکرد و فیداکاریی خەڵکی بۆ دەنووسیم.

ئاخەر جار کە عەلیم بینی ساڵی ۸۷ بوو لە پاریس کە ئەو و ۳ ئەندمای تری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ پشوویەکی چەند حەفتەیی هاتبوونە پاریس. من و هاورێیەک چووینە پێشوازیان پۆلیس بیانووی لە پاسەپۆرتی ئەوان دەگرت و کەم مابوو بیانگەڕێننەوە ئێران. زۆرمان داوا لە پۆلیس کرد کە ئیزن بدا من وەک تەرجومان لای ئەوان بمێنم تا کێشەکەیان چارەسەر دەبێ. ئەوەبوو بە دەخالەتی پارتی سۆسیالیستی فەرانسە کە لە حالی کۆنگرەی لیلی دا بوون و سکرتێری گشتیی حیزب کاک دوکتۆر قاسملووش میوانی کۆنگرە بوو، هاتنە سەر خەت و ئیقامەی یەک مانگە بۆ ئەو ٤ ئەندامەی ڕێبەریی حیزب وەرگرن. شەوی یەکەمیان لە پاریس میوانی دوکتۆر قاسملوو بوون لە ڕێستوورانتێکی چینی لە ناوچەی سێزدەهەمی پاریس.

عەلی یەک مانگ لە پاریس مایەوە. لەوماوەیە دا زۆرتر لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دابوو لەگەل هاورێیان و بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە بەجۆرێک لە حیزب دوور کەوتبوونەوە ، یان گلە و گازندەیان لە حیزب هەبوو، عەلی هەولی دەدا گوێ بۆ قسەکانیان ڕابگرێ و داوایان لێ بکا درێژە بە تێکۆشانیان بدەن لە حیزب دا. ئەو کۆبوونەوانە کەمێک باندۆری خراپیان لە سەر ڕوانینی عەلی دانابوو. ئەوە بوو دوای مانگێک عەلی و هاورێکانی گەڕانەو ەکوردستان و سەر ئەرک و چالاکیەکان. عەلی لە کۆنگرەی ۸ حیزبیش د ابەشدار بوو. کۆنگرەی ۸ لە مێژووی حیزب داکۆنگرەیەکی سەرکەوتوو نەبوو بەداخەوە، چوونکی لەو کۆنگرەیە دا حیزب داپرانی تێکەوت. هەرچەند عەلی دژی داپڕان بوو، بەڵام خۆی ساخ کردەوە کە لەگەل ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر بکەوێ. عەلی لە لای حێزبی دێمۆکرات، ڕێبەرایەتیی شۆرشگێریش  دیسان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و سەرەڕای دژوارییەکانیش گەڕایەوە ناوچەی شیمال و ئەرکی حیزبی بەڕێوەبرد.

بەداخەوە ئەوکات هەردوو بەشی حیزب تووشی شەڕی ناوخۆ هاتن.عەلی هەوڵی ئەوە بوو لەو ناوچەیەی کە ئەو تێکۆشانی هەبوو شەڕی ناوخۆ نەکرێ. ئەو دژی

شەڕی ناوخۆ بوو و شەڕی ناوخۆی بە زیانێکی گەورە دەزانی. دواین پەیوەندییەکانمان کە پاش داپڕانی حیزب بوو، عەلی لەو وەزعە ناڕازی بوو. ژن ومناڵەکانی لە تورکیە مابوونەوە و ئیزنی چوونە ئۆرووپایان پێ نەدەدرا تا ئەویش ناچار بوو بۆ چارەسەری گرفتی مناڵەکانی ڕووبکاتە تورکیە . بەڵام بەداخەوە ئەو ئیزن نەدانەش داوێک بوو بۆ لە داوخستنی عەلی و سەد مخابن تێیدا سەرکەوتن.

ئەوە کورتەیەک بوو لە سەر ژیان و کەسایەتیی خەباتکارێکی کورد کە هەرچی هەیبوو کردە فیدای گەل و نیشتیمانەکەی.

یادی بەخێر و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ

تاهیر نەخشین. ئاداری ١٩٩٦

(( بەداخەوە کاک تاهیریش لە ئۆکتۆبری ٢٠١٤ و لە غەریبایەتی دا کۆچی دوایی کرد. وەرگێڕ))

***********

## لە دەستدانی هاوڕێیەکی تێکۆشەر

هەواڵی لەدەستدانی عەلی بێگومان یەکێک لە هەواڵە هەرە تاڵەکانی ژیانمە. باوەڕ کردنم بەو تێرۆرە

هۆڤانەیە زۆری کێشا. ساڵانێکی زۆر بە سەر شەهید کرانی عەلی دا تێپەڕ دەبی، کەچێ ئێستاش ڕۆژ نیە لە نەکاو ڕوخساری گەش و پێکەنینی نەیەتە بەرچاوم و نەیبینمەوە. لە وەها دۆخێک دایە کە بێ ئەوەی بمەوێ و بیرم لێکردبێتەوە، خۆ بە خۆ دەچمە نیو بیرەوەرییەکانمان و یادی ڕۆژانی پێکەوە بوون مانم وەک فیلم یەک بە دوای یەک دا بەبەرچاوم دا دەرباس دەبن. زۆر پرسیار لە مێشکم دا وەک بەرداشێکی گەورە جێیان گرتووە و دێن و دەڕۆن، وەک : بۆچی؟ کێ ؟ لە سەر چی؟ .....؟

هەمووومان و بەتایبەتی عەلی کە ڕێگای خەبات لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەییمان بە ئاگاهی یەوە گرتبووە بەر، مەرگ بۆ ئێمە ئەمرێکی غەریب بوو، بەڵام شەهید بوونی

عەلی هەموومانی تاساند ، چوونکی نەتەوەی کورد و هاوڕێکانی عەلی پێویستیان پێ بوو. عەلی چ سەردەمی لاویەتی و خوێندن و چ سەردەمی شۆڕشگێری بۆ من ببووە سەمبۆلێک. ئەو بە هەموو زەحمەت و نەبوونییەکانیەوە توانی خوێندنی دوا ناوەندی تەواو بکا و بگاتە زانکۆ. ئەو پێداگری و جیدیەتانەی عەلی ببوونە هۆکار و هاندەرێک تا لاوانی ناوچە خۆیان لە نەخوێندەواری ڕزگار بکەن و هەوڵی فێر بوون بدەن.

کاتێ عەلی لە زانکۆ بوو ، تێکەڵ بە تێکۆشانی شۆڕشگێری ببوو، تێکۆشانێک کەلە پێناو کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک. دوای ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩ ،عەلی دەستی لە درێژدەانی خوێندن هەڵگرت و وەک پێشەنگی لاوانی شیمالی کوردستانی ژێر دەستی ئێران و لە پێناو ئازادیی گەلەکەی چەکی پێشمەرگایەتیی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا کردە . ئەو هەر لە سەرەتاوە نیشانی دا کە گەنجینەیەکی بەنرخە بۆ حیزب و گەلەکەی. بوونی عەلی لە ڕێزەکانی حیزب دا بۆ دامەزراندنی کۆمیتەکانی حیزب لە ناوچە دا هاوکاری و هاسانکارییەکی زۆری دەکرد.عەلی لە پێناو کۆکردنەوە و پەروەردەی کادر لەو دەڤەرە دا کاری زۆری دەکرد و ئەرکی زۆری دەخستە سەر شانی.

بیرەوەریی ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ٨٤ لەگەل عەلی یەکجار زۆرن و ناتوانم هەمووی ئەو بیرەوەریانە لەم کورتە نووسینە دا بگونجێنم. بە کورتی دەتوانم بڵێم: "*عەلی چرایەکی گەشی ڕووناک کەرەوەی ڕێگای دەستپێکی تێکۆشانمان بوو*" . پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی عەلی کارێکی وەهایان کردبوو کە دەرگای کۆمەڵکا و تاکەکان بۆی کراوە بێ تا ڕێگا خۆشکەری بەردەوامیی تێکۆشانی ئەو بن. عەلی وێڕای کار وخەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەشدار و پێشەنگی هێزی پێشمەرگەش بوو و بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسی، نیزامی و پەروەردەیی پێشمەرگە بوو و بایەغێکی زۆری بە هێزی پێشمەرگە دەدا. هەر ئەو سیفەتە بەرزانەش ببوونە هۆی جێگە و پێگەیەکی بەرز بۆ عەلی لە نێو خەڵک و پێشمەرگە دا. من هاوڕێیەتی و تێکۆشانی زرۆم لەگەل عەلی هەبوو ، بەڵام مەئموورییەتێک کە من و عەلی لەگەل ٣ هاوڕێی تر کاتێ لە ساڵی ١٩٨١ بە مەبەستی گەیاندنی کێشە وگرفتی ناوچەی

خۆمان به ڕێبەریی حیزب  چووبووینەوە ناوەندی کوردستان ، کە ئەو مەئموورییەتە پڕ بیرەوەری ترینی ئەو ساڵانەیە.

سەرەتای ئاداری ١٩٨٢ لە ڕۆژێکی خۆشی بەهاری دا تیمەکەمان لە گوندی هۆوەسین( بنکەی سەرەکیی حیزب لە دەڤەری شیمالی کوردستان) بەرەو ناوچەی سەردەشت کە ناوەندی حیزب لەوێ بوو بەڕێکەوتین. گەیشتینەوە مەبەست و کێشە و گرفتەکانی حیزب و ناوچەکەمان بە ڕێبەریی حیزب گەیاند، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی کە ڕێبەریی حیزب هیندێک کێشەی بۆ ساز کردین، بە ناچار ٤ مانگ لەوێ ماینەوە. تەواوی ئەو ٤ مانگە من و عەلی پێکەوە بووین. ئەوەش سروشتی مرۆڤەکانە کەلە سەفەر و پێکەو ەکارکردنی بەردەوام دا یەکتر باش دەناسن. من عەلیم لەو ڕۆژگارە دا باشتر لە هەمیشە ناسی و دیتم کەلە کاتی کێشە و ئاستەنگ دا چەندە مرۆڤێکی خۆڕاگر و بە تەحەموڵە، بۆیە هاوڕێیەتیی من و ئەو زیاتر و زیاتر قایم ببوو. تایبەتمەندییەکانی بەرزی عەلی ئەوانە بوون: نەرم و نیانی، تەحەموڵ، فیداکاری ،دڵسۆزی ، ڕاستگۆیی ،  نیزیکایەتی و ڕەفتارە جوانەکانی عەلی لەگەڵ خەڵک بۆ من هەمیشە جێی ڕێز و حورمەت  بوون. ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەی عەلی ببوونە هۆکارێك کە ئەو لە هەرکوێی کوردستان بوایە خەڵک خۆشی دەویست و میوانداریی دەکرد.

ئەوەبوو لە  دوای چەند مانگ مانەو ەلە بنکەی سەرەکیی حیزب و  دان و ستان و کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێبەریی حیزب، بەداخەوە ئەنجامێکی ئەوتۆی  نەبوو . من و باقی هاوڕێیان بڕیارماندا بگەڕێینەوە. بەڵام عەلی لەوێش دا نیشانی دا کە مرعڤێکی بە تەحەموڵە و ئیرادەیەکی بەهێزی دیالۆگ لە وجوودی دا شاردراوەتەوە، بۆیە قانعی کردین کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک دوکتۆر قاسملوو بکەین تا لە سەفەری ئۆرووپا دەگەڕێتەوە. لەسەرەخۆیی و تەحەموڵی زۆری عەلی و ئەو قەناعەت پێهێنانەیە مان لەلایەن ئەوە وە بوو بە گۆڕانێکی گرینگ و ئاکامی سەفەرەکەمان بە هاتنی کاک دوکتۆر بوو بە ناردنی هەیئەتێکی پایەبەرزی ڕێبەریی حیزب بۆ ناوچەی ئێمە کە تا ساڵانی دواتریش کاریگەری و ئاڵ وگۆڕو پێشکەوتنی زۆری لە تێکۆشانی حیزب لەو ناوچەیە دا هەبوو.

ڕووداوەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٤ی شیمالی کوردستان بوونە هۆکاری ئەوەی کە من و عەلی ڕێگای تێکۆشانمان لێک جیا بێتەوە، بەڵما بەردەوام ئاگام لە کار و خەباتی عەلی هەبوو. ئەو تا ڕۆژی شەهید بوونی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکرات مایەوەو بەرپرسی مەڵبەندی شیمال بوو.

ساڵی ١٩٨٥ من گەیشتمە هەندەران و بەداخەوە ئیدی من و عەلی یەکترمان نەدیت. سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ بوو کە کاک موزەفەر زەنگی بۆ دام و دوای ەئحواڵپرسی گوتی : ئەوە برادەرێک دەیەوێ قسەت لەگەل بکا، بزانم دەیناسی؟ هەرکە گوێم لە یەکەم قسەی بوو، یەک بەخۆ بانگم کرد : عەلی ئەوە تۆی؟ مەگەر مومکین بوو دنەگت نەناسمەوە؟! لەو پەیوەندییە درێژە دا زۆر باس و بابەتمان هێنایە گۆڕێ و باسی زۆر ڕووداوی جۆراوجۆرمان کرد و زۆر شتمان بە بیر یەکتری هێناوە و ماڵئاواییمان لە یەکدی کرد. من بەو پەیوەندییە گەشامەوە و دڵنیام عەلیش وەک من بوو. بەداخەوە ئەو دوایین پەیوەندیمان بوو لەگەل عەلی ! دەتوانم بڵێم من باشترین وخۆشەویست ترین هاوڕێم لە دەست دا کە تا ئەم ساتەوەختەش جێگای بە بەتاڵی ماوەتەوە، بەڵما یاد وناو وبیرەوەرییەکانی عەلی هەمیشي لەگەڵمانن و لە دڵمان دا دەمێننەوە.

**یادی هاوڕێی شەهید عەلی کاشف پوور بەخێر**

**تەیموور مورادی. ئاداری ١٩٩٧**

***********

**هاوڕێ عەلی کاشف پوور**

من و عەلی ئاوا بانگی یەکترمان دەکرد: **هاوڕێ** !

عەلی هاوڕێیەکی شۆڕشگێر و لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتیش دا کەسێکی سۆسیالیست بوو. تەنانەت مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: عەلی سۆسیالیستێکی ئۆرتۆدۆکس بوو. ئەو ڕزگاریی کوردستان و وڵاتێکی سۆسیالیستی بۆ خۆی کردبووە ئامانج. بەڵام وێڕای ئەو بیروباوەڕانەشی، خەبات لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی لە بیر نەکردبوو و برەوی پێدەدا. لە ژێر ڕۆناکایی هەمان بیروباوەڕ دا بوو کە باسکی چەکداری خەڵک

واتە پێشمەرگە لای ئەو لە پلەی هەر پیرۆز دابوو. لەبەر ئەوەی کە زۆربەی پێشمەرگەکان لە بنەماڵە هەژارەکانی کۆمەڵگای کوردستان بوون، خۆشەویستیان بۆ عەلی زیاتر بوو. بۆیە بە هاوڕێ بانگی یەکترمان دەکرد کە پەیڤێکە لە وێژەی (ادبیات) ی سۆسیالیستەکان دا جێی گرتووە و بایەغی پێ دەدرێ، و واتای " هاو بیر وباوەڕ"ی بۆ سۆسیالیستەکان هەیە.

هاوڕێ عەلی نیزیک ساڵێک بوو لە تورکیە دەژیا و چاوەڕوانی دەرفەتێک بوو تا وەک پەنابەر لە لایەن کۆمیسارییای بەرزی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەربگیرێ . ئەوان لەولەگەل دایک و ژن و مناڵەکانی دەژیان و چاوەڕوانی وڵامی یووئێن بوون. ئێوارەیەکی مانگی تەباغ (١٩٩٠/٨/١٥) سێ کەس کە دوو لەوان بە لیباسی پۆلیسی تورکیە بوون لە دەرگای ماڵی عەلی دەدەن و بێ ئیزنی عەلی و بنەماڵەکەی وەژوور دەکەون و عەلی لەگەل خۆیان دەبەن و بەداخەوە ڕۆژی دوایی تەرمی بێ گیانی عەلی لە پەنا جادەی ئانکارا- قونیا دەدۆزرێتەوە. بەداخەوە ئەو هێرشکارانە کە شەو عەلی یان بردبوو، هەر زوو شەهیدیان کردبوو و شین و تازییە ڕووی لە بنەماڵە و هاوڕێ و ناسیاران و بەتایبەتی دایک و خێزان و مناڵەکانی عەلی کرد .

لە کۆن دا گوتوویانە: خەبەری تاڵ زوو بڵاو دەبێتەوە! حیزبی عەلی ئەو خەبەرە زوو وەردەگرێ ، بەڵام هیچی لە دەست نایە! کەریم برای بچووکتر لە عەلی دەست بەجێ لە هۆلەند ڕا دەگاتە تورکیە و لە ڕێگای دام و دەزگای فەرمیی دەوڵەتی تورکیە ڕا بەدواداچوونی ئاشکرا کردنی ئەو جینایەتە دا دەڕوا و هەوڵ دەدات، بەڵام ئەو هەولانە سوودیان نابێ. بە گوێرەی قسەی دام و دەزگای دەوڵەتی تورک بکەری ئەو جینایەتە نادیارە! بۆیەشي هیچ وڵامێکی ڕوون و دڵخۆشکەر نادەن بە هەوڵەکانی کەریم کاشف پوور. حیزبی عەلی نامەیەک بۆ سەرۆک کۆماری ئەوکاتی تورکیە"تورگوت ئۆزال" دەنێرێ و داوای لێدەکا بکەری ئەو جینایەتە ئاشکرا بکەن کەلە سەر خاکی ئەوان ئەجام دراوە، بەداخەوە ئەو نامەیەش هیچ وڵامێکی نابێ و تێرۆر کرانی عەلی لە چوارچێوەیەکی فەرمی دا هەربە تاریکی مایەوە و ئاشکرا نەبوو.

بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە: هەم بۆ حیزبەکەی عەلی، هەم بنەماڵە و هەم دۆستانی عەلی جیانەتەکە ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پشت ئەو تێرۆرەیە. ئەوان هاوڕێ عەلی یان شەهید کردووە. ڕوون و ئاشکرایە کە دەوڵەتی تورک ئامادە نیە کردەوەیەکی تێرۆریستیی دەوڵەتی ئێران کە هاوشێوەی دەوڵەتی تورک داگیرکەری کوردستانە لەقاو بدا و نایەوێ قاتڵانی کوردێکی خەباتکار بۆ دونیا بناسرێن!

پێناسەی عەلی

عەلی کاشف پوور لە ساڵی ۱۹۵۷ لە گوندی پیرانجوق لە دەڤەری سۆمای ئۆرمیە و لە بنەماڵەیەکی جووتیار دا هاتۆتە دونیا. عەلی خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی هۆوەسن ودواناوەندیشی لە شاری ئۆرمیە تەواو کردووە. پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە زانکۆی تەورێز کۆمەڵناسی و دواتریش لە زانکۆی تاران حقووقی سیاسیی خوێندووە.

بە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی پاشایەتی، هاوڕێ عەلی لە ساڵی کۆتایی زانکۆ بوو و بەجێی هێشت و گەڕایەوە کوردستان و سەنگەری پێشمەرگایەتیی هەڵبژارد. بە لێاتوویی و فیداکاریی خۆی توانی زوو ئەرک و بەرپرسایەتیی قورس لە شۆڕش دا بگرێتە ئەستۆ. دوای ماوەیەکی کورت ، عەلی وەک بەرپرسی ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو دەڤەرە دیاری کرا و بەو پەڕی دڵسۆزی یەوە ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند. عەلی لە کۆنگرەی ٥ی حیزب دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و تا کاتی شەهید بوونی ئەو ئەرکەی لە سەر شان بوو. عەلی یەکێك لە دامەزرێنەرانی حدکا. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر بوو کەلە حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ژێر ڕێبەرایەتیی دوکتۆر قاسملوو جیا ببوونەوە کە لەوێش عەلی هەر وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هاوڕێ عەلی لە سەر ئیزنی حیزب چووە تورکیە و لەوێ چاوەڕوانی وەرگیران لە لایەن کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران بوو تا وەک پەنابەر لە وڵاتێکی ئۆرووپایی وەربگیرێ.

دوای کوودتای نیزامی لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ لە تورکیە، ئێمە ( کۆمەڵێک لە ئەندامان و کادرەکانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان.باکوور) چووینەوە ناوچەی ژێر

دەسەڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و لەو دەڤەرە جێگیر بووین کە هاورێ عەلی بەرپرسایەتیی دەکرد و ماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە. عەلی بوو بە هاورێ و دۆستێکی نیزیکی ئێمە و بەردەوام هاوکار و پشتیوانمان بوو. هەر ئەوکاتیش بوو دڵسۆزی و هاورێیەتیی عەلی بۆ ئێمە دەرکەوت.

عەلی هەم لە پێشمەرگایەتی و هەم لە ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیی خۆیدا نموونەی مرۆڤێکی بوێر و فیداکار بوو. لە شیڕ دا پێشمەرگەیەکی قارەمان و لە کاری ڕێکخستن دا کادرێکی لێهاتووی زانا بوو. لە گەل خەڵك و پێشمەرگە و کادرەکانی حزبیش دا هەتا بڵێێ نەرم و هێدی وبە تەحەموڵ بوو. جێگای ڕێزی هەمووان بوو، چوونکی ڕێزی هەمووانی دەگرت، جێی شانازی بوو، چوونکی لە ئەرکی شۆرشگێری دا شانازیی بە هاورێ وهاوکارانی یەوە دەکرد.

ساڵی ١٩٨٠ کاتێك ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڤەری سۆمای ڕۆژانە لە ڕێگای تەیارەوە بۆمباران دەکرد، عەلی لە گوندی ئاغچەقەڵ بە سەختی بریندار بوو. عەلی لە ڕێگای تەشکیلاتی نهێنیی حێزب و هەر وەها دۆستان و ناسیاوان گەیەندرایەوە شاری ئۆرمیە و ماوەیەک لە نەخۆشخانە مایەوە و دوای عەمەلیاتێکی قورس گیانی نیجات درا و گەڕایەوە سەنگەری پێشمەرگایەتی و درێژەی بە ئەرکی شۆرشگێرانەی خۆیدا.

بەداخەوە ئەوجار دوژمن بە پیلانێکی دیکە و لە ڕێگای تێرۆر و نامەردانە کەوتنە بیری لە داوخستنی عەلی و سەریش کەوتن لەو پیلانە گڵاوەیان دا. بەڵان دوژمنیش باش دەزانێ و دەبێ بزانێ کە بە شیهید کردنی عەلییەکان شۆڕش و خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناو ئازادی و مافەکانی دا کۆتایی نایە و عەلی کاشف پوورێک تێرۆر دەکەن سەدان عەلیی دیکە سەنگەری خەباتی پڕ دەکەنەوە.

عەلی گیانی کردە فیدای ئازادیی کورد و کوردستان، بۆیە ئێمەش لەگەل شانازی کرد بە هاورێیەتیی عەلی، یاد و ناوی بەبەرزی لە لای ئێمە ماوەتەوە و هەتا هەین عەلی مان لە بیرە و بە ڕێز و حورمەتەوە یادی دەکەینەوە. خەم و پەژارەی بنەماڵە و

حیزبەکەی بە خەمی خۆمان دەزانین . عەلی لە هەمووومان چووە و خەسارێکی گەورەیە لە هەموو کورد کەوتووە.

سەری گەلی کورد و بنەماڵەی کاشف پوور خۆش

یادی هاوڕێ عەلی بەخێر

**ڕۆژان. کانوونی ١٩٩٠**

*تێبینی:*

*من ئەم نووسینەم بۆ ڕۆژنامەی " هێزی وڵاتپارێز" نووسیبوو و لەوێ بڵاو کرابووە، بەڵام دواتر بە هیندێك دەستکاری بۆ ئەم کتێبە ئامادەم کردووە. ڕۆژان (ڕۆژنامەی هێزی وڵاتپارێز، ٧ی کانوونی ١٩٩٠ دانمارك)*

************

**نامەی جەلیل گادانی بۆ ئۆزال**

جەلیل گادانی سکرتێری گشتیی حدکا.ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بەناوی دەفتەری سیاسیی حێزبەکەیەوە نامەیەکی بۆ تورگوت ئۆزال سەرۆک کۆماری ئەوکاتی تورکیە نووسیوە تا تێرۆری عەلی کاشف پوور ئاشکرا بکرێ ، ئەوە دەقی نامەکەیە:

**بەڕێز تورگوت ئۆزال، سەرۆک کۆماری تورکیە**

بەگوێرەی هەواڵدەرییەکانی دونیا و بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیە، عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە لەلایەن سێ کەسەوە، کەبە ئیحتیماڵێکی زۆرەوە بەستراوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون ، لە ماڵەکەی لە باژاری قونیا ، لە شەوی ١٥ی گەلاوێژ ڕفێندراوە و هەر هەمان شەویش کوژراوە.

هاورێی ئێمە لە ژێر چاوەدێریی قانوونی دەوڵەتی تورکەی دا دەژیا. لەبەر ئەوەیە کە، ەو جینایەتە هەم دژ ەب حاکمیەتی دەوڵەتی تورکیەیە، هەم دژ بە یاسا

نێونەتەوەییەکانە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیە لە هەمبەر ئەو کردارە بێ دەنگ بێ ، ئەوە ئەوکات دەرفەت بۆ کەسانی تری سەربە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەرەخسێ کە جیانیەتی دیکەش ئەنجام بدەن.

ئێمە لە داوا جەنابتان دەکەین کە هەم ئەو جینایەتە مەحکووم بکەن، هەم بکەرانی ئەو جینایەتەش دەستگیر و سزا بدرێن و لە ئاکامی ئەو بەدواداچوونەش ئاگادارمان بکەنەوە.

**لەگەل ڕێز و حورمەت مان**

**بەنایو دەفتەری سیاسیی حدکا.ڕش**

**جەلیل گادانی سکرتێری گشتی**

**١٩٩٠/٨/٣٠**

***(ڕۆژنامەی هێزی وڵات پارێز، ژمارە ٧، کانوونی ١٩٩٠ دانمارک)***

*************

**دەوڵەتی تورکیە وڵامی "حدکا.ڕش" ی نەدایەوە!**

جەلیل گادانی سکرتێری گشتیی حدکا.ڕش نامەیەکی بۆ ئۆزاڵ نوسیبوو و تا تێرۆری عەلی کاشف پوور ئاشکرا بکات.

شتکێکی ئاشکرایە کە ڕێژیمە دژ بە شۆرشیکانی کوردستان هەمیشي جگەلە هێرشی بەرین بۆ سەر گەلی کورد و کوردستان ، هێرشی. سەر قارەمانەکانی ئەوگەلەش دەکەن و یەک بە یەک و بە شێوەی نامەردانە شەهیدیان دەکەن. ماوەیەکی درێژە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کردەوەی تێرۆریستی بەڕێوە دەبا کە ئەمان نموونەی ەئو تێرۆرانەن: ساڵی ١٩٨٩ لە شاری لارناکای قیبرس ئەندامێکی ڕێبەریی کۆمەڵە و هەر هەمان ساڵ و لە مانگی پووشپەڕ دا دوکتۆر عەبدورەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لەگەل دوو لە

هاوڕێکانی لە کۆبوونەوەیەکی نێوان ئەوان و دەوڵەتی ئێران  بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیم شەهیدا کران، و لە ١٥ی ئاگۆستی ئەمساڵیش عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا. ڕش لە شاری قونیای تورکیە شەهید کرد.

مانگێگ بە سەر ئەم جینایەتە دا دەرباس نەببوو ، ئەوجار لە شاری ڤێستروٚسی سوئێد لە ڕێگای پاکەتێکی بۆمڕێژ کراو عیفەت قازی کچی پێشەوا قازی سەرۆک کۆماری شەهیدی کوردستان    و هاوژینی ئەمیر قازی سەرۆکی پارتی سەربەخۆی کوردستانیان شەهید کرد. هەووی ئەم جینایەتانە لە ڕێگای دڕندانەی تێرۆرەوە ئەنجام دران.  ئەگەرچی بکەرانی ئەو جینایەتانە جارێ نەگیراون، بەڵام بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پشت ئەو جینایەتانە وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە.

ڕێژیم لە خوڵقاندنی جینایەت دا وەستایانە و بە شێوەیەکی پرۆفسیۆناڵ کار دەکا. هەڵبەت ئەو شێوەیە لە تێرۆر داماویی ڕێژیم دەردەخا. ڕێژیم نەیتوانیوە ئاگری شۆڕشی کوردستان دابمرکێنێ ، بۆیە پەنای بردۆتە بەر تێرۆری ڕێبەران و کادرە بژارەکانی شۆڕشی کوردستان و ئەو مێتۆدەی بۆ  سەرکوت گرتۆتە بەر. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شۆڕشی گەلی کورد دەترسێ و ناتوانێ ڕووبەڕووی بوەستێ بۆیە پەنا بۆ جینایەتی وەها دەبا، هەرچەند  ترسان لە مردن سوودی نیە. هەڵبەت شیهید بوونی یەک بە یەکی کادرەکانی بزووتنەوەی کورد  بە دەستی دوژمن ، خەسارێکی گەورەن، بەڵام شۆڕشی گەلی کورد لە بواری  کادر و تێکۆشەری مەیدانی خەباتەوە هەرگیز کورتە ناهێنێ کە دوژمن ئەو ڕاستی یە بە باشی دەزانێ.

(ڕۆژنامەی هێزی وڵات پارێز. ژمارە ٧  کانوونی ١٩٩٠. دانمارک)

**********

**بەشی دووهەم**

**بەیاننامەی حدکا.ڕش**

**یادی شەهید عەلی کاشف پوور**

**کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران . ڕش**

**ئاگۆستی ۱۹۹۰**

**دەفتەری سیاسی**

بەبۆنەی شەهید بوونی عەلی کاشف پوور ئەندمای کۆمیتەی ناوەندی به دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران .

هاونیشتیمانیانی بەڕێز

خەڵکی خەباتکاری کوردستان

کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب

ئێمە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە لە نیوەشەوی ۲٤ی ئەم مانگە هاورێێ تێکۆشیر کاک عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی  لە سەر ڕێغای شاری قونیا – ئانکارای تورکیە بە دەستی چەند تێرۆریستێکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە شەهید کرا.

هاورێ عەلی لە ساڵی ۱۳۳٦ی هەتاوی(۱۹۵۷ی زائینی) لە ئاوایی پیرانجوغی سەربە شارستانی ئۆرمیە لە بنەماڵەیەکی زەحـەتکێش لە دایک بووە.

کاک عەلی خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی هۆوەسن قۆناغی ناوەندی و دوا ناوەندی لە ئۆرمیە تەواو کرد و دوایە بۆ درێژەی خوێندنی زانکۆ چووە شاری تەورێز و لە بواری حقووقی سیاسی دا درێژەی بە خوێندن دا. لە مانگەکانی پێش شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی شا، کاک عەلی دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد تا سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷۹ کە ساڵی کۆتایی زانکۆی بوو لە زانکۆی تاران ، دەستی لە خوێندن هەڵگرت و  بە مەبەستی بەشداری لە تێکۆشانی نەتەوەیی و دێمۆکراتی گەڕایەوە گوندەکەی و دوای ماوەیەک تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزب بوو.

بیروباوەڕەکانی قووڵی کاک عەلی  و داخوازییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بوون بە هۆی ئەوە کە  کاک عەلی ببێتەوە کادرێکی جێکەوتوو و لێهاتووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.  سەداقەت و ئیمانی کاک عەلی بە ئامانجەکانی بوونە هۆی ئەوە تا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێ  و تا پێویستیی پێکهاتنی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر  و ئیقدامی مێژوویی ١٩٨٨ کە خۆشی یەکێک بوو لە ١٥ ئەندامی پێشووی ڕێبەری  بەیانیە ١٠ خاڵیەکەی ئیمزا کرد.

هاوڕێ عەلی کاشف پوور هەموو ساڵانی تەمەنی حیزبایەتیی خۆیدا ، چ ئەوکات کە ئەنددمی کۆمیتەی ناوەندی بوو ، چ  پێش ئەوەی  ببێتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دژی ئەو کەسانە بوو کە دەیانەویست ڕێگای ڕاستیی حیزب ون بکەن و لە هەمبەریان دا ڕادەوەستا و بەرگریی لە حیزب و ئامانجەکانی دەکرد.

 هاوڕێ عەلی  ساڵی ڕابردوو بەمەبەستی جێ بە جێ کردنی هیندێک کار و ئەرکی حیزبی کە ڕیبەری پێی ئەسپاردبوون گەڕایەوە شیمالی کوردستان و لەوێش هاتوو چوو کردنی تورکیەشی هەر بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکانە بوو.

کاک عەلی کاشف پوور ئەندامی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی دێهاتی بوو، بۆیە  لە نیزیکەوە ئاگادار و ئاشنای دەرد  و مەینەتیەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بوو و بەردەوام لەگەل ئەوان و هاوڕێ و هاوکاریان بوو و بەرگریی لە مافی ڕەوای ئەوان دەکرد و خەبات و تێکۆشانیشی بۆ مافی نەتەوایەتیی ئەوان بوو و پارێزگاریی لە مافەکانیان دەکرد تا سەرەنجام لەو پێاوەش دا دەستی ڕیشی جینایەتکاران و تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە گیانی   و شەهیدیان کرد بەڵام خەبات و ئامانجەکانی بەردەوامن و داخوازیی ڕزگاریی زەحمەتکێشانی وڵات ڕانەوەستاوە .

هاووڵاتیانی هێژا !

خەڵکی خەباتکاری کوردستان !

کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب !

ئەوە جاری یەکەم نیە کە خوێن مژانی کۆماری ئیسلامی دەست بۆ وەها جینایەتێک دەبەن و هەموو یاسا نێونەتەوەییەکان بە ترسنۆکانە پێشێل دەکەن . لە چەند ساڵی ڕابردوو زۆر یەک لە کەسایەتی و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کراون. تێرۆری هاوڕێ عەلی کاشف پوور نەهەوڵین و بەداخەوە نە ئاخەرین تێرۆر دەبێ کە بە دەستی تێرۆریستەکانی ئەو ڕێژیمەوە ئەنجام دەدرێ. بەڵام بەداخەوە ئەو دەوڵەتانەی کە ئیدیعای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن بە بێ دەنگیی خۆیان لە هەلبەر کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی ئەوان دا بۆوە بە هۆکاری هەرچێ زیاتری زەمینە خۆشکەر بۆ کردەوەی زیاتری تێرۆریستی و دەستی پەروەردەکراوانی جورم و جینایەت ئاوەڵاتر کراوە.

دەفتەری سیاسیی حیزب وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی لە مەڕ شەهید کرانی کاک عەلی کاشف پوور ، سەرەخۆشی دەکا لە بنەماڵەی ئەو شەهیدە سەربەرزە، خەڵکی دەڤەری سۆما و گوندی هۆوەسن، هەموو تێکۆشەرانی کوردستان و ئێران و داوا لە هەموو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەکا تا لە هەمبەر کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە دا بێدەنگ نەبن. بە تایبەتی ڕوومان لە ڕێکخراوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین و داوایان لێدەکەین کە ئەو کردەوە تێرۆریستییە و هەموو کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم مەحکووم و ڕیسوا بکەن. لە هەمانکاتیشدا داوا لە دەوڵەتی تورکیە دەکەین کە وەک زۆربەی دەوڵەتانی دیکەی جیهان کە ئیمزای جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی کردووە، لە گرتنی و سزادانی بکەران و بڕیاردەرانی ئەو جینایەتە سامناکە دا جیدی بێ و ئیقدامی بوێرانە بکا.

سڵاو لە یاد هاوڕێ عەلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب

مردن و نەمان ۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ

١٣٦٩/٥/٢٨ی هەتاوی

١٩٩٠/٨/١٨ی زائینی

******************

وتەکانی کاک جەلیل گادانی لە یادی شەهید عەلی کاشف پوور دا

لەگەل سڵاوێکی گەرم و بە خێرهێنانی ئێوە میوانان ، هاوڕێیان و خوشک و برایانی بەڕێز.

لە هەر پرگەیەک و هەر ساڵێک دا شۆڕش باشترین و بەوەفاترین ڕۆڵەکانی خۆی پێشکەش بە بارەگای ئازادی و سەرفیرازیی نەتەوەکەی دەکا.

لە مانگی گەلاوێژ دا ٢ لاوی حیزب، کاک عەلی کاشف پوور و کامڕان شیخ السلامی ، دوو لاوی بە ئەمەگی گەل، دوو لاوی فیداکار و لە خۆبردوو لە ڕێگای ئازادیی وڵات و سەرفیراز کردنی گەلەکەیان سەریان نایەوە . هەردووکیان لە سەنگەری خەبات دابوون ، یەکیان لە مەیدانی شەڕ و لە سەر خاکی کوردستان و لە شەڕ دەگەل هێزی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی دا و هاوڕێی دیکەمان تێکۆشەر کاک عەلی کاشف پوور لە کاتی بەڕێوە بردنی ئەرکێکی حیزبی لە سەر خاکی وڵاتی تورکیە بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

کاک عەلی ١١ ساڵ لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەی خەباتی کرد. کاک عەلی وەفادار و ئەمەگناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە بە هەموو وجوودییەوە ئاواتی بەدی هاتنی دێمۆکراسییەکی ڕاستەقینە بوو لە نێو کۆمەڵگادا و بەحەقیش ئەو لەو پێناوە دا ماندوو نەدەبوو و بە شەو و بە ڕۆژ کاری بۆ دەکردبیری لەوە دەکردەوە کە چلۆن ئەو ئەرکانە بە باشترین شێوە جێ بە جێ بکا کە حیزب بۆی دیاری کردوون. ئەو لە درێژەی یازدە ساڵ خەباتی لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا، بۆ ساتەوەختێکیش دوودڵی ڕووی تێنەکرد. کاک عەلی پارێزەرێکی ڕاستەقینەی سیاسەت و ڕێبازی حیزبەکەی بوو و لە هەرکات و لە هەمبەر هەرکەس دا ڕادەوەستا

که بویستبایه چووکترین لادان له  خەتی حیزب دا دروست بکا، بەتایبەتی له کاتی هەڵوێست گرتنی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر دا بوێرانه خەتی خۆی دیاری کرد.

کاک عەلی وەک زۆری دیکه دەیتوانی پارتیان بە لاڕێدا برد، بمێنێ و زۆر پێشنیاریشیان پێکرد ، بەڵام ئەو هەرگیز بەرژەوەندیی گەلەکەی فیدای بەرژەوەندییەکانی خۆی نەکرد و هەر وەک ئێوە دەبینن پیاوانە تا دواساتەکانی ژیانی تێکۆشا و بە ڕێبازی حیزب وەفادار مایەوە. کاک عەلی لەگەل ئەوەی کە داوای مافی چارەنووسی بۆ گەلەکەی دەکرد، لە هەموو ئەرک و ڕاسپێدراوەکانی دا تێدەکۆشا تا دروشمەکانی حیزب وەک هەن ڕەنگدانەوەیان ببێ و بە مانا دروستییەکەی یەکبگرنەوە. یار و یاوەری زەحمەتکێشان بوو و بەرگریی مافەکانیان ببووە هۆکاری ئەوەی کە بکەوێتەوە بەر ڕق و کینەی دەرەبەگەکانی ناوچەی شیمالی کوردستان و داویان بۆ عەلی دادەنا. ئەو قەت ئامادە نەبوو مافی زەحمەتکێشێکی زۆرلێکراو بدا بە زۆردارێک یان دەرەبەگێک. خۆراگرێێ کاک عەلی لە کاتە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا، بەتایبەتی  هەڵ و مەرجە پڕ ئاڵۆزەکانی شیمالی کوردستان دا ، گەلێک جار تووشی فیتنە و پیلانی توند ببووە ، بەڵام لە هەمووشیان دا بەکردەوە  جوانەکانی و بە بیرە ڕاست و کراوەکەی ئەو پیلانانەی پووچەڵ دەکردەوە و حەقی دەدایە حەقدار.

کاک عەلی لە بواری سیاسەتی جیهانیش دا  ئیمپریالیزمی بە دوژمنی نەتەوەی کورد و هەموو بندەستەکانی جیهان دەزانی  و لە هەمبەر دا بە بیروباوەڕێکی قووڵی کە بە سۆسیالیزم هەیبوو ، وای دەزانی کە بەڕاستی تەنیا سۆسیالیزم دەتوانێ هەموو ژێردەستەکان ،برسییەکان هەژاران و بێوارەکان بۆ هەمیشە ڕزگاریان بکات.

کاک عەلی  خاوەنی ئەخلاقێکی شۆرشگێڕانەی تەواو مانا بوو ، هاوڕێیەکی ڕاست و قاتیع  و جێکەوتوو بوو و لە گەل هەمبەر هەر  جۆرە بورژوازی و بورژوا بچووکەکان و لە هەمبەر هەر جۆرە دان و ستانی تەزویر و ریاکارانەی زاهیری رادەوەستا  و موخالیفەتی دەکر. کاک عەلی  ئەندامێکی ئەمەگناسی حیزبەکەمان بوو، لەگەل ئەوەی کە چەند جار بۆتە ئەندامی ڕێبەریی حیزب   ، بەڵام هرگیز و بۆ یەک لەحزەش خۆی لێ ون نەبوو. هەر ئەندازە ئەرکی لە سەر شان بوایە  بەو ئەندازەیە و زیاتریش هەستی بە

بەرپرسایەتی دەکرد و تێدەکۆشا. ئەو سەرکەوتنی لە خەبات و تێکۆشان دا بەدی دەکرد. کاک عەلی دۆست و هاوڕێی ئەو هەموو گەنجانەی نێو ڕیزەکانی حیزب بوو کەلە پێناو ئامانجەکانی حیزبەکەیان دا تێدەکۆشان.

کاک عەلی بۆ هێزی گەل و یەکڕیزی و برایەتیی کۆمەڵگای کوردی ڕێز و حورمەتێکی زۆری هەبوو، دژی هەرجۆرە دژایەتی و ناکۆکیەکی غەیرە مەنتیقی بوو ، بۆیە لەو پێناوە دا هەم بۆ یەکدەست بوونی حیزبی ئێمە و هەم نیزیکایەتی و دۆستایەتی لەگەل ئەحزابی دیکەی کورد هەوڵێکی زۆری دەدا و تێدەکۆشا.

ئەوە کۆی کاراکتەر و کەسایەتیی کاک عەلی بوو کە توانیبووی ئەو لە نێو کۆمەڵگای شیمالی کوردستان دا یەکجار خۆشەویست بکات و بە حەق خەڵکی شیمالی کوردستان پڕ بە دڵ ئەویان خۆشدەویست و وەریان دەگرت ، لە نێو ڕێزەکانی حیزبیش دا لە هەر شوێنێک کاری کردباوە زۆر زوو جێگای خۆی دەکردەوە وهەموو هاوڕێیانی حیزبی ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست و پەیوەندییەکانیا گەرم و گورتر دەبوو. لە لایەکی تریش هەمووی ئەو کاراکتەرانەی کەسایەتیی کاک عەلی کە باسمان کردن و ئەو سەداقەت و دڵسۆزیانەی کە کاک عەلی لە خۆی نیشان دابوون ببوونە هۆکار کە هەم زۆردارەکانی ناوچە(دەرەبەگەکان) و هەمیش نۆکەرانی ڕێژیم لە ناوچە دا دژایەتیەکی تایبەتیی ئەو بکەن. زۆرجار هە رلە نێو خودی کوردستانیش دا پیلانی لە نێو بردنی عەلی دادەنران کە هەم بە وشیاریی خۆی وهەم چاو کراوەیی هاوڕێیانی نەیانتوانی تێیدا سەرکەون و زەربەی لێ بدەن و هەموو پیلانەکان پووچەڵ دەکران ، بەڵام بەداخەوە لە نیهایەت دا بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی لە شەوی٢٤ی گەلاوێژ ، یان ١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٠ دا بە شێوەیەکی ترسنۆکانە دەچنە ماڵەکەی لە شاری قونیای تورکیە و دەیرفێنن کە ڕۆژی دوایی تەرمی بێ گیانی کاک عەلی دۆزرایەوە.

ڕێژیم بۆ زۆر یەک لە ڕێکخراوەکانی تریش پلانی هەبووە و هەیە. بۆ حیزبەکەی ئێمەش دوژمن پلانی زۆری هەبوو کە بەشێکیان لە لایەن حیزبەوە ئاشکرا کراون و مەئمورکراوانی ئەو پلانانەش سزادراون. من هیوادارم خەباتی هاوڕێیان ڕۆژگارێک

بکەرانی ئەم جینایەتەش دەناسرێة و بە سزای خۆیان دەگەن . ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران ، وا دەزانی بە تێرۆر و لە نێو بردنی دڕندانەی ئەو هاورێیانە دەتوانێ بوێریی شۆڕشگێرانە لە بن بێنێ و بیروباوەڕەکانیان لاواز بکا. بەڵام دوژمن دە هەڵە دایە و هەریەک لەوجینایەتانە نەتەنیا ناتوانێ ئیرادەی پۆڵائینی گەلەکەمان و خەباتگێرەکانی بێنێتەووە خوار ، بەڵکووحورمەتی ئەوان زیاتر و قووڵتر دەکاتەوە ووایان لێ دەکا تا ئەو خەباتکارانە جیدیەتی زیاتر بەکار بێنن و دیقەتی زیاتر بکەن.

لە ڕاستی دا ئە وپیلانانەی ڕێژیم دەبنە هۆی هەرچی زیاتر ناسرانی ماهیەتی تێرۆریستیی ئەو ڕێژیمە لە ئاستی جیهانی و نێوخۆیی دا و زیاتر دەناسرێ و دە ئەساسیش دا ئەمانە ناسنامە و تایبەتمەندیی ڕێژیمن. ڕێژیمێک کە بە هەموو ئیمکانیەوە کە زۆری لە ئیختاریدایە ، هەشت ساڵ لەگەل دەوڵەتی عێراق شەڕی کرد، ١١ ساڵە دژی هێزە خەباتگێرەکانی ئێرانی شەڕ دەکا ، ئەو شەڕە لە کوردستان مانا و ڕەهەندێکی تری هەبووە و هەیە. لە کوردستان دەیان هەزار ئەفرادی ئەو ڕێژیمە بوونەتە قوربانیی سیاسەتە گڵاوەکانی سەرانی ڕێژیم ، بۆیە دەست بۆ کرداری دژی مرۆڤی و تێرۆریستی بردووە کە یەکێک لە سیاسەتە باوەکانی ئەو ڕێژیمەیە.

ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە لەگەل ئەوەی کە لەکوشتن و پرینی ئاشکرا خۆی ناپارێزێ ، بە ڵکوو بە هەزاران لاوی کوردستان و ئێرانی هەزاران مرۆڤی زەحمەتکێش و پێگەیشتوویی بە بیانووی بەشداری لە چالاکیی سیاسی دا و دژایەتی کردنی ڕێژیم، لە زیندانەکان دا لە نێو براون و لە هەردەرفەتێکی کەمیش دا کە بۆیان لوابێ بۆ تێرۆر و لە نێو بردنی کەسایەتییە سیاسییەکانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان دریغی نەکردووە کە ئەویش دەرخەری ڕیسوایی زیاتری ئەو ڕێژیمەیە و ڕووخانەکەی لێدیارە و بێ ئیعتیباریی ڕێژیم زیاتر هەست پێدەکرێ و و بۆیە تەنانەت ڕوحـ بە منالّیش ناکا و بۆ ئەوان لە بەین بردنی شۆڕشگێران بۆتە ئەرکێکی دینی و سیاسی. دیارە کە ئەو کۆنەپەرەست و وەحشیانە لەمە زیاتر هیوا وهومێدیان ەب مانەوەیان نیە لە دەسەڵات و سەرکوت.

کاک عەلی  و ئەوانەی وەک ئەو هەر یەکەم ڕۆژی هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە و هاتنی ئەوان بۆ نێو خەبات، خۆیان بۆ ئەمڕۆ ئامادە کردبوو و باکیان لە مەرگ نەبوو و ئامادەگی ئەوەیان هەبوو لە هەمبەر هەر زۆردار، دیکتاتۆر، پیلانی دوژمنانە و سەرەنجام مەرگی سەربەرزانە دا قورس و قایم ڕاوەستن و درێژە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیان بدەن. هەموو مرۆڤە شۆرشگێرەکان، خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری لە پێناو بیروباوەڕەکانیان هەمیشە شانازی بە مەرگیانەوە دەکەن.

کاک عەلییەکەی ئێمەش گەیشتە ئەو شانازییە  و نیشانی دا کە بە هەر شێوەیەک و لە ژێر کاریگەریی هەر هەلو مەرجێکدا  دەبێ با بێ، بەڵام ئەو بۆ  ساتێکیش لە نەحەسایەوە   و تا دوا ساتی ژیانی لە ئاکامی خەباتە فیکری،  سیاسی و تەبلیغییەکەی بە گومان نەبوو، لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەو وەک خەبات لە مەیدانی شەڕی بە دژی داگیرکەران  و نواندنی حەماسەی قارەمانانە وابوو و نەسڵەمییەوە. ئەو لەوێش زۆر بە شەهامەتەوە شەهید بوو، شەهید بونی هەر هاوڕێیەک لە پێناو ئازادی دا، بە هەر بیر و باوەڕێکەوە هەیە بابێ ڕێز بگرین و بە بیری بێنینەوە و بۆی کۆبینەوە کە زیاتر بەو مانایەیە کە بە هەمووومان بتوانی جێی بەتاڵی ئەو هاوڕێیانەمان بە کار و تێکۆشانمان، بە هەوڵ و هیمەتمان  پڕ بکەینەوە. هەر وەها تا ئێستا نیشاندراوە کە چەکی دەستی ئەو هاوڕێیانەمان ناکەوێتەوە سەر عەرز وبیروباوەڕەکانی ئەو هاوڕێیانەمان نامرن و ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی زیاتر بە خۆیانەوە دەبینن و ئەرکی ئێمەشە وەک هاوڕێی ئەو شەهیدانە، شان بدەینە بەر درێژەی ئەرکەکانی ئەوان   و تا دواساتی ژیامان درێژەدەری ڕێگای  پڕ لە شانازیی خەباتی ئەوان بین.

میوانە بەڕێزەکان ،هاوڕێیانی خۆشەویست، دەمەوێ لەم دەرفەتە کەلک وەرگرم و عەرزی خزمەتتان بکەم کە : لە ناوچە دا دۆخێکی ئاڵۆز هاتۆتە ئاراوە. ئاژاوە تەواوی ناوچەی داگرتووە،   هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژانەی ناوچە خەریکە بەتەواوی دەگۆردرێن. هەر لەو ئاڵ و گۆڕانە دایە کە دەبینین  کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو  بە ئیعترافی خۆیان  لەم ساڵانەی دوایی دا بە پیرۆزی گەیشتوون  و سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناوە و لە ئاکام دا مومکینە بەو جێ خاڵیانەی کە دەستی کەوتوون  دڕندانەتر لە پێشوو زەبری زیاترمان لێ بوەشێنێ و هێرشمان بکاتە

سەر  بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات.، بۆیە داوا لە هەموو هاوڕێیان دەکەم بە تەواوی وشیاریی خۆیان بپارێزن و وریای پیلانی دوژمن بن. پێویستە وشیار بین تا نەکەوینە داوی پیلانە تێرۆریستییەکانی  ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی . ئەوەشتان عەرز دەکەم کە بەرژەوەندی بۆ هیندێک لە دەوڵەتان سەرووترە لە بەها مرۆیی و یاسا نێونەتەوەییەکان.

گەلێک جاران پێوان و هەڵسەنگاندن وان کە خوێنی ئینسانەکان لە هیچ حیساب و کیتابێکێکی ئەوان دا جێ ناگرێ و نرخی نامێنێ. تا ئێستا بە سەدان کەس لە سەرکردە و تێکۆشەری حیزب و ڕێکخراوەکان تێرۆر کراون ، زۆربەی ئەو کردەوانە بکەران بە بەڵگەوە ئاشکرا بوون کە  کاربەدەستە بەناو دیپلۆماتەکانی  کۆماری ئیسلامین ، بەڵام تا ئەم ساتەوەختەش بڕیارێکی گونجاو لە سەر ئەم کردەوانە نەدراوە و مەحکووم نەکراون و بکەران نەگیراون.

جارێکی دیکەش سەرەخۆشی لە هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکەم و سوپاس بۆ هاودەردی و هاوخەمیتان هاوڕێیانی خۆشەویست  و خەباتگێڕی مەیدانی ئەمرۆیی خەبات و هیوادارم ڕێگای شەهیدانی سەربەرزمان هەرگیز ون نەکەن و تا دواین ساتی ژیان و دواین دڵۆپی خوێن درێژەدەری ڕێگای ئەوان بن و درێژە بەخەباتتان بدەن تا هەرچی زیاتر لە گەیشتن بە ئامانجەکانمان نیزیک دەبینەوە .

یاد کاک عەلی و هەموو شەهیدانی سەربڵیندی گەل و شەهیدانی ڕێی ڕزگاری پیرۆز بێ ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ

سوپاستان دەکەم

*************

بەشی سێهەم .

 پەیامی حیزب ، ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان

 بەڕێز دەفتەری سیاسیی حدکا.ڕش

لەگەل ڕێز و سڵاو

بەداخەوە هەواڵی تێرۆری ناجوامێرانەی کاک عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئێمەش گەیشت.

ئێمە ئەو کردەوە دژی ئینسانییە بە توندی مەحکووم دەکەین و بەوبۆنەوە هاودەردیی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین.

جارێکی دیکە سڵاو و ڕێز

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٣٦٩/٥/٢٩(١٩٩٠/٨/١٨)

****

هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیی حدکا.ڕش

سڵاوی ڕاستیی ئێمە قەبووڵ بکەن

هەواڵی تێرۆری جینایەتکارانەی شۆڕشگێڕ عەلی کاشف پوور، لەلایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، بە قووڵایی دڵمانەوە غەمبار بووین.

ئەگەرچی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەهەوڵی ئەوەدان کە پەردەیەکی ڕەشی ترس و وەحشەت بە سەر ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕ دا بکێشن ،بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێژیم بەو کردەوانە داماویی خۆی لەهەمبەر تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن نیشان دەدا.

بێگومان ئەو کردەوە تێرۆریستیانە نە تەنیا ناتوانن کاریگەریان لەسەر حەرەکەتی ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕ لە تێکۆشان بۆ ڕوخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بکەن ، بەڵکوو زیاتر بۆ بە جێ گەیاندنی ئەو ئەمرە شۆڕشگێرانەیە موکورتر دەکاتەوە.

بەبۆنەی تێرۆری ناجوامێرانەی کاک عەلی کاشف پوور سەرەخۆشی دەکەین لە هەموو ئەندامان و پێشمەرگەکانی حدکا. ڕش .

لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران

(١٩٩٠/٨/٢٢)١٣٦٩/٦/١

****

لە "نبرد خلق" ی سازمانی چریکی فیدایی خەڵک ، ژمارە ٧٤

لە دوا ساتەکانی شیوی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٩ دا ، دوو کەس لە نۆکەرانی تێرۆریستی ڕێژیمی خومەینی بە جل و بەرگی پۆلیسی تورکیە و کەسێک بە جلی سڤیل دەچنە جێی دانیشتنی بنەماڵەی کاک عەلی کاشف پوور لە شاری قونیای تورکیە و بەزۆر عەلی لەگەل خۆیان دەبەنە دەر و تێرۆری دەکەن.

کاک عەلی کاشف پوور بەمەبەستی هاوکاریی بنەماڵەکەی ڕووی کردبووە تورکیە و تێرۆر کرا. ئەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا. ڕش بوو و بەیانیەی یەکەمی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێری ئیمزا کردبوو.

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو تێرۆرە وەحشیانەیە و نەمانی کاک عەلی کاشف پوور ، سەرەخۆشی لە حدکا. ڕش ، و کەس و کاری کاک عەلی کاشف پوور دەکەین.

****

بەناوی خودای بەخشندە و مێهرەبان

بەڕێز برایانی دەفتەری سیاسیی حدکا. ڕش

لەگەل سڵاوی شۆرشگێرانە ، ئاواتمان سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کوردە.

ئەوە بۆ جاری چەندەمە کە دەستی چەپەڵی تێرۆریستەکانی تاوانباری مەلاکان بە خوێنی پاکی لاوانی خەباتگێری کورد سوور دەبێ و ڕێبەرانی کۆنەپەرەست و دڵڕەش و توورەی ڕێژیمی ئیسلامی لە پیلانێکی نوێی دیکەیان دا توانیان ئازادیخوازی زانا کاک عەلی کاشف پوور شەهید بکەن. ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە قێزەونە دژی ئینسانی یە، سەرەخۆشی دەکەین لە هەموو کەس و کاری ئەو

شەهیدە سەربەرزە و هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حدکا .ڕش  و بەشداری خەمتانین.

کارگێرانی تێرۆریست و عامیلانی دام و دەزگاکانی ئاخوندی دەبێ ئەوە بزانن کە ئەو شێوە کردەوە دژی ئینسانیانەی ئەوان نابنە هۆی لەکاروەستانی خەبات بە دژی سەرەڕۆیی و زوڵم و ستەمی ئەو ڕێژیمە، بەڵکوو ئاگری قین و توورەیی ئازادیخوازان بە گوڕتر دەکاتەوە و خوێنی گەشی شەهیدان دەبێتە هێز و گوڕوتینێکی دیکە لە دەمارەکانی شۆڕشگێڕان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە لە  کوردستان دا.

بەهیوای ئەوەی کە خەمی لە دەستدانی کاک عەلی کاشف پوور ببێتە سەرچاوەی خەباتێکی بێ پسانەوەی هاوسەنگەرانی ئەو و چرایەک کە ڕووناکی بدا بەتێکۆشانی بەردەوام و جێگای بەتاڵی ئەو شیهیدە پڕ بکاتەوە.

دەفتەری سیاسیی سازمانی خەباتی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران

١٣٦٩/٦/١(١٩٩٠/٨/٢٢)

****

بۆ دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حدکا. ڕش

لەگەل سڵاوی شۆڕشگێرانە

 دوێنێ نامەی ڕێکەوتی ١٣٦٩/٦/١ ی ئێوەمان لەمەڕ تێرۆری ناجوامێرانەی کاک عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکەتانمان وەرگرت.

لەگەل نیشاندانی ئەوپەڕی نەفرەتمان لەو جینایەتەی ڕیژیمی ئیسلامی ، سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆمان بە ئێوە و هەروەها بنەماڵەی کاک عەلی دەگەیەنین و داوا دەکەین وریایی زیاتر بپارێزن تا ڕێژیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ زیانی دیکە بە گەلی قارەمانی کورد بگەیەنێ.

لەبەر ئەوەی کە مەراسیی یادکردنەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی ئێوە لە ڕێکەوتی ٢ی خەرمانان بەڕێوە دەچێ و کاتی کەممان لە بەر دەستە، لەگەل داوای لێبۆردن پێتان ڕادەگەیەنین کە ناتوانین بەشدار بین و سوپاس بۆ دەعوەتی ئێوە .

جارێکی دیکە سڵاو و ڕێز

حیزبی ڕەنجبەرانی ئێران. کۆمیتەی کوردستان

١٣٦٩/٦/٢(٢٣ی ئاگۆستی ١٩٩٠)

****

بۆ دەفتەری سیاسیی حدکا.ڕش

دەگەل سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

هەواڵی تێرۆری کاک عەلی کاشف پوور لە ڕادیۆ بی بی سی بیستم.

شیهید بوونی کادری دیاری حیزبی دێمۆکرات جێی داغ و پەژارەیە. ڕێژیمی دواکەوتوو و خوێنڕێژی مەلاکان دیسان جینایەتێکی مەزنی خوڵقاند و دەستە چەپەڵەکانی بە خوێنی خەباتگێڕێکی کورد سوور بوون. بەڵام گەلی کورد بەو ڕووداوانە لە سەر داخوازیە ڕەواکانی سوورتر و مکورتر دەبێتەوە و درێژە بە خەباتی خۆی دەدا تا لووتکەی سەرکەوتن.

بۆ ئەو ڕووداوە ناخ هەژێنە ، من بە حورمەتەوە سەرەخۆشیی خۆم بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە قارەمانەکانی و بنەماڵەی ئەو شەهیدە دەگەیەنم.

ڕووحی شاد و گەلی کورد خۆش بێ

سەید عیزەددین حوسەینی

١٣٦٩/٥/٢٩(١٩٩٠/٨/١٨)

****

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حدکا.ڕش

لەگەل سڵاوێکی گەرمی برایانە

هەواڵی تێرۆری کاک عەلی کاشف پوور پڕ لە خەم و پەژارە بوو. لە قووڵایی دڵمەوە سەرەخۆشی دەکەم لە ئێوە و هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکەتان و خۆم بە شەری غەم و پەژارەی ئێوە دەزانم. دڵنیام کە ئەو کردەوە قێزەونەی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا ناتوانێ دەنگی دلێرانەی خەباتی شۆڕشگێرانە گەلی کورد کەم ناکاتەوە، بەڵکوو نیشانەی لاوازی و زەبوونیی دوژمنانی شۆڕشی کوردستانە.

تۆڵەی ئەو هەموو خوێنانەی کە بوون بە هۆکاری گەشانەوەی شۆڕش و زیاد کردنی گوڕوتینی ئەو ئاگرە ، بە خوێنی هەزارانی وەک کاک عەلی هەڵکراوەتەوە و زوو یان درەنگ گڕێ ئەو ئاگرە گیان و لەشی داگیرکاران و تەخت و بەختیان دەسووتێنێ.

بەرز و بەڕێز بێ یادی کاک عەلی کاشف پوور

هەربژین بۆ براتان

عومەر ئیلخانی

(١٩٩٠/٩/٥)١٣٦٩/٦/١٣

****

پەیامی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

برایانی حدکا.ڕش

بەشدارانی بەڕێزی مەراسیم

ئێمە تێرۆری جینایەتکارانەی کاک عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا.ڕش ،بە دەستی ئاخوندەکانی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین. هەر بەم

بۆنەوە سەرەخۆشیی کۆمیتەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و هەموو کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە  بە کۆمیتەی ناوەندیی حدکا.ڕش و کادر و پێشمەرگەی حیزب  و بنەماڵەی کاک عەلی ڕادەگەیەنین و هاوخەمی ئێوەین.

دیارە ئەم کردەوەیە  لە بەر چاوی هە رممرۆڤێکی خاوەن ویژدان و ئازادیخواز مەحکووم و ڕیسوایە ، و ڕێژیم دەیەوێ دەسەڵاتی شووم و دژە ئینسانیی خۆی بە تێرۆر و ڕەشەکوژی و ئیعدام ڕابگرێ. بە حوکمی شەڕی قاتیع و توندی کۆمەڵگای کرێکار و زەحمەتکێش ، حاکمیەتی شێوە کاپیتالیستی و دژە ئینسانی ، دەرووخێندرێ و لە سەر بناغەی ئەو ڕێژیمە گەندەڵە ، نیزامێکی نوێی دژی هەر جۆرە تێرۆر، ڕەشەکوژی، ئیعدام، شکەنجە و زوڵم و ستەم دادەمەزرێندرێ و ئەوەش جەبری مێژوویە کە ئەو جۆرە ڕێژیمانە درەنگ یان زوو دەخرێنە زبڵدانی مێژووە و ئەوەش نە جاری یەکەمە کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات تێرۆریستەکانی خستۆتەکار  ونە جاری ئاخەریش دەبێ.

کۆماری ئیسلامی لە یازدەساڵی دەسەڵاتی نگریس و کۆنەپەرەستانەی دا، لە هیچ جینایەتێک بە دژی موخالیفانی خۆی دەستی نەپاراستووە و پێداگر بووە لە سەر سەرکوت و ترساندنی کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵک و ئیدامەشبەو کارەی دەدا. باوەڕمان وایە کۆمەڵانی خەڵک بە کین و نەفرەت لە سیاسەت و کردەوەکانی بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە تێدەکۆشن. ئێمە وێڕای نیشاندانی بێزاری و نەفرەتی خۆمان لەو کردەوە دژە ئینسانییەی کۆماری ئیسلامی ، داوا دەکەین لە هەموو هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەی کە تێکۆشەرانی ئازادیخوازی هێزە  ئێرانییەکان لەوێ ژیان بەسەر دەبەن ڕێگا نەدەن وڵاتەکەیان ببێتەوە مەیدانی پیلانگێرییە کانی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی  و  لە لایەن حکومەتی ئەو وڵاتانەوە ڕێگایان لێ بگیرێ. دەنگی ناڕەزایەتیی خۆتان بە دژی هەر چەشنە شل کردن و چاوپۆشی کردنێکی دەوڵەتی خۆتان بەرز بکەنەوە و داوای ئاشکراکردن و سزادانی ئەو تێرۆریستانە بکەن.

جارێکی دیکە سەرەخۆشیی خۆمان بە کۆمیتەی ناوەندیی حدکا.ڕش و هەموو پێشمەرگەکانی حیزب و کەس و کاری کاک عەلی کاشإ پوور دەگەیەنین.

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی

بژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد

****

هاوڕێیان و دۆستانی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا.ڕش

بەداخەوە هەواڵی تێرۆری جینایەتکارانەی هاوڕێ عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا.ڕش بە ئێمە گەیشت. وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کردەوە تێرۆریستی یەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ، شەهید بوونی هاوڕێ و هاوسەنگەرتان سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆمان بە ئێوە، ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەی شەهید دەگەیەنین. ئەوە نە یەکەمین کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامییە و نە ئاخەرین کردەوەی لەم شێوەیەی دەبێ. پیلانە جینایەتکارانەکان و تێرۆریستییەکانی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە چەند و ساڵ و چەند مانگی ڕابردوو دا نیشان دەدەن کە ڕێژیمی ئیسلامی بەرنامە و پیلانی بەرینی بۆ هێزە سیاسییەکان لە دەرەوەی وڵات هەیە .

حکوومەتی لەرزۆک و داڕووخاوی لە پێشهاتە پێش بینی نەکراوەکانی سیاسیی ناوچە وەحشەتی هەیە و ناتوانێ هیندێک لە سیاسەتە گڵاوەکانی ئیجرا بکا و ئەوەش بۆتە هۆکار کە ڕێژیم بە دوای ڕێگای هاسان دا بگەڕێ بۆ بەربەرەکانی لەگەل تەوژمی ئازادیخوازی و دەستی داوەتە سیاسەتی تێرۆری ڕێبەران و کەسایەتییەکان و کردەوەی ڕەشە کوژی ئەنجام دەدا. سیاسەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و تێرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەرانی ئەحزابی سیاسی ، ئێمە دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە قینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی خەباتکار بە دژی ئەو سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە دژی ئینسانی یە هیندەی دیکە زیاد دەبێ ،ئاگری خەبات گەشت دەکاتەوە تا دەگاتە شەڕێکی سەرانسەریی نێوان ڕێژیم و هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێرەکان بە هاوکاریی یەکتر مەیدانی ئەو شەڕي بەرینتر و هەمەلایەنەتر دەکەنەوە.

ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی لە نێو بردنی ڕێبەرانی بزووتنەوەی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕ بە تەنیا ڕێگای مانەوەی خۆی دەزانێ  و بۆیە دەبێ بزووتنەوەش لە هەمبەر جینایەتە بێ هەژمارەکانی  ڕێژیمی ئیسلامی دا بەرگرییەکی جوامێرانە لە خۆی نیشان بدا. بۆ ئەو مەبەستەش ڕێکخراوی ئێمە  ئەو تێرۆرە مەحکووم دەکا و بە پێویستی دەزانێ هەموو هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکان پێکەوە و بە هاوکاریی یەکتر لە هەمبەر کردەوە جینایەتکارانەکانی کۆماری ئیسلامی  ، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە ی وڵات ، توند ڕابوەستن . هیواداریین  خەمی شەهید بوونی ئەو هاوڕێیە ڕێگای هاوکاری قایم تر و ڕاحەتتر بکاتەوە .

لەگەل سڵاوی گەرم

دەفتەری سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی شۆڕشگێری کرێکارانی ئێران (راه کارگر)

١ی خەرمانانی ١٣٦٩(٢٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠)

****

پەیامی سازمانی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران

هاوڕێیان و دۆستان

هەمووومان لێرە کۆبووینەتەوە تا خەم وپەژارەی  خۆمان لە تێرۆری  جینایەتکارانەی کاک عەلی کاشف پوور دەرببڕین و بیرەوەریی ئەو زیندوو ڕابگرین.  هەم بە هۆی کەسایەتی و ڕۆڵی کاک عەلی  لە بزووتنەوەی وڵاتەکەمان  و هەم بۆ ئەوەی دوژمنی ئازادی  و میللەت  لە ئامانجێکی شوومی خۆیدا سەرکەوتوو بووە.  لێ هاوڕێیان ، ئەو زەبرانەی کە وە شۆڕشگێران دەکەون  تەنیا خەم و خەیاڵ نابن بە نسیبی ئەوان ، ، بەڵکوو هەر زەبر و شکستێک لەوان دەبێتەوە ئەزموون و دەرسێک بۆ دواڕۆژ.

کاک عەلی  یەکەمین قوربانیی تێرۆرە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوو کە بەشێوەیەکی سیستماتیک لە زیاتر لە ساڵێک دا بە کردەوەی تێرۆریستی درێژەی

هەبووە. ئەو جینایەتانە لە پێشدا لە ڤیەن، قبرس، کوردستان و سویس دا بە شێوەی جۆراوجۆر ڕوویان داوە و بێشک ئەگەر بە جیدی و بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێر بە هەموولایەنەوەکانەوە لە دژی ئەو جینایەتانە ڕانەوەستن ، تورکیەش مەیدانی ئاخەرین جینایەتی ڕێژیم نابێ. کۆماری ئیسلامی بە تێرۆری خەباتکارانی ئۆپۆزیسیۆن بە دوای ئامانجی گرینگدایە. ڕێژیم بۆ ئەوەی کە مەیدانی خەباتی ئۆپۆزیسیۆن بەرتەسک بکاتەوە، لە پێشان دەیەوێ بە تێرۆر بیانترسێنێ و وەحشەت لە نێو ئۆپۆزیسیۆن دا دروست بکا.

ئەو تێرۆرانە نیشان دەدەن کە کۆماری ئیسلامی لە زەعف و لاوازیی خۆی لە هەمبەر داخوازیەکانی کۆمەڵگای وشیاری خەڵک دا داماوە و نیشان دەدات کە ناتوانێ هەمبەر ئەو فەلاکەتانە کە تووشیان بووە وڵامی خەڵک بداتەوە و خەڵك سەری هەڵداوە بۆیە ڕێژیم بە دوای دروست کردنی شەڕ وئاژاوەدایە و ئەو ڕێژیمە وڵامێکی پێ نیە بۆ خەڵك و تێرۆرە سیاسییەکانیش ناتوانن دادی ڕێژیم بدەن و لەو تەریک کەوتنەوە و پەلەقاژەیە ڕزگاری بکەن.

باوەڕمان بەوە هەیە کە دەگەڵ خەڵک و بۆ ئامانجەکانی پێشمان خەبات بکەین، ئەو تێرۆرانە ناتوانن ئیرادەمان تێک بشکێنن، بەڵکوو لە پێناو شۆڕشی دژی سەرمایەداری کە دەستمان پێکردووە توند و تۆڵ ترمان دەکاتەوە .

یادی هاوڕێی شۆڕشگێر کاک عەلی کاشف پوور بەخێر

ڕووخێ ڕیژیمی تێرۆر، شکەنجە و ئیعدامی کۆماری ئیسلامی

بەرقەرار بێ کۆماری دێمۆکراتیکی گەل

****

برای بەڕێز کاک جەلیل گادانی ، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. ڕش

بەداخ و کەسەرەوە ئاگادار بووین لە تێرۆری لاوی قارەمانی کوردستانی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکاﭘرش کاک عەلی کاشف پوور لە وڵاتی تورکیە. بەم شێوەیە دوژمنی دژی بەشەری جارێکی دیکەش بە دەستەوەستانی و داماویی خۆی جینایەتێکی وەحشیانەی دیکەی ئەنجام دا کە هیچ کات لە بیر ناکرێ.

ڕێژیمی دژی بەشەریی خامنەیی بە مەبەستی درێژەدان بە تەمەنی نگریسی خۆی، خاڵێکی ڕەشی دیکەی لە نێو چاوانی بەڕێوەبەرانی خۆی دا کە جگەلە سەرکوت و تەنانەت تێرۆر لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش ناتوانێ یارمەتی بە درێژەی تەمەنی خۆی بدات.

من لە لایەن ئەنجومەنی میلليی بەرگریی ئێران و تەواوی موجاهیدین و ئەرتەشی ئازادیبەخشی خەڵک ، سەرەخۆشیی خۆماڵی لە ئێوە، لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب وبنەماڵەی شەهیدی مەزن و ڕێزدار دەکەم.

بێگومان ئەو خوێنە پاکە بەردەوام دەوکڵێ و تێکەڵ بە ڕووباری بێ دەنگی خوێنی شەهیدانمان لە کاتێکی نە هیندە دوور دا دەبێتەوە ئاگرێکی بە تین و لە هەرلایەکەوە بەردەبێتە گیانی مەلا جینایەتکارەکانی حاکم و بنج و بناوانیان دەکاتە خەڵووز.

لەگەڵ ئیمان بە سەرکەوتن

مەسعوود ڕەجەوی

بەرپرسی ئەنجومەنی میلليی بەرگری و فەرماندەری گشتیی ئەرتەشی ئازادیبەخشی خەڵکی ئێران

١ی خەرمانانی ١٣٦٩(١٩٩٠/٨/٢٢)

****

کەیهانی هەوایی، ژمارە ٨٩٤ ، لاپەڕەی ٤

چوارشەممە ٧ی خەرمانانی ١٣٦٩ بەرانبەربە ٢٩ی ئاگۆستی ١٩٩٠

تێرۆری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی غەیرە قانوونیی دێمۆکرات لە تورکیە.

تاقمی دێمۆکراتی کوردستان دەڵێ: ئەندامێکی ناسراوی ئەوان لە تورکیە تێرۆر کراوە. وتەبێژی ئەو تاقمە لە پاریس گوتوویەتی: عەلی کاشف پوور یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە لە ١٩٩٠/٨/١٤ لە لایەن سێ کەسی چەکداری نەناسراوە وە بۆ جێگایەک براوە و ڕۆژی دواتر تەرمی ئەو دۆزراوەتەوە .

ئەوە لە کاتێکدایە کە کە دەوڵەتی تورکیە کردارە ئاشکراکانی بە دژی کورد پەرە پێداوە و وتەبێژی ناوبراو بە ڕوونی باسی دەست هەبوونی ئێران لەو تێرۆرە دا دەکا و ئێران تاوانبار دەکا!

*************************

بەشی شیهەم:

لە وەرگێردراوەکانی زمانی تورکی

پرگەیەکی نوێ لە جینایەتی سیاسی دا: عەلی کاشف پوور شەهید کرا

دوای شەهید کرانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤیەن و هەتا ئەمڕۆ ، دژایەتیی بزووتنەوەی وڵاتپارێزی کوردستانی ئێران  لە لایەن  دوژمنانی گەلی کورد  بە ئاگاهانە و  بە شێوەی سیستماتیک جینایەتی سیاسی ئەنجام دەدرێن. بە شەهید کرانی عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا ، پرگەیەکی نوێی تێرۆر دەستی پێکرد.

١٥ی ئاگۆستی ڕابردوو لە تورکیە  و لە شاری قونیا شەهید کردنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا عەلی کاشف پوور لە نێو جینایەتە سیاسییەکان دا بە پرگەیەکی هەرە گرینگ دەژمێردرێ کە لەلایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە بە شێوەی سیستماتیک ئەنجام دەدرێن. هەواڵی ئەو جینایەتە کە لە لایەن چاپەمەنییە پێشکەوتوو و دێمۆکراتەکانەوە  نەبینراوە و نە بیستراوە، ئێمە بۆ خوێنەرانی کوردستان پۆست بە

گوێرەی ئەو ئاگاداری و بەڵگانەی کەلە کەسانی نیزیکی عەلی کاشف پوور دەستمان کەوتوون لێکۆڵینەوەمان کردووە.

عەلی کاشف پوور کێ یە؟

عەلی کاشفپوور لە ساڵی ١٩٥٧ لە ئۆرمیە و لە گوندی پیرانجوغ لە بنەماڵەیەکی هەژار دا هاتۆتە دونیا. پاشان لەگەل بنەماڵەکەی لە گوندی هۆوەسن لە دەڤەری سۆما نیشتە جێ بوون. خوێندنی سەرەتایی لەو گوندە و ناوەندی و دوا ناوەندیش لە شاری ئۆرمیە تەواو کردووە. کاتێک عەلی لە دوا ساڵی خوێندنی زانکۆی تاران دەیخوێند، لە ساڵی ١٩٧٩ و ڕاپەرینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی شاە سەرکەوتبوو، عەلیش تێکەڵ بە کاروانی خەباتگێرانی بزووتنەوەی کورد بوو. دوای شەڕی یەکەمی خومەینی دژ بە گەلی کورد ، عەلی لەگەل پەنا گەلەکەی وەستا و لە نێو ڕیزەکانی حدکا دا تێکۆشانی دەست پێکرد و بە ناچار زانکۆی لە دواییین مانگەکانی دا بە جێ هێشت.

لە ناوچەی سۆما - برادۆست عەلی لە کۆمیتەی ناوچەی حدکا دا کاری کرد کاتێ کۆنگرەی چوارەمی حدکا کەلە ١٩٨٠/٢/١٧ لە شاری مەهاباد پێکهاتبوو، وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرابوو. کاتێک دوای کۆنگرە کێشە ناوخۆییەکانی حدکا دەستیان پێکرد و تاقمێک کە پێێ دەگوترا : "تاقمی ٧ کەسی" لە ژێر سەرکردایەتیی غەنی بلووریان و هاوبیرانی بوون، عەلی بە توندی لە ناوچە دا بەربەرەکانیی ئەو تاقمەی کرد و ڕێزەکانی حیزبی بە هێزتر کرد. لە کۆنگرەکانی ٥،٦ و ٧ دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا لە شیمالی کوردستان ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد و دواتر بوو بە بەرپرسی ناوەندی ئاگری و پاشان مەڵبەندی شیمال.

عەلی لە جەریانی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی ٨ لەگەل ئەو بەشە موخالیفە کەوت کە بە ناوی: حدکا.ڕش دەناسرا و تێکۆشانی خۆی درێژە پێدا و لەوێش هەم دیسان لە کۆنفڕانسی موخالیفان کەلە ١٩٨٨ پێکهات وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

عەلی کاشف پوور لە ناوچەی شیمال خاوەن ڕێز و حورمەتێکی زۆر بوو. کاتێک قوتابی ، یان خوێندکار بوو لە گوندەکەی دا کاتی پشووی خۆی بە کار و وەرزێری دەرباس دەکرد.لەگەل خەڵکی گوند بە گشتی  و لەگەل لاوان بەتایبەتی پەیوەندییەکی گەرم و گوڕی هەبوو و بەردەوام لاوانی هان دەدا تا ئیدامە بە خوێندن بدەن.

ئەو پێشەنگێکی سیاسی و نموونە  و هەر وەها وتاربێژ و موبەلیغێکی لێزان و فەرماندەرێکی لێهاتووی پێشمەرگە بوو. لە بەڕێوەبردنی خەباتی چەکداری دا دڵی گەل و پێشمەرگەی خۆش، و دڵی دوژمنانی ناخۆش و خەوی لێ دەزڕاندن. هەر ئەوەش بۆوە هۆی ئەوە کە شەهید بوونەکەی لە ناوچە دا خەم و پەژارەیەکی زۆری بە دوای خۆیدا بێنێ. شین و تازیە جارێ لە ماڵی عەلی عەلی کاشف پوور بەردەوامە. دایکی پیری ئەو"نیشان پیرۆتی" بە دڵی غەمباری لە ئەژنۆکانی دەدا ، فاتمە خێزانی گەنجی عەلی ، بە داخ و پەژارە فرمێسک هەڵدەوەرێنێ و هێشتا هەر لەگەل شۆکی ڕووداوەکەی دەژی. هەرچوار مناڵەکەی کاشف پوور کەلە دوای بەجێ ماون ، لە ڕووداوەکە زۆر حاڵی نین و لە زۆر شت بێ خەبەرن و بەس تەماشای دۆخی بنەماڵە دەکەن.

جینایەت چۆن ڕوویدا؟

هاوژین و هەرچوار مناڵی عەلی کاشف پوور بۆ ماوەیەکی درێژ بوو کە خۆیان بە کۆمیسارىای بەرزی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان ناساند بوو و لە شاری قونیای تورکیە جێگیر کرابوون. عەلی کاشف پووریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. داوای پەنابەرێتیی بنەماڵەی کاشف پوور لە لایەن دەوڵەتی هۆلەندەوە قەبووڵ کرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی عەلی خۆی لەوێ نەبوو کاروباری گواستنەوەیان بۆ هۆلەند ڕاگیرابوون. ئەوەیە کە بەهاری ڕابردوو عەلی بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو کاروبارانە دێتە تورکیە . دوای ماوەیەک دایکی عەلیش دێتەوە سەردانی. بێگومان دەزگا ئەمنیە فەرمییەکان هاتووچووەکان ئاگادارن . لەبەر ئەوەی کاروبارەکان درێژە دەکێشن، عەلیش ناچار دەبێ داوای پەنابەری بکا و دۆسیەکە دەکەوێتە کار و عەلیش چاوەڕوانی وڵامە. زۆربەی

کاتەکانی هەر لە ماڵ دەبێ. زۆر کەم دەردەکەوێتە دەرەوە و پەیوەندییەکانیشی زۆر بە ئیحتیاتەوە دەگرێ.

دوژمنانی گەلەکەمان بە ساڵان و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵیان داوە عەلی لە بەین بەرن ، تا گەیشتن بەو ئامانجەشیان ڕێکاری زۆریان گرتبۆوە بەر ، تا ١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٠ هەموو ئەو ڕێکارانە بەتاڵ ببوون.

شەوی ١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٠ و لە سەعات ١٢ی شەو دا، ٢ کەس بە لیباسی پۆلیس و یەک ەکسیش بە لیباسی سێڤیل ، ٣ کەسیدێنە ماڵی عەلی کاشإ پوور . لەو دەپرسن و دەڵێن ئێمە پۆلیسین . عەلی کاشف پوور خۆی دەناسێنێ . پاشان پۆلیس پێێ دەڵێن بۆ هیندێك کاری پێویست دەبێ لەگەل مان بێیتەوە بنکەی پۆلیس. عەلیش لیباسەکانی دەبەر دەکا و لەگەلیان دەڕواتە دەر. کاتێک پێی دەچێ وناگەڕێتەوە، خێزانی عەلی گومانی لا دروست دەبێ. زەنگ بۆ پۆلیسێک کە بەرپرسە لە دۆسیەی پەنابەران زەنگ دەدا . پۆلیس دەڵێ: مەترسە و نیگەران مەبە ، ئەگەر پۆلیس بردبێتی دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێتەوە. بەیانی زوو تەرمی عەلی کاشف پوور بە دەست و پێ بەستراوی و گولەباران کراو لە سەر ڕێگای ئانکارا- قونیا دەدۆزرێتەوە. هەڵبەت بە گوێرەی بەڵگەکانی پۆلیس جینایەتێکی دیکە لە جینایەتەکانی" فاعل مجهول" زیاد دەبێ.

خاڵێکی گرینگ لەم ڕووداوە دا هەڵبژاردنی جینایەتەکە لە ١٥ی ئاگۆست دایە. لە کوردستانی ئێران ئەو ڕۆژە تایبەتە ، چوونکی ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئەم ساڵ ئەو حیزبە ٤٥مین ساڵی تەمەنی پیرۆز دەکا. گەلۆ بڵێی هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژە هەربە هەڵکەوت بێ بۆ ئەنجام دانی تێرۆرەکە؟

دووهەمین خاڵی گرینگ ئەوەیە کە: ئەو کەسانەی کە هاتوون ەب دوای عەکی دا بە لیباسی پۆلیس هاتوون و بە تورکیەکی کامڵ قسەیان کردووە.

خاڵی سێههەم کە گرینگە: بە جێ هێشتنی  تەرمی عەلی لە نیزیک بنکەی سەرەکیی پۆلیسی هاتووچووی قونیایە. بڵێی ئەوەش هەر بە هەڵکەوت بێ، یان هیندێك شتی دیکە دێنێتەوە بیرمان؟

جەنازەی عەلی لە سەر داوای دادوەری شاری  قونیا ، لە لایەن شارەداریی ئەو شارەوە بە خاک دەسپێردرێ. گۆری عەلی ئێستا بە غەریبی لە قونیایە کە بە سەدان کیلۆمێتر دوور  لە وڵاتی خۆی  لە گۆڕەکەی دا خەوتووە. دۆست و هاوڕێیانی لە خەم و پەژارەیەکی قووڵدان. بەڵام لە چیاکانی کوردستانیش پێشمەرگە قارەمانەکان ئەزموونی زۆریان لە عەلی کاشف پوور و زۆر عەلیی دیکە وەرگرتووە درێژە بە خەبات دەدەن و شەڕی ئازادی دەکەن. ئەوان سوێند بە خوێنی شەهیدان دەخۆن کە تۆڵەیان لە دوژمن بستێنن و دوژمن زەبوونتر بکەن، زەبری گورجک پریان لێ دەوەشێنن  و بە شەو و بە ڕۆژ وڵاتەکەیان دەپارێزن.

لێرە دا شتێک هەیە ، ئەگەرچی ئازاریشمان بدا ئەوەیە کە: دوژمن ە هەرلایەک و بە هەرشێوەیەک لێمان دەدات و شتێکی سەیر و عەجایەب نیە. بەڵام گەلۆ  ئێمە چ دەکەین و خەریکی چین؟ ئێمە هەر بەوەندە قەناعەت بێنین کە: بۆ جەنازەکانمان بگرین و فرمێسک هەڵوەرێنین و خۆمان فرێو بدەینو بڵێین: ئێمە تەسلیمی دوژمن نابین؟  هەر ئەوندە بەسە؟

**س. بەنگین**

**کوردستان پڕێس٢٦ی چریی ١٩٩٠ سوئێد**

**لاپەڕەی ١٠**

**وەڕگێری تورکی: بەدرخان ئەپۆز دەمیر**

****

ڕاگەیاندراوێک لە  ڕۆژنامەی میللیەت

١٥ی ئاگۆست ١٩٩١

**یادەوەری**

هاوڕێی هێژامان عەلی کاشف پوور "ئێرانی" لە ١٩٩٠/٨/١٥ دا لە شاری قونیا تێرۆر کرا. ئێمە وەک بنەماڵە، دۆست و نیزیکانی ئەو هەرجۆرە تێرۆرێک شەرمەزار دەکەین و دەڵێین عەلی لە دڵی ئێمە دا دەژی. ئێمە  داوا لە دام و دەزگا فەرمییەکان دەکەین کە بکەرانی ئەو تێرۆرە بگیرێن و سزا بدرێن.

بنەماڵە و هاوڕێیانی عەلی

(کوردییەکەی: Rojan.H)

****

**ڕاگەیاندراوێک لە ڕۆژنامەی ئۆزگور گووندەم دا(١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٢)**

عەلی کاشف پوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٠ بە دەستی قاتڵە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی ئێران شەهید کرا کە ماوەکەی کورت بوو بە دەستووری کۆمیسیاریای بەرزی پەنابەرانی نەتەوەیەگرتووەکان لە شاری قونیا دەمایەوە. دەوڵەتی کۆماری تورکیە کە ئەو تێرۆرە لە سەر خاکی ئەو وڵاتە ئەنجام دراوە، دەبێ ئەو بکەرانە ئاشکرا بکا.

**خەڵکی کوردستان عەلی لە بیر ناکەن!**

ئاڵای خەباتی عەلی لە دەستانێکی ئەمین دایە بۆ گەیاندنی لووتکەی سەرکەوتن.

ئێمە عەلی بە خۆشەویستی یاد دەکەینەوە!

بنەماڵە و هاوڕێیانی عەلی

(کوردیەکەی: Rojan.H)

************************

خوێنەرانی هێژا

بەشی چوارەم و کۆتایی ژمارەیەک وێنەی شەهیدی هەمیشە لە یاد کاک عەلی کاشف پوور  و هاوڕێیانیەتی کە سەلیقەی دانانی وێنەکانم نیە و بەجێی دێڵم بۆ بنەماڵەی شەهید کاک عەلی ، یان  ئەو کەسانە کە نووسراوەکە دەکەنە پی دی ئێف بۆ بڵاو کردنەوە، یان لە چاپی دەدەن وەک کتێب.


هیوادارم ئەمانەتدارێکی جێی متمانە بووبم لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە دا.

کاووس عەزیزی وەرگێری کرمانجیی سەروو بۆ کرمانجیی خواروو.

**١٣ی تەباغ ٢٠١٩ . دانمارک**

*هەڤالێ شەهید تو بنڤە بێ خەم        ژ ڕیبازا خوە ببە خاتر جەم*

***************************************************



عەلی هاورێیەکی شۆڕشگێر و لە .
نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتیش دا
کەسێکی سۆسیالیست بوو.
تەنانەت مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: عەلی
سۆسیالیستێکی ئۆرتۆدۆکس بوو.
ئەو ڕزگاریی کوردستان و وڵاتێکی
سۆسیالیستی بۆ خۆی کردبووە
ئامانج.
بەڵام وێرای ئەو بیروباوەڕانەشی،
خەبات لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی
لە بیر نەکردبوو و برەوی پێدەدا.
لە ژێر ڕۆناکایی هەمان بیروباوەڕ دا
بوو کە باسکی چەکداری خەڵک
واتە پێشمەرگە لای ئەو لە پلەی
هەر پیرۆز دابوو.

لەبەر ئەوەی کە زۆربەی پێشمەرگەکان لە بنەماڵە هەژارەکانی کۆمەڵگای کوردستان بوون، خۆشەویستیان بۆ عەلی زیاتر بوو. بۆیە بە هاورێ بانگی یەکترمان دەکرد کە پەیڤێکە لە وێژەی (ادبیات) ی سۆسیالیستەکان دا جێی گرتووە و بایەغی پێ دەدرێ، و واتای " هاو بیر وباوەڕ"ی بۆ سۆسیالیستەکان هەیە.

Rojan H

ISBN : 87-983307-7-2